# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنور حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵلا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە دیموکراسی

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (65)

# یەکسانی سیاسی مەرجی سەرەکی هەبوونی دیموکراسی

رۆبێرت ئالن دال

لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد

ئەگەر بمانەوێت لەبارەی دوو گریمانە بێینە ئاخافتن، کە لە ڕەوتێکی گشتی کراوە و ئازاد دا بەسەختی بتوانین ئەوانە ڕەتبکەینەوە، ئەوا یەکسانیی سیاسیی و دیموکراسی دەبنە باشترین نمونە. یەکەم بە داوەرییەکی مۆڕاڵی ئەژمار دەکرێت، کە بەپێی ئەوە هەموو مرۆڤەکان بەهایەکی ناوەکی یەکسانیان هەیە، هیچ کەسێک بەشێوەیەکی ناوەکی باڵاتر نییە لە ئەوانی دی، لێرەوە پێویستە چاکەی تاکەکان بە یەک ئەندازە سەیر بکرێت. 1. مۆڵەتم بدەن ئەم گریمانەیە ناوبنێین «یەکسانیی ناوەکی» 2. هەر کاتێک ئێمە ئەم داوەرییە مۆڕاڵییەمان قبوڵکرد، ئەوا یەکسەر پرسیارەکە بەشێوەیەکی کێشەدارتر خۆی دەنوێنێت کەم کەس، یان گروپ زۆرترین شایستەیی و توانستی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر چاکە، یان بەرژەوەندییە ریالیستییەکانی کەسەکان؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەست بە بارودۆخەکان، ئەوا جۆری بڕیاردان و کەسەکان لە دۆزەکەدا جیاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر سەرنجی باسەکە تەنها پەیوەست بێت بە حکومەتی وڵاتێکەوە، ئەو کات بە تێڕوانینی من جەختترین و پتەوترین گریمانە بەم جۆرە دەبێت: هیچ کەسێکی هەرزەکار بە شێوەیەکی دیار، بە بەراوردکردن لەتەک ئەوانی دی، کە وەها تایبەتمەندییەکی باڵاتری نابێت، کە بتوانێت کۆنترۆڵی دەسەڵات و کاروبارەکانی حکومەتی وڵاتێک ڕاستەوخۆ لەدەستی ئەودا بێت.

ئەگەرچی دەشێت بە شێوەیەکی ئاوەزیی، بە زیادکردنی چەندین

بەند ئەم بڕیارە پارێزەرانە گۆڕانی تێدا بکرێت و چاک بکرێت، بەڵام بەسێ هۆ بەرگریکردن لەم بڕیارە لە بنەڕەتدا جیاوازە، بە شێوەیەکی سەخت شیاوی پەسەندکردن دەبێت: لە پلەی یەکەمدا پێویستە ئاماژە بەو وتە ناودارەی «ئاکتۆن»3 بکەین کە دەسەڵات گەندەڵی دەهێنێت، دەسەڵاتی رەها لە بنەڕەتدا گەندەڵە. ئەم وتەیەی ئاکتۆن چەندین جار وتراوەتەوە و دەربڕی حەقیقەتێکی راستەقینەیە لەبارەی جۆری مرۆڤ. مەبەست و نیازی دەسەڵاتدارانیش لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتیاندا هەر چییەک بێت، دەشێت پابەندێتی ئەوان بە رەچاوکردنی «چاکەی گشتی» هێدی هێدی بەجۆرێک بگۆڕێت، کە لەکۆتاییدا «چاکەی گشتی» لەتەک پرسی پاراستنی سەرمافی و دەسەڵاتی خۆیان بە یەک شت دابنرێت.

دووەم: بوونی گفتوگۆی ئازادو دژ بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، یان هەوڵدان بۆ گەیشتن بە داوەرییە سەلمێنراوە جەوهەرییەکان-شتێکی پێویستە. بەڵگەکانی «جۆن ستیوارت میل» لەم بارەیەوە زۆر بەناوبانگن. سەربارەی ئەمە، ئەگەر هاوڵاتیان چاودێر نەبن بەسەر دەوڵەتدا و نەتوانن لەبارەی سیاسەتی سەرۆکەکانی خۆیان ئازادانە گفتوگۆ و جار ناجار لەتەک سیاسەتەکانیان دژ بن، ئەوا ئەگەری ئەمە زۆر دەبێت، کە وەها حکومەتێک چەندین زیانی کارەساتبار بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بە جۆرێک رژێمە ئۆتۆرینگەراکانی مۆدێرن، بەشێوەیەکی فراوان پابەندبوون بەم رەوشەوە

4. سەرەنجام سەرنج بدەنە کەیسە مێژووییە هەستیارەکان، کە لەو میانەدا بەشێکی زۆری خەڵکی لە مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان، بێ بەشکراون: بەڕاستی ئەمڕۆ کەسێک دەتوانێت باوەڕ بکات، کە کاتێک چینەکانی کرێکار، ژنان، کەمینە رەگەزی و ئیتنیکییەکان لە بەشداریکردنی سیاسی بێ بەشدەکرێن، ئایا جارێکی دیکە ئەو کەسانەی دەبنە خاوەن مافی حکومی، بە ئەندازەیەکی باش سەرنج دەخەنە سەر بەرژەوەندییەکانیان و بەرگریان لێدەکەن؟

هەڵبەت لێرەدا مەبەستم نییە، ببێژم ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی زیادکردنی ئاستی یەکسانیی سیاسی، وەها بەڵگەیەکیان لە هۆشدا هەبووبێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا مەبەستم ئەوەیە داوەرییە مۆڕاڵییەکان، لە رووی پاراستنەوە پارێزگارییەکی باشتر لە یەکسانی سیاسی، وەکو ئایدیا، یان ئامانجێکی ئارەزومەند و ئاوەزمەند، دادەڕێژن.

### یەکسانی سیاسی و دیموکراسی

ئەگەر وەها دەرەنجامگیری بکەین، کە یەکسانی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت (نەک بە زەڕووری بۆ هەموو رێکخراوە مرۆییەکان) شتێکی ئارەزومەند بێت، دیسان هەر دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە چۆن دەشێت بە یەکسانی سیاسی بگەین؟ بێگومان دەشێت تەنها ئەو سیستمە سیاسییە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت بە دیموکراسی بزانین، کە رەوایەتی و دامەزراوە سیاسییەکانی خۆی لەسەر ئایدیای یەکسانی سیاسی دامەزراندبێت، بۆئەوەی بتوانین سیستمێکی سیاسی بە دیموکراسی بزانین، ئەوا دەبێت ببێژین کام دامەزراوە سیاسییەکان زەڕسورەتیان هەیە؟

### ئایدیا لە بەرامبەر راستەقینە

بە تێڕوانینی من ناتوانین وەڵامێکی باوەڕپێکراوی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بەبێ هەبوونی پێگەی دیموکراسی ئایدیای. بەم هۆیەوە ئەریستۆتالیس پێناسەی سێ جۆر ئایدیالی دەستوری5 بۆ پۆلێنکردنی سیستمە راستەقینە سودمەندەکان دەستنیشان کردبوو. هەر چۆنێک بێت، وەسفکردنی دیموکراسییەکی ئایدیالی، مۆدێلێک دەخاتە بەردەستمان لەبەرامبەر سیستمە راستەقینە جۆراوجۆرەکان.

ئەگەر ئێمە پێگەیەکی ئایدیالمان نەبێت بۆ بەراوردکردن لە بەرامبەر شتە راستەقینەکان، لەو شێوەیەدا دووچاری پێشبڕیاری پەتی دەبین، بۆ

نمونە لە لایەکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، فەرەنسا، نەرویج هەموویان بە سیستمی دیموکراسی دەناسرێن، لەم رووەوە دامـەزراوە سیاسییە هاوبەشەکیانیان، بە دامـەزراوە گەلی بنەڕەتی و زەڕووری بۆ دیموکراسی دادەنرێن، لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی ئەم وڵاتانە وەها دامەزراوەیەکیان هەیە، بەم هۆیەوە دەشێت ئەوان بە دیموکراسی دابنرێن.

نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کە وەسفکردنی سیستمێکی «ئایدیالی» یارمەتی گەیشتن بە دوو مەبەستی جیاواز و هاوکات تەواو شیاوی کۆکردن دەدات. یەکەم: یارمەتی تیۆریی ئەزمونی یان زانستی 6 دەدات دووەم بە دەستەبەرکردنی ئامانج، یان مەبەستێکی ئایدیالی، ئەوا یارمەتی داوەرییە مۆڕاڵییەکان دەدات. هەڵبەت هەندێکجار لەوانەیە پشێویش رووبدات. «ئایدیالیبوون»7 لە شێوەی یەکەمدا بە زەڕوورەت گوزارشت لە «ئایدیالیبوون» ناکات لە شێوەی دووەمدا. لە نێو تیۆریی ئەزمونیدا، سیستمی ئایدیالی وەها فونکسیۆنێکی 8 هەیە: وەسفکردنی تایبەتمەندییەکان یان ئۆپەراسیۆنی 9 سیستمەکان لەژێر کۆمەڵێک لە هەلومەرجی «ئایدیالی» پێرفێکندا. گالیلیۆ بە ئەندازەگیرییەکی خێرای بازنەییەک لە کاتی بزوتندا، چەندین دەرەنجامگیری لەبارەی کەوتنی تەنەکان لە بۆشاییدا (واتا لە رەوشی ئایدیالیدا) خستەڕوو. هەڵبەت ئەوە روونە کە ئەو نەیدەتوانی و نە دەشتوانێت پێوەری کەوتنی تەنەکان لە بۆشاییدا ئەندازەگیری بکات. سەرباری ئەمە، یاسای گالیلیۆ لەبارەی کەوتنی تەنەکان، تا ئەمڕۆش بەهای خۆی هەرماوە. لەبارەی فیزیکیش فۆرمۆلەکردنی گریمانەکان لەبارەی جۆری رەفتاری ئۆبژێکتێک، یان هێزێک لەژێر هەلومەرجێکی ئایدیالی نائاساییدا نییە، هەڵبەت لە رەوتی تاقیکردنەوە راستەقینەکاندا ناتوانین بەشێوەیەکی باش بەم هەلومەرجە ئایدیالییە بگەین، بەڵام بەشێوەیەکی شیاو دەتوانین لێی نزیک ببینەوە. بەم هۆیەوە کاتێک ماکس ڤێبەر، سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی

باسی لە «سێ چەشنیی پەتی ئۆتۆریتەی رەوا»10 دەکرد، وەها باسی دەکرد کە «سوودمەندی پۆلێنکردنی سەرەوە تەنها دەشێت لەسەر بنەمای نرخاندنی دەستکەوتەکانی، لەکایەی برەوپێدانی شرۆڤەیەکی سیستماتیکدا، هەڵبسەنگێنرێت، لە کەیسە مێژووییەکاندا هیچ کاتێک ناتوانین ئەم سێ چەشنە ئایدیالییە بە فۆرمە پەتییەکەی ببینین»11. ئایدیالی بە واتای دووەم بەو ئامانجە ئارەزوومەندە دادەنرێت، کە شیمانەییانە لەپراکتیدا بەشێوەیەکی پێرفێکت نەشیاوی دەستەبەرییە، بەڵکو پێویستە ئەوە وەکو ستانداردێک لەبەرچاو بگرین، کە گەرەکمانە پێیبگەین و ئەو بنەمایەش دابنێین بۆ نرخاندنی پێوەری سوودمەندبوونی ئەو شتەی بەدەستهاتووە و ئەو شتەی لە راستیدا هەیە.

خستنەڕووی پێناسەو وەسفکردنی دیموکراسی، دەشێت ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ گەیشتن بە یەکەمین ئامانج، یان لە خزمەتی دووەمین ئامانجدا بێت. خستنەڕووی تێگەیەک لەبارەی دیموکراسی، لەپلەی هاوکاریکردن بە تیۆریی ئەزمونی، هەندێکجار بەهۆی رەخنەگرێک نەک بەرگریکاری دیموکراسی، دادەڕێژرێت. لەوانەیە لە رەوشی ئایدیالیدا بەتێڕوانینی ئەو رەخنەگرە متمانە پێکراو نەبێت، یان بە سانایی پەیوەندی لەتەک ئەزمونە مرۆییەکاندا پەیدا نەکات، لەبەرئەوەی درزێکی قوڵ هەیە، لە نێوان ئامانج و هەر جۆرە توانستێکی گەڕان بەدوای رەزامەندیدا.

### دیموکراسیی ئایدیالی

دەشێت بە چەندین جۆر وێنەی دیموکراسیی ئایدیالی بکێشرێت. لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتە ئیتیمۆلۆژییەکانی واژەی دیموکراسی دەشێت پنتی دەستپێکێکی گرنگی سودمەند بێت. «دێمۆس+کراتیا»12 واتا رێسادانان لە لایەن»خەڵکی»ییەوە. من بە شێوەیەکی بێلایەن13 سوودم وەرگرتووە لە

واژەی «دێمۆس» تا ئەم پرسە هەر بەو هێزەی خۆی بمێنێنەوە، کام لە «خەڵک»14ی خاوەن یەکسانییەکی سیاسیی تەواون. لێرەدا تێگەی «خەڵک» نەک بە واتایەکی تایبەت، بەڵکو بەشێوە گشتییەکەی بەکارم هێناوە، واتا «دێمۆس».

بە تێڕوانینی من، دیموکراسیی ئایدیالی، لانیکەم پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت:

- بەشداریکردنی کـارا 15: دوای دانانی سیاسەتێک بەهۆی ئەنجومەنێکەوە، هەموو ئەندامانی ئەو دێمۆسە پێویستە لە هەلی یەکسان و کارا بۆ تێگەیاندنی ئەوانی دیکەیش لە تێڕوانینەکانی خۆی لەبارەی چۆنێتی سیاسیی، بەهرەمەند بێت.
- یەکسانیی دەنگدان. کاتێک نۆرە دێتە سەر بڕیاردانی کۆتایی، تەواوی ئەندامان لەهەلێکی یەکسان و کارا بۆ دەنگدان بەهرەمەندن و هەموو دەنگەکان بە یەکسان دادەنرێن.
- گەیشتن بە تێگەیشتنێکی رۆشنگەرانە. پێویستە هەلی کاتەکی پێویست بە شێوەیەکی ئاوەزمەند لەبەردەم تاکدا بڕەخسێنرێت، بۆئەوەی لەبارەی جۆرەکانی سیاسەتە هەبووەکان و دەرەنجامە شیمانەییەکانی، زانیاری دەستەبەر بکات.
- چاودێری کردنی کۆتایی بەسەر ئەجێندادا. دێمۆس پێویستە ئەم هەلەیان لەبەردەمدا بێت، بۆئەوەی لەبارەی چۆنێتی و چەندێتی بابەتە داڕێژراوەکانی نێو ئەجێندا بڕیار بدەن. لەم رووەوە سێ تایبەتمەندی لە پێشەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، کە پرۆسێسیی دیموکراتیی هیچ کاتێک بە کۆتایی نەگات. دێمۆس دەتوانن هەرکاتێک بەباشی بزانن، گۆڕان بە سیاسەتەکانی ئەنجومەن (یان رێکخراوێک) بدەن.

**گشتگیر**

تاکەتاکەی ئەندامانی دێمۆس شایستەییەکی پێویستیان هەیە، بۆ ئەو چەشنە بەشداریکردنانەی باسمانکردن: بەشداریکردنی کارا، یەکسانیی دەنگدان، گەیشتن بە تێگەیشتنێکی رۆشنگەرانە و چاودێریکردنی کۆتایی بەسەر ئەجێندادا.

● مافە بنەڕەتییەکان16. هەریەکێک لە تایبەتمەندییە پێویستەکان بۆ دیموکراسییەکی ئایدیال، لە خۆیدا خستنەڕووی یەک مافە و ئەم مافەش خۆی بە یەکێک لە بەشە پێویستەکان دادەنرێت بۆ سیستمێکی دیموکراتیی ئایدیال: مافی بەشداریکردن، مافی یەکسانی لە ژماردنی دەنگەکاندا، مافی گەڕان بەدوای دەستەبەرکردنی زانینی پێویست بۆ تێگەیشتن لە پرسەکان لەبارەی توێژینەوە و مافی سودمەندبوون لە شوێن و پێگەی یەکسان لەنێو هاوڵاتیانی دیکەدا لەبواری چاودێرکردن بەسەر ئەجێنداکاندا. دیموکراسی تەنها پەیوەست نییە بە پرۆسیسی سیاسییەوە، بەڵکو پرۆسیسێکی تێکەڵە، هەروەها بوونی سیستمێک لە مافە بنەڕەتییەکانیش پێویست دەبێت.

**سیستمە دیموکراتییە راستەقینەکان**

فەیلەسوفانی سیاسیی لە ئەریستۆتالیسەوە تا رۆسۆ و دوای ئەویش، بە گشتی جەختیان لەسەر ئەو پنتە کردوەتەوە، کە هیچ سیستمێکی سیاسیی راستەقینە شیمانەی ئەوەی نابێت بگات بەوەی بۆ دەستەبەرکردنی رەوشێکی ئیدیال پێویستە، ئەگەرچی بوونی دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییە راستەقینەکان، بۆ گەیشتن بە ئاستێکی رێژەیی دیموکراسیی پێویستە، بەڵام تا ئاستێک بە دڵنیاییەوە دەتوانین ببێژین ئەم دامـەزراوە سیاسییانە بۆ گەیشتن بە دیموکراسییەکی ئیدیالی، یان پێرفێکت، بەس نابن..17 تا

ئێستا هەبوونی ئەم دامەزراوانەیان وەکو هەنگاوێکی گەورە زانیوە بۆ [دیموکراسیی] ئایدیالی. لە ئەسینا بەم چەشنە بوو و بەم هۆیەوە هاوڵاتیان، رێبەران و فەیلەسوفانی سیاسیی ئەسینایی بە سیستمە سیاسییەکەی خۆیان دەوت دیموکراسی. هەڵبەت مەبەستیان دیموکراسی راستەوخۆ (راستەقینە) بوو، نەک دیموکراسیی ئایدیالی. بەمجۆرە، تۆکڤیل 18یش وەکو زۆرێک لە ئەمەریکاییەکان و ئەوانی دیکەیش، راستەوخۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ناونا دیموکراسی.

ئەگەر یەکەیەک 19 لە روانگەی ناوچە و دانیشتوانەوە بچوک بێت، لەو شێوەیەدا بە سانایی دەتوانین جێگیری دامەزراوە سیاسییەکان20 پەیوەست بە دیموکراسیی ئەنجومەنی21 وەکو مەرجی هاتنەئارای رێکخستنێکی پێویست بۆ دامەزراندنی حکومەتێک بەهۆی خەڵکییەوە، لەبەرچاو بگرین. لەم شێوەیەدا، هاوڵاتیان لە دەستەبەرکردنی باڵاترین فێرکارییە شیاوەکان لەبارەی پرۆپۆزەڵەکان22 (یان پێشنیارە دانراوەکان) ئازاد دەبن. ئەوان دەتوانن لەبارەی ئەم پڕۆپۆزەڵ و تەگبیرانە لەتەک هاوڵاتیانی دیکەدا بە گفتوگۆکردنەوە خەریکبن و دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو زانیاریی و سەرچاوە نوسراوانەی لە لایەن هەندێک خەڵکییەوە بەدەست هاتوون. ئەوان دەتوانن لە شوێنە باشەکانی وەکو «پنیکس هیل»23 لە ئەسینا، «فۆروم»24 لە رۆم، «پاڵاترۆ دوچالە»25 لە ڤینس و تەلاری شار26 لە گوندی نیوئێنگلاند27 کۆببنەوە و ئەنجومەنیان هەبێت و بە رێبەرێتی سەرپەرشتیارێکی بێلایەن، لە درێژەی ماوەیەکی کاتیی ژیرانەدا، چەند پرۆپۆزەلێک پێشنیار بکەن، لەبارەیانەوە دێبات و گفتگۆ بکەن و دەتوانن گۆڕانکاری و چاکسازیان تێدا بکەن. لە کۆتاییدا ئەوان دەنگ لەسەر ئەمە دەدەن، هەموو دەنگەکان بە یەک چەشن دەژمێردرێن و سەرەنجام دەنگی زۆرینە، سەروەر دەبێت.

بەئاسانی دەشێت مەزندەی ئەوە بکەین کە بۆچی لە هەندێک بواردا ئەم تێڕوانینە دەخرێنەڕوو، کە دیموکراسیی ئەنجومەنی زیاتر لە سیستمی (یان دیموکراسی)نوێنەرایەتی 28 دەتوانێت لە ڕەوشی ئایدیالی دیموکراسی نزیکتر بێت، بۆچی لە هەندێک بواردا لایەنگرانی سەرسەختی دیموکراسی ئەنجومەنی، وەکو رۆسۆ لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، بانگەشەی ئەوە دەکەن زاراوەی دیموکراسی نوێنەرایەتی زاراوەیەکی خۆدژبەرە 29. سەرباری ئەمە ئەم تێڕوانینانە نەیانتوانیوە ژمارەیەکی زۆر بەلای خۆیاندا رابکێشن.

**دامەزراوە سیاسییەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتی**

لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا، کۆمەڵێک لە دامـەزراوە سیاسییە پێویستەکان بۆ حکومەتە نوێنەرایەتییە دیموکراتیکەکان لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی (ئینگلیز) زمان، پەرەیان سەند. ئەم کارە بەگشتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە دیاردەیەکی تەواو نوێ دادەنرێت30. ئەگەرچی چەند جیاوازییەکی گرنگ لە پێکهاتە دەستورییەکانی31 ئەم وڵاتانەدا هەن، بەڵام دامەزراوە سیاسییە بنەڕەتییەکانیان چەندین هێڵی سیاسیی هاوشێوەیان هەن. گرنگترینیان بریتین لە:

- ئەو کۆمەڵە پۆستە فەرمیانەی، کە لە بڕیاردان و دیاریکردنی ئەنجومەنە گرنگەکانی حکومەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ هاوبەشی دەکەن، پێویستە لە ڕێی دەنگدانی گشتییەوە هەڵببژێردرێن و وەڵامدەرەوەی خەڵکی گشتی بن.
- مافی بەشداریکردنی ئازادانەی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردن ناچاریانە بێت، ئەم هەڵبژاردنانە پێویستە بە جۆرێکی قۆناغیی هەڵبژێردرێن.
- مافی خۆنوسین بە هاوڵاتیان بدرێت، بۆ دەستەبەرکردنی پۆستە

هەڵبژێردراوەکان و ئەم کارەشیان پێرەوا ببینرێت. هەڵبەت مەرجی تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونیشی بۆ زیاد دەکرێت.

• هاوڵاتیان دەتوانن تێڕوانینەکانی خۆیان لەبارەی مـەودای گەشەسەندنی بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری سیاسی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بخەنەڕوو، بێئەوەی رووبەڕووی مەترسی سزادانی سەخت ببنەوە.

• هەموو هاوڵاتیان راستەوخۆ مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکانیان هەیە لە نێوان هاوڵاتیانی دیکە، رۆژنامەکان و سەرچاوەکانی دیکەدا. سەرباری ئەمە، بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات زانیارییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت، یان هەر گروپ و پارتێکی تایبەتیدا بێت. یاسا پێویستە بەشێوەیەکی پتەو و کاریگەر بەرگری لە سەرچاوەی ئەم زانیارییانە بکات.

• لە وڵاتە کۆماری و دیموکراسییەکانی دێریندا، بوونی پیشەکان و «فاکسیۆنە»32 سیاسییەکان بە مەترسییەک دادەنـرا، کە پێویست بوو خۆی لێ بەدوور بگیرێت. بەپێچەوانەی ئەوەوە، لە تیۆر و پراکتیکدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە هاوڵاتیان بەهۆی دەسنگەیشتن بە مافە هەمە جۆرەکانی خۆیان، لەمافی پێکهێنان و هاوبەشیکردن لە دامەزراوەکان و ئەنجومەنەکان راستەوخۆ بە شێوەی گروپی بەرژەوەندی خوازو پارتە سیاسییەکان، پێویستە بەهرەمەند بن.

دامـەزراوە سیاسییەکانی لەم چەشنە، لە هەلومەرجە سیاسیی و مێژووییە جیاوازەکاندا، لەوڵاتە جیاوازەکاندا گەشەیانکردووە و ئەم وەرچەرخانەش تەنها بەهۆی بوونی ئەو فشارانەی بەڕێی جوڵاندنی دیموکراسییەوە شێوەی نەگرت. سەرباری ئەمە، ئەم پنتە بەر لە هەرشتێک رۆشنە، کە بوونی ئەم دامەزراوانە زەڕوورەتی هەیە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی شیاوی دیموکراسی لە یەکەیەکی سیاسییدا (بۆ نمونە وڵاتێک، کە گەورەترە

لەوەی بتوانێت دیموکراسیی ئەنجومەنی تێدا پیادە بکرێت).

لە کۆبەندییەکدا، ڕێژەی نێوان دامەزراوە راستەقینە (بە ئەندازەیەکی زۆر) دیموکراسییەکان و پێداویستییەکانی دیموکراسییەکی ئایدیالی، دەشێت بەم جۆرە پوختبکرێتەوە.

لە یەکەیەکی گەورەی وڵاتێکدا، هەبوونی ئەم دامەزراوانە شتێکی پێویستە، بۆئەوەی وەڵامی پێوەرەکانی دیموکراسیی ئایدیالی بدرێتەوە

1. نوێنەرانی هەڵبژێردراو بەشداریکردنی کارا، چاودێریکردن بەسەر ئەجێندادا

2.بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد، بێ لایەنانە و قۆناغ بەند یەکسانیی دەنگدان، بەشداریکردنی کارا

3. ئازادی دەربڕین بەشداریکردنی کارا، گەیشتن بە تێگەیشتنی رۆشنگەرانە، چاودێربوون بەسەر ئەجێندا (یان بەرنامە و دەستوری کار)

4.سەرچاوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ زانیارییەکان بەشداریکردنی کارا، گەیشتن بە تێگەیشتنی رۆشنگەرانە، چاودێربوون بەسەر ئەجێندا (یان بەرنامە و دەستوری کار)

5. ئۆتۆنۆمیی ئەنجومەنی33 بەشداریکردنی کارا، گەیشتن بە تێگەیشتنی رۆشنگەرانە، چاودێربوون بەسەر ئەجێندا (یان بەرنامە و دەستوری کار)

6. گەرەنتیکردنی هەموو ئەندامانی دێمۆس بەشداریکردنی کارا، گەیشتن بە تێگەیشتنی رۆشنگەرانە، یەکسانیی دەنگدان، چاودێربوون بەسەر ئەجێندا (یان بەرنامە و دەستوری کار)

1 Intrinsic

2 Intrinsic Equality

3 Acton

4 The Wisdom of Crowds (New York: Doubleday, 2004).

5 Ideal constitutions

6 Empirical or Scientific Theory

7 Idealization

8 Function

9 Operation

10 three pure types of legitimate authority

11 Max Weber, The Theory of Social and Economic Organization, trans. A. M. Henderson and Talcott Parsons (New York: Oxford University

Press, 1947), 328–329.

12 demos + kratia

13 Neutral

14 People

15 Effective participation

16 Fundamental rights

17 Sufficient

18 Tocqueville

19 If a unit

20 Political Institutions

21 Assembly Democracy

22 Proposals

23 Pnyx Hill

24 Forum

25 Palazzo Ducale

26 Town Hall

27 New England Village

28 Representative System

29 self–contradictory

30 See Bernard Manin, The Principles of Representative Government (New York: Cambridge University Press, 1997)

31 Constitutional Structures

32 Factions ئەم وشەیە وەرگێڕانی لە زاراوەی سیاسییدا بۆ کوردی ئۆزێک ئەستەمە، دەشێت بە واتای پێگەی سیاسیی، شوێنی سیاسی، گروپ، پارت، یان ئیمیش وەربگێڕدرێت، ئێمە لێرەدا وشەکە وەکو خۆی دەنوسینەوە و ئەم تێبینییەش بە پێویست دەبینین.

33 Associational Autonomy

# کەلتوری ئازادی و دیموکراسی

د.سەمیر ئیبراهیم حەسەن
لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

بێگومان پەیوەستییەکی بەهێز و پێکداچوو هەیە لە نێوان ئازادی و دیموکراسیدا، پەیوەستییەک لە جۆری(پەیوەندی ئامانج بە ئامرازەوە)، بەڵام ئازادی و دیموکراسی هاوشێوەی یەک نین.

ئازادی پرسێکی مرۆڤایەتیی دێرین و گرفتێکی بنەڕەتیە لە هزری فەلسەفیدا و بگرە گرنگترین و ئاڵۆزترین گرفتەکانیەتی، لە هزری سیاسی نوێشدا خەمی سەرەکی چۆنێتیی بەدیهێنانی ئازادی، یان چۆنێتیی بە کرداری نزیکبوونەوە بووە لێی، واتە گۆڕینی بووە لە چەمکێکی تیۆرییەوە بۆ واقیع لە ژیاندا. تا ئەم ساتەش دیموکراسی باشترین ڕێگە، یان لانیکەم خراپترین ڕێگەی بەدیهێنانی ئازادی بووە.

لە ژیانی رۆشنبیری و سیاسیی رۆژنەشدا بەکارهێنانێکی بەرفراوانی ئازادی و دیموکراسی وەک دوالیزمیەک دەبینین و بووەتە خەمی گەورە لە فیکری سیاسیی عەرەبیدا. لەو نێوەشدا پێکداچوون و ئاوێنەبوونێکی زۆر هاتوەتە ئارا لەنێوان رزگاریخوازی و ئازادی و دیموکراسی، ئازادیی تاک و کۆمەڵگە و ئازادیی گەل و نیشتیمان. ئیتر هەر کەس و گروپێک بوایە، لە توندڕەوترینیانەوە تا دیموکراسی ترینیان، دەیتوانی چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی بێ بەرامبەر بەکار بێنێت و هەر ئەمەش کێشەکانی ئەم دوو چەمکەیان زیاتر کرد. پەیماندانی ئەمەریکاش بە دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی گرفتەکانیانی ئاڵۆزتر کرد و هەردووکیانی زیاتر تێکەڵ بە یەکتر کرد. پێدەچێت هەموو ئەمانەش دەرەنجامی نائامادەیی کەلتوری ئازادی و

دیموکراسی نەبوونی بەشداریی دیموکراسییانە بێت لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، کە ئەمەش بەڕای ئێمە دوبارە دامەزراندنەوەی هزری فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوریی ئازادی و دیموکراسیی لێمان دەوێت.

بێگومان ئازادی و دیموکراسی ئامانج و خواستی باڵای مرۆڤایەتین، بەڵام ئایا دەکرێت بەبێ گەشە سەندنێکی فراوان و سەرکەوتوو و چەسپاو لەوە نزیک ببینەوە؟ رەنگە پرسی زۆر گرنگتر ئەوەبێت چۆن پێکهاتەی ئازادی و دیموکراسی بکرێنە هێزی بەرەو باڵابەر و رەسەنکردنی گەشەسەندن لە لایەک و خودی گەشەسەندنیش ببێنە بنچینەی بەهێزکردنی ئازادی و بەشداری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە لایەکی ترەوە. لەم تێزەوە هەوڵی بەرفراوانی قسەکردن لە بارەی ئازادییەوە دەدەین.

**ا/ ئازادی:**

ئەزمونی مێژوویی هەر پرۆژەیەکی سیاسی، ئاینی، ئایدیۆلۆژی، یان تیۆری دەریدەخات چۆن هەمیشە دژیەکبوون لە نێوان هزر و مێژوودا دێنە ئارا، کۆمەڵناس و کەلتورناسانیش جەخت دەکەنەوە کە گۆڕانەکان لە بونیادە مادییەکاندا لە گۆڕانە فیکری و رۆحی و کەلتورییەکان بەگشتی خێراترن، چونکە بیروباوەڕ بە سروشت خۆپارێزە و سەرچاوەی دژبوونە دیالێکتیکیەکانی نێوان هزر و مێژووش لێرەدایە، بۆیە دەبێ بەردەوام چەمکە تیۆریەکان بە دەلالەتی ئەزمونی مێژوویی و دواین گۆڕانەکانی راست، هەموار بکرێنەوە و تیۆرەکان هاورەوتی واقیعی مێژوویی بکرێن. لەوانەش چاوخشاندنەوە بەچەمکی ئازادی و رێگەکانی نزیکبوونەوە لەبەدیهێنانی.

ئـازادی مافێکی بنچینەییە لەمافەکانی مرۆڤ و دەبێ سیستمە سیاسیەکان، هەر لە ستەمکاری دادپەروەرەوە تا دەگاتە سیستمە کۆماری

و دیموکراسیە هاوچەرخەکان، پەرۆشی چەسپاندنی ئەو مافەبن و ئەوەش گرنگترین بنەمایە لەبنەما دەستوورییەکانی تیۆری سیاسیی هاوچەرخ. ئازادی بنچینەیەکی گرنگیشە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی. ئازادیی تاک»هاوڵاتی« لەم سەردەمەدا یەکێکە لە هاندەرەکانی بەشداریکردنی کارایانەی تاک لە کردەی گەشەسەندن و یەکێکیشە لە گرنگترین ئاماژەکانی تواناداریی بۆ پرۆسەی گەشەسەندن.

ئازادی وەک ماف و پێداویستیەکی مرۆیی و نیشتیمانی پێویستیی بە پاساودان نییە، بەڵام فرەیی چەمکەکانی ئـازادی و پەرەسەندنیان بەهۆی پەرەسەندنی پێداویستیەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی هۆشیاریی و دەرکەوتنی مـەودای نێوان بیرۆکەی ئـازادی و واقیعی کۆمەڵایەتیی مێژوویی بەڵگەنەویست و ئەو رەهەندە نوێیانەی لە کایەی بیرۆکەی ئازادیدا سەرهەڵدەدەن و وردەکارییەکانیشی، ئەمانە پرسی گەوهەرین و جارێکی تر جەختکردنەوە دەخوازن لە مافی ئازادی بە هەموو رەهەندە مرۆییە نوێکانیەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە پرسەکە پەیوەندە بە ناوەڕۆکی ئازادی و فۆرمەکانی و چۆنێتیی بەدیهێنانیانەوە، چونکە ئازادی لە خودی خۆیدا چەمکێکی روون نییە، هەروەک چەمکێکی تەواو کامڵیش نییە، مافێکی بەڵگەنەویستی لێهەڵبقوڵێت، بەڵکو چەمکێکی مێژووییە کە لە میانەی ململانێیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکانەوە ناوەڕۆک و ماناو دەلالەت و ڕەهەندی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بەڵکو دەتوانین بڵێین مێژووی مرۆڤایەتی رەوتی بەدەستهێنانی ئازادییە.

**1/ناوەڕۆکی ئازادی:**

ئازادی لە بۆشاییدا نییە، تەنها بابەتی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، یان میتافیزیکی نییە هێندەی ئەوەی پەیوەندە بە کۆمەڵێک بابەت و ناوەڕۆکی بەڵگەنەویستی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، فیکریەوە کە دەبێ تێڕوانینیان بۆ بکرێت و دەستنیشان بکرێن، بەڵکو ئەم بابەت و ناوەڕۆکانە هاوکات ئەو بارودۆخانەن کە خودی ئازادییان تێدایە، چونکە لەو بارودۆخانەدا ڕێگرو برەودەرەکان بە ئازادی پێکدێن، بۆیە وا دەبینین ئازادی پرۆژەیەکی تەواوکارە کە بەش بەش ناکرێت و کارکردنیش بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان، یان سازکردنی بارودۆخی بەدیهێنانی ئازادی بە هەموو ڕەهەندە جیاواز و تەواوکارەکانیەوە کارێکی لەپێشینەی گرنگە.

لە لایەکی ترەوە، بوونمان وەک مرۆڤ ئاستی جیاوازی کۆمەڵایەتی هەیە: ئاستی تاکە کەسی، یەکەمین کۆمەڵگە، ئاستی دامەزراوەی مەدەنی، ئاستی وڵات و نیشتیمان، نەتەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو ئەم ئاستانەش لە جۆرێک پەیوەندیدان و یەکتریش دیاریدەکەن، بگرە بەبێ یەکتری ناتوانین بیر لەهیچ کام لەو ئاستانە بە تەنیا خۆی بکەینەوە.. (بێ ئەوەی لە ڕووی فەلسەفی و میتافیزیکیەوە و لەو ئاستانەدا بیر لە دەسنگرتن بەسەر ئازادیدا بکرێتەوە)، بە تایبەتی لە ئێستای جیهانگەراییدا بە کۆی ڕەهەند و کاریگەریەکانیەوە. هەریەک لەو ئاستانەش کۆت دەخەنە سەر ئازادی لە ئاستەکەی تردا، بۆیە دەبێ لە تێگەیشتنێکی بابەتیانەی شیاو بۆ کارپێکردن لە ئازادی ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە تەنانەت لە کۆمەڵگەی دارستانیشدا ئازادی بە مانا ڕەهاکەی بوونی نییە، ئایا لەوێ یاسای دارستان پەیڕەو ناکرێت؟ کەواتە دەبێ یاسا، یان گرێبەست «پەیمانێک» هەبێت لە نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەتدا پەیوەندییەکان ڕێکبخات.

بەڵام یاسا چییە؟ گەوهەری مانای هەر یاسایەک بێت، لە سەرەتای بوونی یاساوە تا ئەم سەردەمە، بریتیە لە دیاریکردنی ئەوەی ڕێگەی پێدراوە و ئەوەی قەدەغەیە و بەو پێیەش یاسا دەبێتە دەستنیشانکەری سنوری ئازادیەکی دەستەبەرکراو، بۆیە هەمیشە هەموو ئازادیەکی نێو گروپ، کۆمەڵگە، دەوڵەت، یان هەر قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی، بابەتی دیاریکردن و ڕێکخستنە بە یاسا.

ئازادی بەهەردوو ڕەهەندە تیۆری و فەلسەفیەکەی شتێک لە ئانارشیزم لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەڕەهەندە کردارییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەدا، ئازادی بەجۆرەها فۆرمی جیاوازی بە میکانیزمی جیاواز بەرزەفتکراو ڕێکخراوە، دیاریکراوە، یان سەرکوتکراوە. لە ڕژێمە تۆتالیتاریزمەکاندا میکانیزمەکانی زۆرەملێ ڕەچاو دەکرێت. دیارە ڕژێمی ئاینی، سیۆکراتی، فاشیزم، چینایەتیش هەن. وێڕای سیستمی دیموکراسی کە لەهەموو میکانیزمەکانی تری سەردەم زیاتر قبوڵکراوە و هەموو ڕژێمەکانیش سیستمی دیاریکراوی خۆیان بۆ ئازادی هەیە.

کاکڵەی ناکۆکیی لە نێوان هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ناوەڕۆکی یاسا و لایەنگیریی بووە لە داڕشتن و بەرجەستەکردنیدا. لەمبارەیەشەوە ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیی هەموو چینێک، یان پێشەنگانی هۆشمەندی هەر گرووپێکی ڕێکخراو لە کۆمەڵگەدا بەجیاواز لە یەکتر، بەپێی بەرژەوەندیی گروپ و کۆمەڵەکانیانەوە لە ئازادی دەگەن و بەرژەوەندیەکانیش بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابورییانەوە بەستراوەتەوە. یان با بڵێین، هەر گروپ و کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە کە ڕێگە پێدراو و قەدەغە کراوەکانیان بۆ دیاری دەکات، لەروانگەی مافی ئازادی خۆشیەوە بێت، نابێت ئەو یاسایە پەک بخرێت. هەرچی یاسای گشتییشە کە گروپ

و کۆمەڵەکان وێڕای جیاوازبوونیان لە دیاریکردنی، دەبێ تەبایی لەسەر بنوێنن، چونکە ئازادی بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات و مامەڵەیان لەگەڵیدا دیاری و ڕێکیش دەخات، بێگومان دەستور فۆرمێکە لەفۆرمەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و دەبێ لە سایەیدا هەموو گروپ و کۆمەڵەکان دەرفەتی پرۆژەی خۆیان هەبێت، بۆئەوەی هیچ کامیان ئەوی تریان پەراوێز نەخات.

**ا/ شێوە و دەرکەوتەکانی ئازادی:**

لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا ئازادی فۆرم و دەرکەوتەی زۆری هەیە، لەوانەش ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە، ئازادیی خاوەنداری و مامەڵە پێکردنی، ئازادیی کارو بازرگانی و بازاڕداری، ئازادی کۆبوونەوە، حیزبایەتی، ڕێکخستن، کاری سەندیکای، ئازادیی ژن، بیروباوەڕی ئاینی و دنیایی، ڕێگەدان بە سروتەکانی. دەبێ هەموو ئەو ئازادیانەش بۆ هەمووان دەستەبەر بێت، چونکە کۆمەڵێک مافی تەواکاری یەکترن نابێت جیابکرێنەوە، لە هەموو وڵاتێک و لە هەندێ کۆمەڵگەشدا داوای جۆری تر لە ئازادی دەکرێت، وەک ئازادی کەمینە ئێتنیەکان بۆ بەکارهێنانی زمان و کلتوری تایبەت بە خۆیان، ئازادیی ڕێکخستنی حیزبی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن، چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەو کەمینانە دەرفەتێک دەبێت بۆ کاریگەری خستنە سەر بڕیارەکان و داواکاری بۆ شەفافیەت لە دەسەڵات و ڕەخساندنی هەلی لێپێچینەوە و...هتد.

بەڵام هیچ کام لەو ئازادیانەو لەهیچ کۆمەڵگەیەکدا ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕەها نەبووە و نابێت، بەڵکو دەبێت ڕێکخەرێک لە دامەزراندن و کارپێکردنیدا هەبێت کە مافی تاکەکان دەستەبەر بکات، لە بەرقەرارکردنی ئەو ئازادیە و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان پێی بەجۆرێک بنەمای ئەو

ڕێکخستنە یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت لەچوارچێوەی دەوڵەت و نیشتیماندا تا دابەشنەبوون و بە دوژمن نەبوونی کۆمەڵگە و گروپەکان زامن بکات. لەو چوارچێوەیەشدا ئەم ئازادیانە بەبوونی دەستورێکی دیموکراسی و چەسپاندنی پێوەرەکانی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دانان بەبنەمای فرەیی سیاسی لەسەر بنچینەی هاوچەرخی نا ئاینی، نا ئیتنی بەهێزتر دەبێت.

دیموکراسی باشترین زەمانەتە بۆ بەدیهێنانی ئازادی بە هەموو فۆرم و دەرکەوتە و ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکانییەوە، چونکە میکانیزمە دیموکراسیەکان دەستەبەری ئازادی و هاوسەنگەری هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و هاوکات زامنی زیادەڕۆیی ئازادیی گروپێک بەسەر گروپەکانی تریشدا دەکات.

**ب/ دیموکراسی:**

دیموکراسی میکانیزمێکە بۆ نزیکبوونەوە لە ئازادی لەڕێی ڕێکخستنی ئازادییەوە لە کۆمەڵێک دامەزراوە و کەناڵدا، بۆیە دیموکراسی خودی ئازادی نییە،هێندەی ئەوەی سیستمێکی دیاریکراوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و گۆڕینی لە ئەگەری بەدیهێنانییەوە بۆ بەکردارکردنی. بەوجۆرەش دیموکراسی بەمانایەک لەماناکان ئازادی سنوردار دەکات، کاتێک لە چاکە و باشیە فەلسەفیە بەرفراوانەکانیەوە دەیکات بە بابەتی ڕێکخستن و بەرزەفتکاری.

لە رووی تیۆریشەوە هیچ کەس و گروپێکی سیاسی ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات قسەی تەواو و یەکلاییکەرەوەی هەیە لەبارەی دیموکراسیەوە، گەر وابێت کەواتە پرسەکە دەرهەق بە دیکتاتۆرییش جیاواز نابێت، یان دەرهەق

به چەمکی دژ بە یەکی( دیکتاتۆریزمی دیموکراسی). بۆیە پێمانوانییە یەک مۆدێلی دیموکراسیی ئامادەکراو هەبێت بۆ بەرجەستەکردن لە هەموو کات و شوێن و هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بەڵکو هەر کۆمەڵگەیەک بارودۆخ و کاری لە پێشینەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەم چەمکی تایبەت بەخۆ بوونە چەمکێکی مەترسیدارە، چونکە لە زۆر باردا وەک پاساوێک بۆ ڕەتکردنەوەی وەرچەرخانە دیموکراسیەکان، یان بۆ ڕەتکردنەوەی دیدی دیموکراسیانەی جیاوازی هەندێ لە هێزە سیاسیەکان بەکار هێنراوە.

کەواتە دیموکراسی مومارەسەی سیاسیانەی کرداریە بۆ مافی ئازادای و میکانیزمی بەدیهێنانێتی. ئەو میکانیزمەش کۆمەڵێک ڕێوشوێن و شێوە لەخۆ دەگرێت کە لەمڕۆماندا ناسراون و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەپلەو ئاستی جیاواز ئیشیان لەسەر دەکرێت( پەرلەمانتاری، ئازادیی حیزبی سیاسی، ئازادیی بیرکردنەوە و ڕۆژنامەگەری، هەڵبژاردنی ئازادانە، سندوقی دەنگدان، ژووری نهێنی، دامەزراوەیبوون و دەسەڵاتی یاسا، گرێبەستی ئازادانە)، کەواتە سیستمی دیموکراسی ئەو سیستمە سیاسیەیە کۆمەڵگە بەپێی خواستی ئازادانەی خۆی بەرهەمی دێنێت، بەڵام پەیڕەوکردنی دیموکراسی ئیشی خۆی بەدی ناهێنێت و هەروا بە فۆرمی دەمێنێتەوە، ئەگەر لە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی نێو خێزان و خوێندنگە و دەزگاکانی بەرهەمهێنان و شوێنە ئاینیەکاندا مەرجە بابەتیەکانی دیموکراسی و کلتوری دیموکراسی بوونیان نەبێت، بۆیە ناشتوانین مۆدیلێکی ئامادە و کامڵی دیموکراسی بەرجەستە بکەین، چونکە دیموکراسی دۆخێکە پلە بەپلە بونیاد دەنرێت و بابەتی کاری کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، کەلتوری و پەروەردەکردنی بەردەوامە.

ئێمە دیموکراسی بەو ئەرکەدا دەناسینەوە کە لە کۆمەڵگەدا وەک میکانیزمێک بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی بەپێی خواستی ئازادانەی تاکەکانی، واتە خواستی هۆشمەندانەو ئازادانەی هاوڵاتیان، بەجێی دەگەیەنێت. چەمکی هاوڵاتیی هۆشمەند و ئازادیش، بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە پەرەسەندودا، هەنگاوی یەکەمی رەوتی بەرەو دیموکراسی چوونە. کەواتە دەبێ بزانین هاوڵاتی کێیە؟

هاوڵاتیی ئازاد ئەو کەسەیە لە هەژاری و نەزانی و نەخۆشی و رەتداندن و ترس و دەماریگریی ئینی و تایفی ئازاد بوبێت، بۆیە ئەوانەی لەژێر هێڵی هەژاری و نەزانیدان هاوڵاتیەکی ئازاد نین، ئەگەر بە ئازادییش لەدایک بووبن. ژنی نەزان و رەتێنراو و کۆتکراو بە پاشکۆیەتی بۆ پیاو ژنێکی ئازاد نییە و ناشتوانێت بە ئازادی بڕیار بدات، هەرچەند لە یاسای گشتی و یاسای باری کەسێتییشدا کۆت و بەندی لەسەر نەبێت. ئەوانە بەهۆی نزمی ئاستیی هۆشیارییان بە بەرژەوەندیە راستەقینەکانیان توانای بڕیاردانی ئازادانەیان نییە، هاوڵاتیی ئازادو بەتوانا لە بڕیاردانی ئازادانە کەسێکە هۆشیاری هەیە بە بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆی، یان تێکەڵکردنی بەرژەوەندیەکانی بە بەرژەوەندیی گروپ، یان کۆمەڵێکی بەرفراوانترو بە توانەشە لە بونیادنانی خواست و ویستەکانی خۆی لەسەر ئەو بنچینەیە.

لێرەشدا پرسیاری بنەڕەتی ئەوە دەبێت کە چۆن وا لە تاک بکەین هۆشیاریی هەبێت بە خواست و بڕیارەکانی؟ چونکە ئەزمونی دیموکراسی کە ملکەچی خواستی ئازادانەی هاوڵاتیی ئازاد بێت بەبێ دیاریکردن و ئامادەکردنی مەرجە کۆمەڵایەتی، ئابوری و کلتوریەکانی بڕیاردانی ئازادانە دوور نییە، دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تۆتالیتارو دەمارگیرو رەنگە بازرگانی چەک و تەقەمەنی و مادەی هۆشبەر نەهێنێتە سەر حوکم.

کەواتە هەر گروپێکی سیاسی، هەر کۆمەڵگە و دەوڵەت و وڵاتێک دیموکراسیی بوێت دەبێ بارودۆخی بابەتی وخودی بۆ هۆشیاری بە بەرژەوەندیە راستەقینەکانی تاک و کۆمەڵگەکانی ساز بکات. کەواتە ئەو بارودۆخە کامەیە؟

دەتوانین بە ئاسانی بڵێین: ئەو بارودۆخە یارمەتیدەریان دەبێت لە خۆ رزگارکردن لە هەژاری، نەخۆشی، نەزانی، رەتاندن، دەمارگیری، ترس لە ئایندە. ئەو بارودۆخەیە بەهۆیەوە هەست بە شەرەفمەندیی خۆیان و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە دەرفەت، لە بەردەم یاسایەکی نوسراو لە دەستورێکدا بکەن، کە زەمانەتی ئازادیی تاک و کۆمەڵگەکان بکات لە دەوڵەتدا و لەسەر بنچینەی تواناداری و کار ڕاپەڕاندن و ئینتیما بۆ خاک و نیشتیمان بێت، نەک لەسەر بنچینەی خانەدانی و دەسەڵاتداری و ئینتیما تەقلیدییەکان و هەر ئەوەشە فەزای هاوڵاتیبوون.

بەڵام تاک، هاوڵاتی، مرۆڤ، ناوی هەرچییەک بێت، ناتوانێت بەڕاستی ئازاد بێت تەنانەت، گەر هەموو کۆت و بەندەکانیش لە یاسای گشتیدا لەسەر رەفتار و بیرکردنەوەی هەڵبگیرێت، ئەگەر ئەو مەرجە بابەتیانەی نەبێت کە باسیان لێوەکرا. جەختکردنەوە لە پێداویستی و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، وەک مافی فێربوون، تەندروستی، ئیشکردن، هەسنکردن بە ئارامی و ئاسایش، خاوەندارێتی، یەکسانی لەبەردەم یاسا، ئەمانەن بەرەو دیموکراسیمان دەبەن، یان زەمینەی بۆ دەڕەخسێنن، بەبێ ئەمانەش قسەکردن لەبارەی ماف و ئازادیە سیاسیەکان بە دیموکراسیەکی شکڵی رتووشکراومان دەگەیەنن.

کەواتە مەیدانی کارا بۆ کاری دیموکراسی بەر لە هەموو شتێک ئیشکردنە بۆ ئامادەکردنی ئەو مەرجە بابەتیانەی فاکتەرە خودیەکان دروست

دەکەن، لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگەکان و توانادارکردنیان لە بەئاگابوون لە بەرژەوەندی و خواست و بڕیاری ئازادانەیان لەسەر بنچینەیان نمونەگیری دەکەن. هەر سیستمێکی سیاسیش ئاماژەکانی لەسەر ئەو بنچینەیە پەرەبسێنێت، نزیکترین سیستمە لە دیموکراسی و ئازادی بە هەردوو ئاستی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتیەوە، ئیتر جۆرو شێوەی ئەو کۆمەڵگە سیاسیەی پێشەوایەتیی دەکەن هەرچۆنێک بێت، بەڵام دەستپێشخەری لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و کلتوری دیموکراسی نابێت بارمتە بکرێت بەوەوە کە دیموکراسی بەدیهاتووە، بەڵکو دەبێ دەست بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و کلتوری دیموکراسی بکرێت بێ پاساو هێنانەوە بە خۆ ئامادەکردنەوە، بۆ بەدیهێنانی مەرج و پێداویستیەکانی. لە گرنگترین بنەماکانی هۆشیاری و کلتوری دیموکراسییش:

1- ڕێزگرتن لە رای بەرامبەر.

2- قبوڵکردنی جیاوازی لە راوبۆچووندا.

3- بڕوابوون بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکانی جیاواز لە بیروبۆچوون و قەناعەتە سیاسی و ئاینیەکان.

4- ڕێزگرتن لە پلوڕالیزمی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئیتنی، ئاینی، تایفی و بڕوابوون بە یەکسانی لە مافەکاندا بۆ هەمووان.

5- ملکەچبوونی کەمینە بۆ رای زۆرینە و ڕێزگرتنی زۆرینە بۆ رای کەمینە.

6- جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادگا، جێبەجێکار.

7- سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتی دادگا و پێکهێنانی ئەو دەسەڵاتە لەڕێی هەڵبژاردنەوە.

8- دەستەبەرکردنی کەناڵەکانی بەشداریکردن لەو بڕیارە

یەکلاکەرەوانەی پەیوەندن بە وڵات و کاروباری گشتییەوە.

9- ئازادیی ڕۆژنامەگەری و دەربڕین و بیروباوەڕ و ئاینداری.

10- ئازادیی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ئەنجومەن و سەندیکا و سەربەخۆیی تەواویان لە دەسەڵاتی دەوڵەت.

11- بڕوابوون بە مافی مرۆڤ لە ژیانی شکۆمەندانە و باوەڕداری و بوونی مافی هاوڵاتیبوون و خزمەنگوزاریی گشتی و سامانی مادی و کلتوریی وڵات.

12- شەفافیەتی حکومەت و مافی گەیشتن بە مەعریفە و زانیاریەکان.

13- یەکسانبوونی ژن و پیاو لە مافە مرۆڤایەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتیەکان.

14- کەمکردنەوەی جیاوازیە چینایەتیەکان و بەدیهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ئابووری بۆ هەمووان.

ئەمانە هەموو پێداویستیە فراوانەکانی دیموکراسی نین، بەڵکو گرنگترین بنچینەکانی پەیڕەوکردنی ژیانێکی دروستی دیموکراسیانەیە کە ببێنە هۆی نەهێشتنی سەرکوتکاری و تاک دەسەڵاتی و تۆتالیتاریزم. دەبێ ئەمانەش ببنە پێکهێنەری ڕەگەزەکانی کلتورێکی گشتی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک خواستی بە دیموکراسی بوونیان هەبێت.

باشترین میکانیزمی کارکردنیش بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی تا ئەمڕۆشمان، دامەزراوەیی بوون و بە دەزگاییکردنی بەشداریی سیاسیە.

**1- دامەزراوەیی بوون و دیموکراسی:**

دامەزراوەیی بوون لە گرنگترین مەرجەکانی نزیکبوونەوەی کرداریە لە دیموکراسی چونکە دەبێتە میکانیزمی کاری کۆمەڵایەتیی عەقڵانی و

دادپەروەرانە کە دەبێ هەموو تاکەکان لەبەردەم پێوەرەکانی دەزگا و یاساکانی کارکردندا یەکسان بن.(بڕوانە، بەشێکی ئەم کتێبە: «گەشەسەندن و کلتوری بە دەزگابوون» کە بە ناونیشانی:»چەمکی دامەزراوە»یە).

ئەو بنەمایەی بیرۆکەی بە دامەزراوەبوونی لەسەر دادەمەزرێت، بە وردی پابەندبوونە بە پێوەرەکانی کارکردن و رێکخستنی نوسراو و راگەیەنراو بۆ کارمەندانی دەزگاکە و مامەڵەکاران لەگەڵیدا. بە جۆرێک لە رۆشنایی پەرۆشی بۆ کارکردن بەپێی «رەوایـی یاسایی» کە دەزگا پشتی پێدەبەستێت، ئەدای کاری دەزگاکە ڕاست بکاتەوە، بەوجۆرەش بانگەشەکردن بۆ بە دامەزراوەیی بوون دەبێتە بانگەشە بۆ دیموکراسی، چونکە بە دامەزراوەکردنی پەیوەندییە ئابوری، سیاسیەکان یەکسانی تاکەکان دەگەیەنێت لەبەردەم یاسادا، بە چاوپۆشی لە ئینتیما، ئاست، چین، توێژەکانیان.

بە پێی بیرۆکەی بە دامەزراوەبوون، دەبێ دەوڵەت، یان حکومەت، کارەکانی بە شێوازێکی فەرمی، نەک کەسێتی، جێبەجێ بکات و هیچ کەس و کەسایەتی و هەوڵێکی خودی و چینایەتی دەست لە جێبەجێکردنی کارەکان نەدات، واتە دەبێ هەموو فشارێکی کۆمەڵە، سیاسی تەقلیدی، ئایدیۆلۆژیەکانیش لە کاروباری ئیداری دوور بخرێنەوە، کە دواجـار دەمانگەیەنێتە یەکسانبوونی هاوڵاتیان و ئەمەیش گرنگترین مەرج، یان رەهەندە لە مەرج و رەهەندەکانی دیموکراسیبوون.

## 2- دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی:

لە نێوەندە رۆشنبیری و سیاسیە عەرەبیەکەدا و لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، پرسی کۆمەڵی مەدەنی و پەیوەندیی بە

دەوڵەت و کۆمەڵی سیاسیەوە وروژێنرا، بایەخدانیش بەم پرسە هاوکات بوو لەگەڵ «رووخانی گەورە»ی یەکێتیی سۆڤێت و کۆمەڵگەی ئەوروپای خۆرهەڵات و هاوکاتیش بوو، لەگەڵ مشتومڕ و قسەکردن لە بارەی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی و بایەخ و گرنگیی لەگەڵ نوێبوونەوەی بایەخدان بەپرسەکانی عەلمانیەت، دیموکراسی، ئازادیی تاکە کەسی، لیبراڵیزم، کێشەی رۆشنبیری و رۆشنبیران، جیهانگەرایی ئابوریی بازاڕ و هەموو ئەو گرفتە قوڵانەی لەم چەمکانە کەوتنەوە.

کۆمەڵی مەدەنیش زاراوەیەکە مەبەست لێی کۆمەڵێک دەزگا و کۆمسیۆنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوریی خۆبەخشانەیە کە بەرژەوەندیی هێزو گروپەکانی کۆمەڵگە دەنوێنێت، وەک یەکێتی و کۆمەڵە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان کە دەبێ سەربەخۆیانە لە دەسەڵاتی دەوڵەت کار بکەن و ببنە قورسایی هاوسەنگەری دەسەڵات بە مەبەستی زامنکردنی نەبوونی بە دەسەڵاتێکی ستەمکار.

سەربەخۆیی دەزگاکانی «کۆمەڵی مەدەنی» پەیوەندە بەچەمکی «ئازادیە مەدەنی»ەکانەوە، ئەم ئازادیانەیش: ئازادیی قسەکردن و نوسین و بڵاوکردنەوە و بیرباوەڕ و کۆبوونەوە دەگەیەنن و ئەم ئازادیانەیش پەیوەندن بە چەمکی «مافە مەدەنیەکانەوە»، واتە ئەو مافانەی یاسا بۆ هەموو دانیشتوانی دەوڵەت دەستەبەریان دەکات. لەم بارەیەشەوە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان «مافە مەدەنی» و «مافە سیاسیەکان»، چونکە مافە مەدەنیەکان لە مافە سیاسیەکان فراوانترن و پەیوەستیشن بە دەستنیشانکردنی دەسەڵاتداران و بەشداریکردن لە پرسە سیاسیەکان و حوکمدا. دەوڵەتیش بە سیفەتی ئامرازو دەزگایەک بۆ دەسـەڵات، چوارچێوەی سیاسی و یاسایی «کۆمەڵی مەدەنی» پێکدەهێنێت، بۆیە

سەربەخۆیی دامودەزگاكانی كۆمەڵی مەدەنی ركابەریی دەوڵەت ناگەیەنێت هێندەی بوونی پەیوەندیەكی دینامیكی لە نێوانیاندا دەگەیەنێت، (واتە لە نێوان كۆمەڵی مەدەنی و دەوڵەت دا)، نەگۆڕانی ئەو پەیوەندیە بۆ پەیوەندیەكی پاشكۆیەتی و گرێدانی كۆمەڵی مەدەنی بەكۆمەڵی سیاسیەوە» دەوڵەت»، هاوكات كۆمەڵی مەدەنییش نەچێتە خزمەتی دەوڵەتەوە لە بریی ئەوەی دەوڵەت لە خزمەتی كۆمەڵگەدا بێت.

ئەمجۆرە تێگەیشتنە لە كۆمەڵی مەدەنی وێناكردنێكی سیاسی دەخوازێت كە رێز لە مافە سیاسی و مەدەنیەكانی هاوڵاتیان بگرێت و كەشێكی ئازادانەی فرەیی فراوان بۆ چالاكیەكانیان برەخسێنێت و وەڵامیشی هەبێت بۆ مافیان لە ئازادی و بەشداریی سیستماتیكانە لە بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەدا.

كۆمەڵی مەدەنی چەمكێكی نوێیە و لە سەرەتاكانی نیوەی دووهەمی سەدەی حەڤدەوە سەریهەڵداوە و لە میانەی رەوتی پەرەسەندنی كۆمەڵگەی ئەوروپیی هاوچەرخەوە گۆڕانی بەسەردا هات، بەو پێیەش زادەی وەرچەرخانە لە سیستمی كۆمەڵایەتی سیاسیی دەرەبەگایەتیی تەقلیدیەوە بۆ سیستمی لیبڕاڵیزمی سەرمایەداریی هاوچەرخ و پەیوەندیشی بە ئەزمونی لیبڕالیزمی سیاسیی خۆرئاواییەوە، وەك چەمكیش سەر بە كایەی مەعریفیی سیاسیە.

بۆیە، بەهۆی بانگەشەوە بۆ تایبەتمەندێتی، رەنگە هەندێ پێیانوابێت چەمكی كۆمەڵی مەدەنی چەمك و سیستمێكە لە رەوتی ژیارو كلتوری خۆرئاواوە دامەزرابێت، لەگەڵ تایبەتمەندێتی و كلتوری عەرەبیماندا ناگونجێت، بەو هۆیەشەوە لە جێگەی «كۆمەڵی مەدەنی» چەمكی « كۆمەڵی ئەهلی» دێننە ئارا كە بەلای ئێمەوە ئاڵۆزی و ناڕوونی تێدایە، بە تایبەتی

که ڕەهەندێکی سیاسیی پێبدرێت، چونکە لە ئێستادا زیاتردەبێتە هۆی دابەشبوون و پەرتبوونی کۆمەڵگەی عەرەبی. کۆمەڵی ئەهلی بەرمەبنای پەیوەندی و ئینتیما تەقلیدیە پێش نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانە کە دەکرێت لەسەر بنچینەی دابەشبوون و زیاتر پەرتبوون دوبارە کۆمەڵگەی عەرەبی بونیاد بنێنەوە، بەڵام کۆمەڵی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و بەرمەبنای گرێبەست و پەیمانە، نەک بەرمەبنای لایەنگیری و ئینتیما و پەیوەندیە تەقلیدییەکانی وەک(ئاین، هۆز، خزمایەتی، تایفە...هتد).

لەم چوارچێوەی جیاکردنەوەی کۆمەڵی مەدەنی لە کۆمەڵی ئەهلیەدا، دەتوانین جەخت بکەینەوە لەوەی کە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا وزە و توانای پێشکەوتنخوازانەی نیشتیمانی هەیە لەدژی کۆمەڵی ئەهلییەکە بوەستێت کە لەسەر بنچینەی تایفی دامـەزراوە و شیمانەی دەمارگیری و پەراوێزخستنی نادیموکراسییانەی تێدا پەیڕەو دەکرێت، واتە دەشێت قورساییەکی هاوسەنگکاری ئینتیما پێش نیشتیمانیەکان و خواستی تۆتالیتاریزمی نا لێبوردەی تێدا ببینین کە لەنێو خودی خۆیدا سەرهەڵدەدات، زیاتر لەوەی قورسایی ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەسەڵات بێت، واتە گەشەسەندنی هێزەکانی کۆمەڵی مەدەنیی هاوچەرخ دەتوانن دەوڵەت سیستمی سیاسی بەهێز بکەن، چونکە ئەو هێزە کلتور مەدەنیانەن کەفوکوڵی خواستەکانی دەمارگیری و وەرچەرخانیان بۆ فەندەمێنتال و هێزی توندڕەوی کۆمەڵگە دواخەر کەمدەکەنەوە.

بە پێچەوانەی ئـەوەی ئێستا بـاوە، هاندانی کۆمەڵە مەدەنییە هاوچەرخەکان و سەرپەرشتیکردنیان و ئیشکردنی خەڵکی تیایاندا دەیان کاتە شوێنی پەروەردەکردنی هاوڵاتیان» پەروەردە کردنێکی مەدەنییانە»ی ئەوتۆ یەکەمین ئینتیما و لایەنگیرییان بۆ نیشتیمان بێت. (لە بارەی چەمکی

پەروەردەی مەدەنییەوە دەکرێت بڕوانینە بڕگەیەک بە ناونیشانی «کلتوری هاوڵاتیبوون» لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا).

واقیعیش دەریدەخات کە گۆڕانکاریەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی، لە سایەی کاریگەریەکانی جیهانگەرایی و شۆڕشی زانیاریەکان و پەیوەندی و گەیاندن و چاکسازیە ئابوری و لیبڕاڵیەکان، وایانکرد خەڵکی لە هەر شوێنێک بن تا رادەیەکی زۆر هەوایەکی جیهانیی بەکۆمەڵ هەڵبمژن و ئاستی هۆشیارییان بە زۆرێک لە خواستە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتورییەکان بەرز بێتەوە، داخوازیی بەشداریکردنی سیاسیش گەشەبسێنێت و سەرچاوەی نوێی هێزیش دروستبێت و بووە هۆکاری گۆڕینی سەنتەر و ئاراستەکانی هێزە سیاسی، کۆمەڵایەتیەکان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا. ئەو گۆڕانەی پێکادانە فیکری و سیاسی و دیالۆگەکان لەبارەی کۆمەڵی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و بازاڕ رەنگدانەوەی بوون.... دەبێ لەو هەلومەرجە نوێیانەیشدا جارێکی تر بیر لەرێگە و شێوەکانی ئیدارەدانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بکرێتەوە، بەڵام خواست و داوای سەقامگیریی سیاسی و یەکرزیی نیشتیمانی و ئاسایش و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی هەمیشە خەمی گەورەی سیستمە سیاسیەکان بووە کە ئەوان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام پشتیان بە سەنتەریزمی دەوڵەت بەستبوو. بۆیە لە ئاستی ئەم جۆرە سیستمانەدا هەمیشە چەندین پرسیار لە ئارادا بووە:

چۆن پەیوەندیی نێوان دەوڵەت- سیستمی سیاسی دابڕێژینەوە، بێئەوەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و سەقامگیریی سیاسیی گرنگ و پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان لەدەستبدەین، کە ئیش لە نێوجەرگەی قەوارەی ناوخۆییمان دەکەن؟

چۆن دەتوانین وەڵامدانەوەمان هەبێت بۆ داخوازی و پێویستیەکانی

کۆمەڵی مەدەنیی ئازادو سەربەخۆ لە دەوڵەت، بێئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز بکەین، کە هێزو دەسەڵاتی سەنتەریزمی و تەقلیدیی دەوڵەت زامنکاری سەقامگیری و پێکەوە بوونی نیشتیمانیە؟

چ شتێک پێشگیری دەکات لە نەهاتنە ئارای دەمارگیری و دابەشبوونە جۆراوجۆرەکانی ململانێکاری کە لە کۆمەڵی مەدەنیدا بەدوور نازانرێت و رێگر دەبێت لە سەرهەڵدانی گروپی پێکدادەر و دژ بەیەک؟

ئایا رەخساندنی ئازادییەکان بۆ پێکهێنانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی سەربەخۆ دەرەنجامی خراپی لەسەر شیرازەی کۆمەڵایەتی و یەکێتی خاک و یەکڕیزیی سیاسیی دەوڵەت و کۆمەڵگە نابێت؟

واقیعی حاڵیش پێمان دەڵێت کە هێشتا تەمومژی چڕ بەسەر وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن و هێشتا لە سایەی هەلومەرجە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییە زۆر هەستیارەکاندا، ترسێکی فەرمی هەیە لە ئەگەری هەڵوەشانەوە و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و دەسەڵاتی دەوڵەت کە زامنکاریانە.

بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەش، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە رەنگە ئەم جۆرە پرسیارو گرفتانە وەک پاساوێک بۆ خۆ دزینەوە لە گۆڕانکاریی پێویست و وەڵامدانەوەی خێرای پێویستی و داخوازیەکان بۆ ئازادی و دیموکراسی بەکاربهێنرێن، بگرە رەنگە ئەو پرسیارانە بگەڕێنرێنەوە بۆ پرسیارێکی گەورەتری پەیوەند بە سیستمی سیاسی خۆی و هۆکارەکانی بێتوانایی، یان چارەسەر نەکردنی ئەو کێشە گرنگانە.

بەهەرحاڵ، لە لایەنێکی تری بابەتیەوە، کۆمەڵێکی مەدەنیی رەسەن لە سەرهەڵداندایە، چونکە کرانەوە و چاکسازیە ئابوری «لیبڕاڵی ئابوریە سنوردارەکان» چەندە هەموارکراو بێت و تێگەیشتنێکی لۆکاڵییان بۆ کرابێت

و هاوکات بنەمای فرەیی ئابوری و هاوشێوەکانیشی، هێزی نوێی ئابورییان هێنایە ئارا و گەشەپێدا و لە پێناوی بەرژەوەندیەکانیان داوای پشکی سیاسیی و بەشی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەکەن، لە راستیشدا ئەو هێزە نوێیانە پێکهاتوون و ناکەکانی تەنها بە پارێزگاریی یاسایی بۆ ئەوەی هەیانە قایل نابن و داوای ئەوەش دەکەن لە دەرکردنی بڕیاری کاریگەر بۆ سەر ئەوەی هەیانە رۆڵیان هەبێت.

واتە رەوتی کۆمەڵگەی نوێ پەیوەندیەکی سیاسی تایبەت دێنێتە ئارا لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. دووبارە پەرەدانیش بە میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە وەک دەبینین و دابەشکردنەوەی رۆڵەکان لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵی مەدەنیدا، هەر تەنها داخوازیەکی دیموکراسیانەی نوخبە رۆشنبیری کۆمەڵی مەدەنی نییە، هێندەی ئەوەی پێویستیەکی بابەتیانەیە کە ئەگەر درەنگ وەختیش بێت، خۆی بەسەر دەوڵەتا دەسەپێنێت، چونکە پێویستیەکە وێڕای فاکتەرو ئاسەوارە دەرەکیەکانی، یان هاوکاتیی لەگەڵ هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکەدا، لە ناوخۆوە سەرهەڵدەدات.

لەوانەوە کە باسمان کردن پێمانوایە ئامادەکردنی هەلومەرجی بابەتی بۆ دیموکراسی پرۆسەیەکی هاریکارییانەی تەواوکارە لەگەڵ سازکردنی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، کلتوری، مافەکانی کۆمەڵی مەدەنیی هاوچەرخدا.

### 3- هاوڵاتیبوون و دیموکراسی:

چەمکی هاوڵاتیبوون چەمکێکی بنچینەیی دیموکراسیە، بۆ نەهێشتنی بەهەڵە تێگەیشتنیش، بنەمای هاوڵاتیبوون لابردنی ئینتیماکانی تر ناگەیەنێت، هێندەی دوبارە رێکخستنەوەیان دەگەیەنێت لە هەستی گشتیدا، بە جۆرێک ئینتیما بۆ نیشتیمان و دەوڵەت و یاسای مەدەنی بکەوێتە پێش

هەموو ئینتیماكانی تری وەک خێزان، هۆز، ئاین، تایفە، ئینتەوە. هەروەک مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەگەیەنێت لەسەر ئەو بنەمایە. پەیوەستیی نێوان دیموکراسی و هاوڵاتیبوونیش لێرەوەیە، کە بەهەمان شێوە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیاندا لەسەر ئینتیمایان بۆ دەوڵەت و ملکەچبوونیان بۆ یاسای مەدەنی و تواناداریان وەک هاوڵاتی دەسەپێنێت، نەک لەسەر ئینتیما و ناسنامەی ئاینی و ئیتنییان. هەر ئەوەش ئازادیی دەربڕین لەناسنامە و ژیانی مەدەنی و سیاسی بۆ تاک و کۆمەڵگەکان لە چوارچێوەی ئەرک و مافەکانی هاوڵاتیبوون لە دەستورێکی مەدەنیدا دەستەبەر دەکات.

بۆ لابردنی پارادۆکسی ئەگەر لێکراو لە نێوان ناسنامە و ئینتیما تەقلیدیەکانی نێوان چەمکی هاوڵاتیبوون و ئینتیما بۆ نیشتیمان، دەبێ کلتوری مەدەنیەت لە کۆمەڵگەدا بڵاو بکرێتەوە. دەبێ پرۆژەی سیاسیی دیموکراسی پرۆژەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری مەدەنیەت لە ئەستۆ بگرێت، وێڕای بونیادنانەوەی کەلتور و پەروەردەی نیشتیمانی لەسەر مەعریفەیەکی زانستی لە لایەک، لەسەر یاسای مەدەنی و دەستور و مافەکانی مرۆڤ لە لایەکی ترەوە، بۆ سازکردنی هەلومەرج و رای گشتی بۆ قبوڵکردنی جیاوازی لە ناسنامە و ئینتیما مەدەنیەکان، بە دانانی بە فرەیی و بە مافێکیش لە مافەکانی مرۆڤ نەوەک پارادۆکس بێت.

**سەرچاوە:**

- کتێبی (الثقافة والمجتمع) د. سەمیر ئیبراهیم حەسەن، لە بڵاوکراوەکانی، دار الفکر 2007. رۆبیرت داڵ، لە فارسییەوە: ئازاد عەلی حەسەن

# دیموکراسی چییە؟

نووسینی: ڕۆبەرت داڵ
وەرگێڕانی: ئازاد عەلی حەسەن

ئێمە هەموومان کۆمەڵێک ئامانجمان هەیە کە خۆمان بەتەنیا ناتوانین بەدەستی بهێنین، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەمان ئامانجیان هەیە بە هەندێکیان بگەین.

وێڕای ئەمە گریمان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەش و تایبەتەکان، ئێوەو سەدان کەسی تر ڕێکبکەون و ئەنجومەنێک پێکبهێنن. ئیتر ئامانجەکانی ئەم ئەنجومەنە شێوەیەکی دیاریکراو چییە؟ دەیخەینە لاوە تا بەتەواوی لەسەر پرسی ئەم بەشە چڕبینەوە، واتە بزانین دیموکراسی چییە؟

وای دابنێ لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەتاندا زۆربەی ئەندامان پێشنیار بکەن کە ئەنجومەن پێویستی بە پەیڕەوێک هەیە. ئەم پێشنیازە پەسەند دەکرێت، وا دیارە تۆ لەم بارەیەوە شارەزایت هەیە، یەکێک لە ئەندامان پێشنیار دەکات کە تۆ ڕەشنوسی ئەم پەیڕەوە بنوسی و لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەندا لەگەڵ خۆتدا بیهێنەرەوە، تا ئەندامانی تری ئەنجومەن پیایدا بچنەوە. ئەم پێشنیارە بە گەرمی قبوڵ دەکرێت.

بۆ قبوڵکردنی ئەرکێکی لەو جۆرە تۆ بابەتێک بەم ناونیشانە دەخەیتەڕوو:

«من هەستدەکەم درکم بە ئامانجە هاوبەشەکانمان کردووە، بەڵام دڵنیا نیم کە چۆن دەبێت بڕیارەکانی خۆمان بدەین. بۆ نمونە: ئایا ئێمە پەیڕەوێکمان دەوێت کە دەسەڵات بدات بەتواناترین و بە ئاگاترین ئەندامان کە بتوانن هەموو بڕیارە گرنگەکانی ئێمە دەربکەن؟ ڕیزبەندیەکی لەم

جۆرە نەک تەنیا مایەی دەستەبەری کۆمەڵێک بڕیاری ژیرانەترە، بەڵکو دەبێتە مایەی پێشگرتن لە بەفیڕۆدانی کات و هەوڵی ئێمەش بەهەدەر ناڕوات. ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی دەنگ ئەم جۆرە ڕێگەچارانە ڕەتدەکەنەوە. یەکێک لەو ئەندامانە کە من ناوی دەنێم «وتەبێژی سەرەکی» بەمجۆرە بەڵگە دەهێنێتەوە:

« لە بواری گرنگترین ئەو کێشانەی کە پەیوەندیان بەم ئەنجومەنە هەیە هیچکام لە ئێمە ئەوەندە ژیر نییە، کە تێڕوانینەکانی بۆخۆی ببێتە جێگەی پەسەندی هەمووان. تەنانەت ئەو کاتەش کە هەندێک لە ئەندامان لە بواری تایبەت بەو مەبەستەدا لەوانی تر بەئاگاترو شارەزاتریش بن، هێشتا ئێمە دەتوانین بابەتە پێویستەکانی ئەو بوارە فێرببین. هەڵبەت پێویستە بەر لەوەی بڕیاربدەین، باس و ڕاوێژو دواتر بڕیاردان لەبارەی سیاسەتە ڕێژەییەکانەوە، یەکێکە لە هۆیەکانی دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە، بەڵام هەمووان بەڕادەیەک خاوەن ڕاین لەبارەی بەشداریکردنی ئەو ڕاوێژو بڕیارانەی سەبارەت بەو سیاسەتانەی کە ئەنجومەنەکەمان دەبێت ڕەچاوی بکات. سەرەنجام پەیڕەوەکەی ئێمە دەبێت لەسەر ئەم گریمانەیە دابڕێژرێت. ئەم پەیڕەوە دەبێت مافی هەمووان لە بەشداریکردنمان لە بڕیارەکای ئەنجومەن دەستەبەر بکات، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەتوانرێت بوترێت، چونکە ئێمە بە یەک ئاست خاوەن ڕاین، پێویستە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە فەرمانڕەوایەتی خۆمان بکەین».

بە قسەکانی دوایدا دەردەکەوێت کە تێڕوانینی وتەبێژی سەرەکی لەگەڵ ڕوانگەی زۆرینەی ئەنجومەندا چونیەکە. وێڕای ئەمە تۆ ڕازی دەبیت بەوەی کە پەیڕەونامەیەکی هاودەق بەم بنەمایانە دابڕێژیت، بەڵام هەر کە دەستان بە کارەکە کرد زۆر زوو درک بەوە دەکەیت کە ئەو ئەنجومەن و

ڕێکخراوە جیا جیایانەی کە خۆیان بە (دیموکراتیک) دەزانن پەیڕەونامەیەکی زۆر جیاواز لە یەکتریان هەیە، تەنانەت یاسای بنەڕەتی وڵاتانی دیموکراسیش لە هەندێ بواری گرنگدا جیاوازیان هەیە.

یەکێک لەو نمونانە یاسای بنەڕەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، کە هەم پێشبینیکردووە بۆ سەرۆکی هێزی بەڕێوەبەر لە لیژنەی سەرۆکایەتی کۆمار و هەم پێشبینیکردووە بۆ هێزی یاسا دانەری بەتوانا لە لیژنەی کۆنگرێس (ئەنجومەنی یاسادانان) و هەرکام لەم دوانە سەربەخۆیە لەویتر، لە بەرامبەریشدا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا سیستمی پەرلەمانیان هەڵبژاردووە، کە تیایدا سەرۆکی هێزی بەڕێوەبردن کە سەرۆک وەزیرانە، لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت. دەتوانرێت بە سانایی ئاماژە بە زۆر جیاوازی گرنگی تر بکرێت. وادیارە کە هیچ یاسایەکی بنەڕەتی «دیموکراتیک» تایبەت بە تاک نییە، وردە وردە تۆ دەکەویتە ئەم بیرکردنەوەی کە ئایا ئەم یاسا بنەڕەتیە جیاوازانە، شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە کە پاکانەی بانگەشەکردنی «دیموکراتی»بوونیان بکات یان نا؟ ئایا هەندێکیان لەوانی تر دیموکراتیتر نین؟ لە بنەڕەتەوە مانای دیموکراسی چییە؟ بەڵام بەداخەوە زۆر زوو تێدەگەین کە ئەم دەستەواژەیە بەزۆر شێوازی جیاجیا لێکدەدرێتەوە. وێڕای ئەمە، تۆ ژیرانە بڕیار دەدەیت ئەم لێکدانەوە بێمانایانە لەبەرچاو نەگریت، چونکە ئەرکێکی تایبەتتان گرتوەتە ئەستۆ، ئەویش بریتیە لە تۆمارکردنی ئەو بنەماو ڕێسایانەی کە دەربارەی چۆنیەتی بڕیارەکانی ئەنجومەن جێگیر دەکرێن، واتا نوسینی پەیڕەونامە. ئەو پەیڕەونامەیەی ئێوە دەبێت لەگەڵ بنەمایەکی سەرەتاییدا یەکبگرێتەوە: ئەم بنەمایە دەبێت لەگەڵ گشت ئەندامان «لەژێر ئاڵای پەیڕەونامە»دا وا ڕەفتار بکرێت کە بڵێیت ئەوان هەموویان بۆ بەشداری لەو ڕەوتی بڕیاردانانەی لە بارەی ئەو

ڕێبازەی کە ئەنجومەن دەبێت بیگرێتەبەر وەکو یەک خاوەن ڕان. ئەمە سەرەڕای چاوپۆشیکردن لەمەی کە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لە بوارەکانی تردا چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەنجومەنەدا پێویستە هەموویان لەڕووی سیاسیەوە یەکسان بن.

**پێودانگەکانی دیموکراسی:**

لە دارستانی زۆر چڕوپڕی بۆچوونەکانی پەیوەست بە دیموکراسی، ئایا دەتوانرێت ئەو پێوەرانە دەستنیشان بکرێت کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەنجومەنێک پێویستن، تامەرجی بەشداری یەکسانی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە سەبارەت بە بەشداری لە بڕیارەکانی ئەو ڕێبازە بێنەدی؟ بە باوەڕی من پێنج پێوەر لەم جۆرە هەیە. ئەوانیش:

1- بەشداری ڕاستەقینە: لەبەرئەوەی ئەنجومەن ڕێبازێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت دەبێت دەرفەتی یەکسان و ڕاستەقینەی بەگشت ئەندامان بدرێت کە ڕاشکاوانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن، لەپێناو ئەوەدا لە داهاتوودا چ ڕێبازێک بگرنەبەر.

2- دەنگی یەکسان: کاتێک کە دەبێت بڕیار لەسەر ڕێبازێک بدرێت، هەر ئەندامێک دەبێت دەرفەتی یەکسان و شیاوی پێبدرێت، بۆ دەنگدان و سەرجەم دەنگەکانیش لەگەڵ یەکتر یەکسان بن.

3- بەدەستهێنانی تێگەیشتنی ڕوون: تا ئەو شوێنەی کە کات مۆڵەت دەدات، هەرکاتێک دەبێت دەرفەتی شیاو و یەکسانی هەبێت بۆ ئاشنابوون بە سیاسەتە جێگرەوە و کرداری و پێشهاتە ئەگەرییەکانی ئەم سیاسەتانە.

4- کۆنترۆڵی دەستوری کار: ئەندامان دەبێت دەرفەتی شیاویان هەبێت سەبارەت بەوەی چۆن داخوازی و مەبەستەکان بخەنە دەستورەوە

و دەربارەی چ بابەتێک بدوێن. بەم پێیە ڕەوتی دیموکراتیک کە پەیوەندی هەبێت بەم سێ پێوەرەی کە ناومانبرد، هەرگیز کۆتایی نایەت. ئەندامانی ئەنجومەنێک بەردەوام دەتوانن ئەگەر حەز بکەن ڕێبازەکانی ئەنجومەن بگۆڕن.

5- ئاوێتەکردنی بەساڵاچووان: هەموویان، بەهەرحاڵ، زۆربەی بەساڵاچووان دەبێت مافی تـەواوی هاوڵاتیبوونیان (کە لەچوارچێوەی پێوەرەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا) هەبێت. ئەم پێوەرەی کۆتایی پێش سەدەی بیستەم بۆ زۆربەی بانگەشەکارانی دیموکراسی جێگەی قبوڵ نەبوو. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بزانین بۆچی دەبێت کەسانی تر لە ڕوانگەی سیاسیەوە بە هاوسەنگی خۆمان بزانین.

**ئەم پێوەرانە بۆچی؟**

وەڵامـی کـورت و پوخت ئەمەیە: ئەگەر بڕیاربێت ئەندامانی ئەنجومەن (ژمارەیان هەرچەند بێت) لەڕووی سیاسیەوە یەکسان بن، بەم جۆرە هەریەک لەم پێودانگانە پێویست دەبن. بە شێوەیەکی تر، هەرکات یەکێک لەو هەلومەرجانە ناتەواو بوو، ئەندامانی ئەنجومەن ئیتر لەڕووی سیاسیەوە یەکسان نابن.

بۆ نمونە، ئەگەر دەرفەتی زیاتر لەوانی تر بە هەندێک لە ئەندامان بدرێت لە دەربڕینی بیروڕاکانیان، بەمجۆرە ئەگەری زۆرە کە سیاسەتی ئەوان زاڵ بێت. لە هەلومەرجە تایبەتەکاندا کاتێک کە دەرفەتی زۆر نییە، بۆ گفتوگۆ لەبارەی پێشنیارەکانی پەیوەست بە دەستوری کار، لەوانەیە گروپێکی بچوک لە ئەندامان سیاسەتەکانی ئەنجومەن دابڕێژن. پێوەری بەشدارییەکی شیاو بۆ پێشگرتنە لەم جۆرە ئەنجامانە.

یان گریمان که دەنگی کەسانی جۆراوجۆر یەکسان نەبن، بۆ نمونە گریمان دەنگی هەر ئەندامێک پەیوەست بێت بە بڕی سامانەکەیەوە، ڕێژەی سەروەت و سامانی کەسەکان جیاوازیان زۆر بێت، ئەگەر ئێمە بڕوامان بە یەکسانی شیاوی ئەندامان هەبێت لە بەشداریکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن، ئیتر بۆچی دەبێت دەنگی هەندێکیان بە گرنگتر لەوانی تر بزانین؟

دوو پێودانگەکەی سەرەتا بەڵگە نەویست دێنە بەرچاو، بەڵام دەتوانین بپرسین ئایا پێودانگی «بەدەستهێنانی تێگەیشتنی ڕوون» لەڕاستیدا پێویستە یان باشە؟ ئەگەر دەسەڵاتی ئەندامەکان وەک یەک وابوو، کەواتە ئیتر پێویستمان بەم پێودانگانە نییە، ئەگەر وەکو یەکیش نەبێت.

کەواتە بۆچی دەبێت پەیڕەونامەکەمان لەسەر گریمانەی یەکسانی دابمەزرێت؟

بەڵام بەهەرحاڵ بەهەمان شێوەی کە وتەبێژی سەرەکی وتی، بنچینەی یەکسانی سیاسی لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە، کە سەرجەم ئەندامان بەیەک ڕادە بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردانەکاندا بەشدارن، بەمەرجی ئەوەی کە دەرفەتی باشیان لەبەردەستدا بێت تا بە پرسیار وەڵام، گفتوگۆ، تێڕامان، ئاوتوێی هەموو ئەو مەسەلانە بکەین کە دێنە بەردەم ئەنجومەن. پێودانگی سێیەم بۆ ئەو مەبەستەیە کە بوونی ئەم جۆرە دەرفەتانە بۆ هەموو کەس دابین بکات. جەوهەری ئەوەش لە ساڵی 431 پێش زایین، لەلایەن پیریکلیس ی سەرۆکی (ئەسینا)وە لە وتارێکی بەناوبانگیدا بۆ یادکردنەوەی کوژراوانی ئەو شارە لە شەڕدا بەم جۆرە خرایە بەرباس:"هاوڵاتیانی ئاسایی ئێمە، گەرچی سەرگەرمی کارو پیشەی خۆیانن، بەڵام هێشتا وەکو دادپەروەر بۆ مەسەلە گشتیەکان لەقەڵەم دەدرێن، ئێمە لەباتی ئەوەی لە ڕاوێژو گفتوگۆ وەک بەربەستی سەر ڕێگای کارەکانمان لێی بڕوانین، ئەوە بە سەرەتایەکی

پەیوەستن بەهەر جۆرە کاردانەوەیەکی ئاقڵانە دەزانین».

ئەگەر سێ پێودانگەکەی سەرەتا پێکەوە لەبەرچاوبگرین شیاو دێنە بەرچاو، بەڵام گریمان چوار پێنج دانەیان بەشێوەی نهێنی دژی ئەم بۆچوونەن کە هەموو ئەندامان پێویستە لە بواری بەڕێوەبردنی کاروباری ئەنجومەن لەڕووی سیاسییەوە یەکسان بن. ئەوان بڕوایان وایە کە بەرژەوەندی خاوەن سەرمایەکان، لە بەرژەوەندی کەسانی تر گرنگترە. گەرچی بە بۆچوونی ئەوان باشتر وابوو، کە دەنگی سەرمایەدارە گەورەکان قورساییەکی وای هەبوایە کە ئەوان بیانتوانیایە هەمیشە سەرکەوتووبن، بەڵام کارێکی لەوجۆرە هەرگیز ڕوونادات. لە ئاکامدا دەستدەکەن بە فێڵ و تەڵەکە، ئەمە وێڕای دەنگی ئازادو عادیلانەی زۆرینەی ئەندامان کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنیان.

ئەوان بە خستنەڕووی ڕێگەچارەی زیرەکانە، پێشنیاری پەیڕەونامەیەک دەکەن کە باسی سێ پێودانگەکەی سەرەتا دەهێنێتەدی، بەم بڕواپێبەخشینەش دەگاتە دیدێکی تەواو دیموکراتیک، بەڵام بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو پێودانگانە پێشنیاردەکەن کە دەبێت ئەندامان لە دانیشتنە گشتیەکاندا تەنیا بتوانن گفتوگۆ لەبارەی ئەو بابەتانەوە بکەین، کە پێشتر لەلایەن لیژنەی بەڕێوەبردن ئاڕاستەی دانیشتنەکەکراوە، هەروەها ئەندامێتی لە لیژنەی بەڕێوەبردنیش تەنیا لەژێر دەسەڵاتی گەورەترین خاوەن سەرمایەکاندایە. ئەم گروپە بچووکە پیلانگێڕە، بە کۆنترۆڵکردنی دەستوری کۆبوونەوەکە دەتوانن تا ڕادەیەک دڵنیا بن کە ئەنجومەن هیچ کاتێک بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەوان کارێک ئەنجام نادەن، چونکە هیچ کاتێک ڕێگە نادەن ئەو جۆرە پێشنیازانە هەر لە بنەماوە لە پەیڕەوی کۆبوونەوەکەدا بخرێتەڕوو.

تۆش لە بەرامبەردا پێشنیاری ئـەوان ڕەتدەکەیتەوە، چونکە ئەو پێشنیارە بنەمای ئەو یەکسانیە سیاسیەی کە تۆ لە ئەستۆتگرتووە،

هەڵدەوەشێنێنەوە. لەباتی ئەوە پەیڕەونامەکەتان وا دادەڕێژی کە پێودانگی چوارەمیش، کۆنترۆڵی کۆتایی سەرجەم ئەندامان بەسەر پەیڕەونامەکەدا مسۆگەر دەکات، دەچەسپێنێ.

کەواتە بۆ ئەوەی کە ئەندامان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەنجومەن، پێکەوە لـەڕووی سیاسیەوە یەکسانبن، دەبێت هەرچوار پێودانگەکە بچەسپێت. وادیارە کە ئێمە گشت پێودانگە پێویستەکانمان بۆ زاڵبوونی ڕەوتی دیموکراتیک بەسەر ئەنجومەنێکدا دۆزیوەتەوە.

## چەند پرسیارێکی بنەڕەتی

ئایا ئێمە تا ئێستا وەڵامی پرسی «دیموکراسی چییە؟»مان داوەتەوە؟ ئای خۆزگە وەڵامی ئەم پرسیارە هەروا سادە بوایە! هەرچەندە ئەو وەڵامەی کە ئێستا خرایەڕوو خاڵی دەسپێکی باشە، بەڵام کۆمەڵێک پرسیاری زۆریش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

یەکەم: تەنانەت ئەگەر ئەم پێودانگانە لەبارەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنێکی زۆر بچوکی پڕ لە کەسانی خۆبەخش باش بێت، ئایا دەتوانرێت بوترێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکیش باش و سودمەند بێت؟

## چەند خاڵێک لەبارەی دەستەواژەکانەوە

لەبەرئەوەی کە بەکارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەت زۆربەی کات ئاوێتەیە بە لێبوردەیی و لێڵی، ڕێگە بدەن بەکورتی باسی بکەم. مەبەستی من لە دەوڵەت شێوازێکی زۆر تایبەتە لە ئەنجومەن، بەو تایبەتمەندییەی کە ئەو زەبروزەنگەی کە لەبەردەستیدایە هەموو ئەو خاڵانە والێدەکات کە بە مسۆگەری یاساکان پەیڕەوبکەن. کاتێک خەڵک دەربارەی «حکومەت»

دەدوێن، ئاسایی مەبەستیان بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکە کە لەژێر سایەیدا دەژین. بەدرێژایی مێژوو، بەدەر لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن دەوڵەتەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو خەڵکانەدا سەپاندووە کە لە قەڵەمڕەوییەکی دیاریکراودا (یان لە هەندێک بـواری نادیار یان جێناکۆکی)دا ژیاون. هەر بۆیە ئێمە دەتوانین دەوڵەت بە یەکەیەکی دەسەڵاتدارێتی بزانین. ئەگەرچی لە سەردەمی کۆندا سنوری دەسەڵاتی دەوڵەتێک لە سنوری شارێک تێپەڕینەکردووە، بەڵام لەم سەدانەی دواییدا دەوڵەتان خوازیاری دەسەڵاتدارێتی بوون بەسەر گشت وڵاتەکانیاندا.

هەڵبەتە دەتوانرێت ڕەخنەیەکی زۆر لەو پێناسە کورتەی من بۆ دەستەواژەی دەوڵەت بگیرێت. ئەگەر بمان ویستایە بەقەد ئەو فەیلەسوفە سیاسیانە، یان مافناسانەی بابەتیان لەبارەی دەوڵەتەوە نوسیوە، ئێمەش بماننوسیایە کێشی حەفتا مەن کاغەز دەبوو، بەڵام هەستدەکەم ئەوەی کە وتم بۆئەو مەبەستە بەسە.

لەبەرئەوە دیسانەوە دەگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان ئایا دەتوانرێت پێودانگە جێ مەبەستەکان لەبارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش بەکاربهێنین؟

هەڵبەت دەتوانین! لەڕاستیدا سـەرچـاوەی سەرەتایی ئامانجە دیموکراسیەکانی کۆن خودی دەوڵـەت بـووە. گەرچی جۆرەکانی تری ئەنجومەنەکان، بەتایبەتی هەندێک ڕێکخراوی ئاینی ڕۆڵیان هەبووە لە مێژووی دوایی بۆچوون و کردەوەی دیموکراتیکدا، بەڵام هەر لە سەرەتای دیموکراسیەوە لە یۆنان و ڕۆمای کۆن ئەو بنەما سیاسیانەی کە ئێمە بە تایبەتمەندی و نیشانەی دیموکراسیان دەزانین، وەک ئامرازێک وان بۆ دیموکراتیزەکردنی ئیدارەی دەوڵەت.

ڕەنگە پێویست بە دوبارەکردنەوە نەکات کە دەوڵەتیش وەک ئەنجومەنەکانی تر، هیچ کاتێک بەتەواوەتی لەسەر بنەمای ڕەوەنـدە دیموکراتیکەکان بەڕێوە نەچووەو ڕەنگە لە داهاتووشدا بەڕێوە نەچێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئومێدەوارم نیشانیبدەم کە ئەم پێودانگانە، کۆمەڵێک پێوەری زۆر بەسوود بۆ پێوانەی دەستکەوت و دەسەڵاتی حکومەتی دیموکراتیک دەخەنە بەردەستمان.

پرسی دووەم: ئایا ئەمە شتێکی واقیع بینانەیە کە پێمانوابێت لەوانەیە سەردەمێک ئەنجومەنێک پەیدابێت و ئەم پێودانگانە بەتەواوی بهێنێتەدی؟ دەکرێت ئەم پرسیارە بەشێوازێکی تر بخەینەڕوو: ئایا دەکرێت سەردەمێک ئەنجومەنێکی ڕاستەقینە بەتەواوی دیموکراتیک بێت؟ ئایا لە دنیای واقیعیدا دەکرێت سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنێک بەڕاستی دەرفەتێکی یەکسانیان پێبدرێت، بۆ تێگەیشتنی قوڵی بابەتەکان و بۆ چەسپاندنی دەستوری کارکردن؟ لەوانەیە وانەبێت، بەڵام بەمجۆرەش ئەم پێودانگانە دیسانەوە بەسوودن؟ ئایا بەتەنیا کۆمەڵێک ئومێدی کەسنەزانانەو پڕوپوچن بۆ گەیشتن بە شتێکی مەحاڵ؟ وەڵامەکەی بەشێوەیەکی سادە ئەمەیە کە ئەم پێودانگانە بەهەمان ڕادە بەسوودبێت، کە پێوەرێکی ئامانجی دەتوانێت بەسوودبێت، هەروەها لە زۆربەی ئەو پێوەرانەش بەسودترو بەجێترن، چونکە کۆمەڵێک پێوەر بەدەستەوە دەدەن کە دەتوانرێت بەوانە کارکردنی ئەو ئەنجومەنە ڕاستەقینانە هەڵبسەنگێنی کە بانگەشەی دیموکراسی دەکەن. ئەوان دەتوانن وەکو کۆمەڵێک ڕێنمایی وابن بۆ بەرجەستەکردن و گۆڕینی شێوەی دامەزراوە سیاسی، کارگێڕی، پەیڕەونامەو ساماندەرە کەسیەکان، هەروەها ئایا ئەم پێودانگانە دەتوانن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خولیای دیموکراسی لە مێشکیاندا پەنگدەخواتەوە کۆمەڵێک پرسیاری گونجاو بخاتەڕوو یارمەتیدەری

هەوڵەکانیان بێت بۆ دەستکەوتنی وەڵام؟

بەو پێیەی کە بەڵگەی بوونی باشترین شۆربای برنج خواردنیەتی، ئومێدەوارم لە پاشماوەی ئەم بەشەدا نیشانیبدەم کە ئەم پێودانگانە چۆن دەتوانن ئێمە بەرن بۆ وەڵامی هەندێک مەسەلەی تەوەری تیۆری و کرداری دیموکراتیک.

پرسی سێیەم: ئەگەر قبوڵیشی بکەین کە ئەم پێودانگانە دەبنە کۆمەڵێک ڕێنمایی بەسوود، ئایا بۆ نەخشەکێشانی بنەما سیاسیە دیموکراتیەکانی بەسن؟ ئەگەر بەوجۆرەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەرکی داڕشتنی پەیڕەونامەیەکی دیموکراتیانە و پێشنیاری بنەما ڕاستەقینەکان بۆ بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی ئەنجومەنێک دەخرایە ئەستۆی تۆ، ئایا دەتوانیت ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای ئەو پێودانگانەی ناوم بردن، پەیڕەونامەکە دابڕێژیت؟ شتێکی ئاشکرایە کە نەدەتوانی ئەندازیارێک کە تەنها پێودانگی ئامادەی خاوەن کارەکەی لەبەردەستدا بێت واتە شوێن، ئەندازە، شێوازی گشتی، ژمارەو جۆری ژوورەکان، نرخ، کاتبەندی و زۆرشتی تر تەنیا دوای ڕوانین بەسەر زۆر هۆکاری تایبەتدا دەتوانین دیزاینەکەی دابڕێژێت. بارودۆخی دامەزراوە سیاسەکانیش بەهەمان شێوەیە.

ئەمەی کە ئێمە چۆن دەتوانین بە باشترین شێوە پێوەرە دیموکراسیەکان شیبکەینەوە، لە ئەنجومەنێکی تایبەتدا بەکاریانبهێنین و بنەماو کاراییە دیموکراتیە پێویستەکانیان بنیاتبنێین، هەڵبەتە کارێکی هەروا سادەو ئاسان نییە، بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە ناچارین خۆمان لەناو واقیعە سیاسیەکاندا نقوم بکەین، واتە لەو جێگایەی کە هەڵبژاردنەکانی ئێمە پێویستیان بە داوەری تیۆری و پراکتیکی هەژمارنەکراو دەبێت. یەکێک لە گیروگرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کاتێک هەوڵ دەدەین چەندین پێودانگ بەکاربهێنین لەم بارەیەوە

لانی کەم چوار پێودانگ ڕەنگە هەندێک جار ئەوانە لەگەڵ یەکتردا بکەونە دژایەتیەوە و لەئەنجامدا ئێمە ناچاربین دادوەری لەنێوان بەها دژبەیەکەکاندا بکەین.

دەرئەنجام، دەتوانرێت پرسیارێکی بنەڕەتی تریش بخرێتەڕوو: وادیارە تێڕوانینەکانی وتەبێژی سەرەکی، بێ کێشەوبەرە پەسەندکران، بەڵام ئایا دەبوایە بەم چەشنەبێت؟ بۆچی دەبێت وابیربکەینەوە دیموکراسی شتێکی خوازراوە، بەتایبەت لە بەڕێوەبردنی ئەنجومەنێک بە گرنگی دەوڵەتێک؟ ئەگەر خوازیاربوونی دیموکراسی پێش گریمانەی خوازیاربوونی یەکسانی سیاسیە، بۆچی دەبێت بڕوامان بەشتێک بێت کە لە ڕووکەشدا ناماقوڵە؟ بەهەرحاڵ ئەگەر ئێمە بڕوامان بە یەکسانی سیاسی نەبێت، چۆن دەتوانین داکۆکیکاری دیموکراسی بین؟ بەڵام ئەگەر ئێمە بێ ئەملاوئەولا بڕوامان بە یەکسانی سیاسی هەبێت لەنێوان هاوڵاتیانی دەوڵەتێکدا، ئایا ئەم کارە ئێمە ناچار ناکات بە هەڵبژاردنی پێودانگی پێنجەم، واتە مافی هاوڵاتیبوون بۆ هەمووان؟

**سەرچاوە:**

-کتێبی (درباره دموکراسی) - نوسینده: رابرت دال، مترجم: حسن فشارکی - چاپ اول - 1389 ل 45 - 55

# قەیرانی دیموکراسی کوردی و سەرهەڵدانی فاشیزم

ئەکرەمی مهیرداد

**پێشەکی :**

بیرمەند و فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمان و جیهان ((کارل مارکس)) لە کتێبی((هەژدەی برۆمێرو، لویس پۆناپارت)) بەم شێوەیە باس لە دروستکردنی مێژوو دەکات لە لایەن مرۆڤەوە: ((مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دروستدەکەن، بەڵام نەک بە دڵخوازی خۆیان و نە لەو سەردەم و ڕەوشانەدا کە خۆیان هەڵیان بژاردووە، بەڵکو لەو ڕەوش و سەردەمانە کە لە ڕابوردوو بە میرات بۆیان جێماوەو هەمیشە لەگەڵیان ڕووبەڕوون. دروشم و نەریتەکانی تەواوی نەوە مردوەکان وەکو کێوەکان فشار دەخەنە سەر مێشکیان. ئالێرەدا بەڕاستی کاتێک کە هەندێ کەس گوایە خەریکی نوێسازی خۆیان و ژینگەی دەوروبەریان دەبن، یان دەیانەوێت شتێکی ناوازە دابهێنن، بە تایبەتی لەسەردەمی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا داوای یارمەتی لە ڕۆحی سەردەمەکانی ڕابوردوو دەکەن، ناوەکانیان و دروشمەکانی جەنگ و پۆشاکە کۆنەکان لەوان وەردەگرن، بۆئەوەی بەوبەرگ و ئارایشتە پیرۆزانەی دێرین بێنە ناو مەیدانی ئێستا و لە مێژووی جیهانی نوێدا یاری بکەن))(1)

لە دوای ساڵی 1991 کە بێگومان ساڵی وەرچەرخانە لە مێژوی باشوری کوردستان بەرەو هێنانەدی دەسەڵاتی کوردی و سەرەتای ئەزمونی دیموکراسی، بەڵام تەواوی هێزەکان، پارتەکان، تەنانەت خەڵکیش گیرۆدەی ڕابوردوون و مانا و باس و مێژووی ڕابوردوو هەمیشە فشاری لەسەر دڵ و سەرەکان داناوە و هەموان بە چەک و بەرگی ڕابوردووی مردوو هاتونەتە

ئێستا و دەیانەوێت بەو هۆکارانەوە مێژووی ئاینده دروستبکەن. ئەگەر چی خودی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی سیاسی و حکومەتی و خێڵەکی و خوێندەواری و خۆیان مێژووی خۆیان لەم 20 ساڵەدا دروست کردووە، بەڵام هەمیشە ڕابوردوویان دوبارە کردوەتەوە، جەنگی ڕابوردووی ساڵانی 1964 و دواتر کرایە جەنگی ناوخۆی 1994، داگیرکەرانی ئیسلامی ئەمجارە بە بەرگ و مێزەری کوردیەوە هاتنە شەڕمان، دوبارە و چەند بارە چەپەکان و کۆمۆنیستەکان ڕاو دەنران و بە ئاشکرا لەسەر شەقامی بەردەمی ماڵی بەرپرس دەکوژران، ناکۆکی نێوان پارتەکان و باڵەکانی ناو حیزبەکان بەرەو جیابوونەوەی زیاتر و بەهێزتر هەنگاویان دەنا و سەرەنجام تەواوی شەڕو جەنگەکانی دەسەڵات، تیرۆر، نەبوونی ماف و ئازادی لە نەوە کۆنەکانەوە وەکو دیاری دیموکراسی کوردی کرانە نیگەرانی، یان لە ڕاستیدا دێوە زمەی ئەم سەردەمە.

ئەزمونی دیموکراسی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و هەڵبژاردنی مانگی مایسی 1992 دەستپێدەکات. لەو مێژووە هەتا ئێستا دیموکراسی لە کوردستان لە نیگەرانیدا بەسەر دەبات و هەندێک جار ئاشوب و شەڕ و لادان لە دیموکراسیش دەبێتە بەشێک لەو سەردەم و مێژووە مەبەست لە نیگەرانی، نیگەرانی و بێ باوەڕییە بەرامبەر بە دیموکراسی لە کوردستان، یان ئەوەی کە چۆن ئەم دیموکراسیە دیفاکتۆیە بکەینە دیموکراسی ڕاستەقینە و خاوەن ماف و ئازادی و دادپـەروەری و سیستمی یاسایی و دەستوری، یان نیگەرانییە لە جۆری نیشتیمانی و نەتەوەیی کەچۆن و کەی ناوچە دابڕاوەکان بە ئەزمونی لاوی هەرێم شاد بکەینەوە. مەبەستم لە ڕەوشەکانی ئاشوبیش ئەو هەلومەرجانەیە کە ئەم هەرێمە توشبوو بەشەڕی هەندێک لە ئیسلامی سیاسی و جیهادی و تەکفیری

له ساڵانی 1993، 1997، 2003، یان جەنگی ناوخۆ وخۆکوژی نێوان پارتی و یەکێتی 1994 - 1997، پاشان دواین سەردەمی ئاشوب، ڕوداوەکانی 17 ی شوباث و دوو مانگی دواتر بوو کە تیایدا خۆپیشاندان بەرەو تراجیدیا برا و شێوەیەک لە شێوەکانی گاڵتە جاری ((مەهزەلە)) بۆ شۆڕش و یاخی بوون کرانە ڕەوشی سیاسی سەرەکی لە سلێمانی و ناوچەکانی سەر بەو پارێزگایە لەم باسانەدا زیاتر باس و لێکۆڵینەوە دەکەم لە سەردەمی ئاشوبی دوای 17 ی شوباث. مەبەستم لە وشەی ئاشوبیش لەم مانا و زاراوانەدا پەیدا دەبێث، وشەی ئاشوب لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی بەم مانایانە بەکاردێ : ((ئاژاوە، پشێوی، شلۆقی، ئاڵۆزی، کێشەو هەرا، گۆبەند، سەردەمی بێ یاسایی و کەس بەکەس، هەڵشێوان))(2).

منیش ئەم وشەیە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی 17 ی شوباث و دوو مانگ دواتر بە کاردەهێنم و هەر کاتێک وشەی ئاشوبم بەکارهێنا، بێگومان هەموو ئەو مەبەسث و مانایانە لە خۆ دەگرێ و ڕاستی و دڵنیایش لەوە دایە کە 17 ی شوباث و دواتر هەموو ئەو دیاردە و مانایانەمان لەو ڕووداوانەدا بینی.

یەکەم، نیگەرانی و قەیرانی دیموکراسی کوردی

**ا- دیموکراسیی دیفاکتۆ :**

له مێژووی کوردا هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و دەسەڵاتەکان دیاردەی دیفاکتۆ بوون. هەندێک لە شۆڕشەکان لە دوای جەنگی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا سەریانهەڵدا هەموو ڕابەرە سیاسیەکانی کوردستان ڕابەرانی نەریتی و کاریزمایی بوون، یان لەلایەن ئەوانەوە وەکو هاوکار کرانە سەرکردە، تا ئێستا سێ جار کورد دەسەڵاتی

سیاسی هەبووە کە دوانیان کورت خایەن بوون و سێیەمیش ئەوەیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانی باشوردایە. دەسەڵاتی حکومەتی کوردستانی جنوبی، دەسەڵاتێکی پاشایانە بوو، چونکە مەلیک مەحمودی حەفید وەکو نەریت و دیفاکتۆی سیاسی بووە مەلیکی کوردستان، لە ئەنجامی دوو دیفاکتۆوە و یەکەمیان وەکو جێنیشینی شێخانی تەریقەتی قادری، دووەمیان وەکو چاولێکردن لە دەسەڵاتی پاشایەتی(ئێران، حیجاز، ئۆردن، عێراق).

حکومەتی کوردستان لە مەهابادیش هەر حکومەتی دیفاکتۆ بوو، چونکە دەسەڵاتەکەی درایە دەست کەسێکی نەریتی و دەسەڵاتداری ڕابوردوو (کە قازی موحەمەد) بوو، هەروەها بەو جۆرەش دیفاکتۆ بوو کە سیاسەتی پەیڕەوی یەکێتی سۆڤێت هەبوو، چونکە یەکێتی سۆڤێت بوو کە بەشێکی زۆری باکوری ئێرانی بە دەستەوە بوو. بێگومان دەسەڵاتێک لە سایەی ئەم هێزە جیهانیەدا پەیڕەوی لە هەمان سیاسەت دەکات و دەچێتە ئەو فەلەکەوە. ڕووخان و نەمانی ئەو دەسەڵاتەش ڕووخانێکی دیفاکتۆ بوو لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت و بووە قوربانی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی سۆڤێت و حکومەتی شاهانەی ئێران.

هێرشی هاوپەیمانان بۆ عێراق لەساڵی 1991 و وەدەرنانی هێزەکانی بەعس و سەدام لە کوەیت، هەلو مەرجی دیفاکتۆی بۆ لاوازبوونی ئەو ڕژێمە سازکرد، ئەگەرچی ڕاپەڕینی کوردان لە بەهاری 1991 داستان و سەروەری شۆڕشگێڕانەی بێ هاوتابوو لە مێژووی کورد دا، بەڵام خودی هەلومەرجەکە و شکست و لاوازی بەعس و سەدام زەمینەی ئەو وەرچەرخانە مەزنەی بۆ کورد دروستکرد. حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە بە هەڵبژاردنی گشتی هاتە سەر دەسەڵات و پەیڕەوی

دیموکراتی و پەرلەمانیشی هەڵبژارد. ئەم دەسەڵاتەش بێگومان لە دیموکراسی بوونیدا دیفاکتۆ بوو، چونکە بەشێک بوو لە هێزی هاوپەیمانان و وڵاتانی دیموکراتی رۆژئاوا بە رابەرایەتی ئەمەریکا.

دیفاکتۆبوونی ڕاپەڕینی 1991 و دروست بوونی حکومەتی هەرێم لە 1992 بێگومان جێگەی ڕەخنە نین و دەبێت وەکو هەلێکی مێژوویی و جیهانی بۆ وەرچەرخان لەم ناوچەیەدا چاوی لێبکرێت. هەروەک چۆن پەنابردن بۆ کەناری هەڵبژاردن لە زەریای نادیموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە کارو هەڵبژاردنێکی مێژوویی شایستە بوو، بەڵام ڕزگار نەکردنی ئەزمونی دیموکراسی لاویی کوردی لە ڕەوشی دیفاکتۆ بوون، مایەی نیگەرانی و ڕەخنەیە و ئەگەری بەرپابوونی قەیران هەمیشە لە کەمینەدایە بۆ ئەم دیموکراسیە لاوە. بەکارهێنانی زاراوەی ((دیموکراسی لاو)) مەبەست لەوەیە کە تەمەنی دیموکراسی کوردی هەروەک چۆن 20 ساڵە، دروست بەو مانایەش دێت کە عەقڵ و بیرکردنەوەشی وەکو لاوێکی 20 ساڵەیە، (بە تایبەتی لە فەرهەنگ و لۆجیکی ڕۆژهەڵاتی دا). هەموو شتێک بە ئەزمون فێردەبێت، یان وەکو نەریت و کاریگەری ڕابوردوو بە میرات بۆی بەجێدەمێنێ، هەر بەو شێوەیە تەواوی بیرکردنەوەی حوکمڕانی((نەک سیستمی حوکمڕانی)) و ژیانی سیاسی لە کوردستان بە تاقیکردنەوەی ئەزمونەکان و کاریگەری بەجێماوی نەریت و ڕابوردوو بەڕێوە دەچێت.

تێڕوانین و مەبەستی گرنگ و ڕەخنەگرانە لەم شێوە دەسەڵاتداریە دیفاکتۆیانە لەوەدایە کە ئەم دەسەڵاتانە یان بیرکردنەوە سیاسیانە (لە دەرەوە و ناوەوەی حکومەت) لەسەر ئەم پایانە بیردەکەنەوە و بڕیاڕ دەدەن، کاریگەری بەجێماوی نەریت و ڕابوردوو، هێزی واقعی و دیفاکتۆ،

بەرژەوەندی و هەژمونی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە قازانجی هێزەکان وسەرئەنجام فریودان لەبەرامبەر ئەم ڕەوشانەدا، دەبێت چاومان بشۆین و جۆرێکی دیکە بیربکەینەوە و بڕیار بدەین لەسەر بناغەی دامەزراندنی سیستمی حوکمڕانی (دەستوری، یاسایی، عەقڵانی)، سیستمی ماف، ئازادی، دادپەروەری، گرتنەبەری ڕەوش، ژیانی زانستی، تیۆریکی پێش وەخت، نەک کەوتنە ناو چاڵەکانی ئەزمونەوە. جیاوازی سەرەکی و بنەڕەتی نێوان دیموکراسی دیفاکتۆ و دیموکراسی عەقڵانی و سیستماتیک لەمەودوا یەکێک دەبێت لە پرسە هەرە گرنگەکانی ئەزمونی ژیانی سیاسی و دیموکراسی لە کوردستان، یان هیوادارم وابێت.

ب- کۆماری ڤایمار (1918 - 1933) ی ئەڵمانیا و بەراوردی لەگەڵ هەرێمی کوردستان:

لە ئەنجامی دارمانی سیاسی و سەربازی ئیمپڕاتۆریای ئەڵمانیا لە ساڵی 1918، دەسەڵاتێکی کۆماری و دیموکراتیکی دیفاکتۆ لە ئەڵمانیا پێکهات و لەسەر کەلاوەکانی ئیمپراتۆریای ڕووخاو کۆمارێکی لاو دروستبوو، کە بۆ سەردەمێک پایتەختەکەی لە شاری ڤایمار بوو، هەر بۆیەش لە مێژوودا بەو ناوە ناسراوە.

((لەبەرئەوەی کە دیموکراسی ڤایمار بەشێک نەبوو لە خەبات و ئەنجامی خەڵک و هێزەکانی دیموکراسی، یان لە پێناوی ماف و ئازادی، بەڵکو ئەم کۆمارە لە زەمینەی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکەدا هاتە ئەڵمانیاوە، هەر بۆیە کۆماری تازەدامەزراو خاوەن ڕابەرایەتی دیموکراتیک نەبوو کە شایەنی پێشوازی و ڕێزی گشتی بێت، ئەم دەسەڵاتە زیاتر تایبەتمەندی ڕوخساری و دیفاکتۆیی هەبوو، نەک کاریگەری و کارایی پێویستی دیموکراتی (3).

لە مانگی شوباتی 1919 (ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی گشتی) لە شاری ڤایمار لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا پێکهات. لە 31ی تەموزی هەمان ساڵدا یاسای بنەڕەتی (دەستور) نوێ ڕاگەیەنرا، کە تیایدا بەرنامەی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ حەوت ساڵ، سیستمی پەرلەمانی خاوەن دوو ئەنجومەن کە یەکێکیان بۆ نوێنەرایەتی ناوچەو هەرێمەکان، دووەمیان ئەنجومەنی گشتی فیدراڵ بوو. ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان) تا بەهاری 1920 لە ڤایمار جێگیر بوو، پاشان چووە بەرلین، یەکەمین سەرۆک کۆمار (فریدریک ئێبەرت) لە شوباتی 1919 تا مردنی لە شوباتی 1925 لەو پۆستەدا بوو. ئێبەرت سۆسیالیستێکی میانڕەو بوو کە لە بیری ڕێکخستنی کۆماری دابوو بە پێوەرە دیموکراتیەکانی یاسای بنەڕەتی. سەرۆک کۆماری دوایی ئەو (فیلد مارشال فۆن هیندنبۆرگ) بوو کە ناسیۆنالیستێکی توندڕەو، لە ناخدا لایەنگری دەسەڵاتی شاهانە بوو.

کۆماری ڤایمار هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ قەیران و کێشە سەختەکانی ئابوری ڕووبەڕوو بوو، هەروەک هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 هەتا 2003. ئەم قەیران و کێشە ئابوریانەش لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابوری هاوپەیمانان بوو لە ساڵانی جەنگ و دوای جەنگ، هەروەها بەشێک بوون لە نەبوونی توانای دارایی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات لە دوای جەنگ (هەمان ڕەوشی هەرێم)، سەرەنجام قەیرانی ئابوریی جیهان لە ساڵی 1929 گورزی کاریگەری وەشاندە ئابوری ڤایمار. ئەنجامەکانی ئەم قەیران و شکستانە باڵاکردنی گرانی و بڵاوبونەوەی بێکاری (لە ساڵی 1931 ژمارەی بێکاران گەیشتە 5 ملیۆن) کە ژێرخانی تەواوی کۆمەڵگای هەژاند لەم سەردەم و ڕەوشەدا لە هەڵبژاردنی ساڵی 1930 بەشێوەی چاوەڕوان نەکراو حیزبی نازی (ناسیۆنال سۆسیالیست) بە ڕابەریی هێتلەر 109 کورسی بەدەست هێنا.

ئەم ڕەوەندە سیاسیە تا 2 ساڵی دیکە بەردەوام بوو، بەڵام لەساڵی 1932 نازیەکان، بوونە گەورەترین حیزب و 230 کورسیان بەدەست هێنا، دواتر ساڵی 1933 هێتلەر و حزبی نازی تەواوی پایەکانی دیموکراتیکی ڤایمار و یاسای بنەڕەتی و ژیانی سیاسی و حزبایەتی دیموکراتیان هەڵوەشاندەوە و خۆیان کرد بە حیزبی تاکانە و سەرکردە و ڕەها، بێگومان خوێنەران مێژووی هێتلەر و نازیزم و جەنگی جیهانی دووەم و دوژمنایەتی کردن و لەناوبردنی یەهودیەکانیان لە هۆلۆکۆستث بە دەستی نازیەکان بیستوە، یان خوێندویانە.

ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە گرنگە و شایەنی باس و تێڕامانە ئەزمونی دیموکراسی دیفاکتۆو شکستی کۆماری ڤایمارە، ئەگەرچی لە لایەن هێزێکی فاشیستی و دژی دیموکراسی لەناوبرا، بەڵام خودی زەمینەکانی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە دڕندەیە لەناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیا و حوکمڕانی ڤایمار دابوو، کە بێگومان جێگای سەنج و لێکۆڵینەوە دەبێ !

بەراوردی نێوان کۆماری ڤایمار و هەرێمی کوردستان، دەتوانێت دوو پرسی گرنگ بخاتەڕوو، کە کاریگەرییان هەبووە و دەبێ لەسەر ئایندەی ئەزمونی دیموکراسی لە کوردستان: یەکەم: هەلومەرجی دیفاکتۆی دیموکراسی لە هەریەک لە ڤایمار و هەرێم و باڵادەستی دوو هێز لە هەردوو بواری حوکمڕانی و ژیانی سیاسی گشتی دا. دووەم: ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە ئەزمونی ((دیموکراسی بەبێ هێزەکانی دیموکراث)) بەرەو کام ئاکام و ئاڕاستە دەچێت و هێزە کۆنە پەرستەکان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە چۆن زەفەریان بە ڤایمار برد و چۆن کەمینیان بۆ دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دانـاوە. باشترین کار ئەوەیە کە بەخاڵ تایبەتمەندیەکانی دیموکراسی دیفاکتۆی ڤایمار باس بکەم و بەراوردیان بکەم لەگەڵ ئەزمونی 20 ساڵەی دیموکراسی کوردیدا.

1- کۆماری ڤایمار هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووبوو لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کە لە سیستم و ژیانی ڕابوردوو بۆی بەجێمابوو کە پەیداکردنی سیستم و جێگیری سیاسی و گشتیان لە وڵات سەخت یان ئاستەم دەکرد. ئەمەش هەمان سەردەمی یەکەمی حکومەتی هەرێممان بیردەخاتەوە لەساڵی (1992 - 2003).

2- دیموکراسی بێ هێزی دیموکراتیکی ڤایمار بەو مانایە دێت کە ئەم ڕژێمە بێبەش بوو لە پشتیوانی و بنەمای کۆمەڵایەتی و هێزەکانی لیبراڵ و ئازادی خواز و تەنانەت نەیدەتوانی پاڵپشتی توێژ و بەشەکانی نوخبەی وڵاتیش فەراهەم بکات. ئەمەش هەمان ئەو نەخوازراوەیە کە ئەزمونی دیموکراسی لە کوردستاندا تیایدا بەسەر دەبات، لەبەرئەوەی لە لایەک خودی ئەو هێزە ئازادی خواز و دیموکراتانە، هێشتا وەکو هێزی کۆمەڵایەتی پەیدا نەبون، لە لایەکی دیکەش لەبەر ئەوەی خودی شاندی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) تا ئێستاش خەریکی لاوانەوەی توێژ و چینە داراکانن، هێشتا هێزە نەریتی و کۆنەکان دەسەڵاتەکان بەڕێوە دەبەن.

3- هێزی نەیاری کۆماری ڤایمار کە هەمیشە لە کەمیندا بوون بۆ لەناوبردن، یان کێشە سازکردن و تا ڕادەی ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی (دەستوور) پەسەند نەکەن، بریتی بوون لە ناسیۆنالیستەکان، نازیەکان و کۆمۆنیستەکان. هێزەکانی نەیاری هەرێمیش هەر لەسەرەتاوە ئیسلامی سیاسی جیهادی و تەکفیریەکان بوون، پاشان لە ساڵی 2009 بە دواوە ئۆپۆزسیۆنی (گۆڕان) یشیان بۆ زیادبوو، کە لە ساڵی 2010 بە دواوە ماهیەتی توندڕەو و هەژمونخوازی خۆی ئاشکرا کرد.

4- دیموکراسی دیفاکتۆی ڤایمار لە زەمینەی ئابوریشدا هەروەکو ژیانی سیاسی، لە لایەن هێزە دەوڵەمەند وداراکانەوە بەڕێوەدەچوو یان ئەوان

لێی بەهرەمەند بوون، مێژووی ئابووریی ڤایمار لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ڕوخاندنی مێژووی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینە دەوڵەمەند و داراکان بوون، کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە یان دەوڵەمەند تردەکران، یان سەرمایەکانیان دەپارێزرا یان تەواوی سیستمی حکومڕانی سیاسی لە خزمەتی بەرژەوەندی دارایی ئەواندا بوو. مێژووی ئابوری هەرێمیش لەساڵی 1991 تا ئێستا ئەم سێ ڕەوشە بۆ دەوڵەمەندان و سەرمایەدارانی کوردستان دەسەلمێنێ، بێگومان ئەمانەش لەگەڵ هاوبەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی سیاسی(بەهەمووڕەنگ و ناوەکانەوە) و دەسەڵاتدارانی ئابوری.

5- لە کۆماری ڤایماردا، سەرەڕای ئەوەی کە دەستور و یاسا هەبوون و خودی ئەم کۆمارەش بە دەستووری ڤایمار دامەزرا، بەڵام هەموو ژیان و مێژووی ئەم کۆمارە لە دەستی سێ هێزدابوو و هەر ئەوانیش بڕیاری چارەنوسیان دەدا. ئەو هێزانە بریتی بوون لە(نەریتی میلیناریستی ئەڵمانیا، بەرژەوەندی هێزە باڵاکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام ئەو هێزە سیاسیانەی کە هەبوون یان دواتر پەیدابوون)، لە هەرێمیش هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە بەو شێوەیە بوو هەتا ئێستا، تا ئێستا هێزی سەربازی و پێشمەرگایەتی هەموو دەسەڵات ئەزمونەکەیان لەدەستدایە. دەسەڵاتی هێزی سیاسی و ئابورییە باڵا دەستەکان و تەنانەت خێڵەکانی بەجێماو لە مێژوش هێشتا دەسەڵاتدارن، لە ڤایمار و لە کوردستان دەسەڵات و ژیانی سیاسی لەسەر چوار پایە بەڕێوە دەچن: هێز، بەرژەوەندی، نەریت، بۆیە بۆ هەردووکیان دیموکراسی بەهێزەکانن نەک دیموکراسی گشتی و یاسایی و بەهرەمەند بۆ هەموان. دیموکراسی بەهێز و دەسەڵاتدارانی ڤایمار هێزی بەهێزتر و پەلاماردەرتری بەرهەمهێنا کە فاشیزمی نازیەکان بوو. دیموکراسی کوردی کام نەیاری بەهێزتر و دڕندەتر بەرهەم دێنێ.

پ- زەمینەکانی دارمانی دیموکراسی دیفاکتۆ: بیرمەندانی تیۆری ڕەخنەیی لە زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کە لە مێژوودا بە (قوتابخانەی فرانکفۆرت) ناسراون (ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆرۆ ئادۆرنۆ، هێربرت مارکیوزە، والتەر بنیامین و ئەریک فرۆم) و بەشێکی دیکە لە بیرمەندانی تر لەو بڕوایە دابوون کە ((لاوازی، ناسازگاری و دارمانی کۆتایی کۆماری ڤایمار لەو واقیع و ڕاستیەوە بوو کە شۆڕشی 1918 ی ئەڵمانیا کە ئەم کۆمارەی هێنایەدی بە پێچەوانەی شۆڕشی ئینگلیز (1680 - 1689)، شۆڕشی فەڕەنسا (1789 - 1795) یان شۆڕشی ئەمەریکا (1776 - 1783) و شۆڕشی ڕوسیا (1917 - 1921) بەو ڕادەیەی ئەوان فراوان نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی شکستی ئەڵمانیا بوو لە جەنگی جیهانی یەکەم و لاوازبوونی خودی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری لە وڵات. هەر یەک لەو شۆڕشانەی کە ناویان هات لە جێگای خۆیان حکومەت و دەوڵەتی بەهێزو ڕژێمی سیاسی و پایەدارییان بەدیهێنا. شۆڕشی 1918ی ئەڵمان ئەگەر چی ڕق و تورەیی دوژمنانی کۆنەپارێزی بەهێزتر کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە هێنانەدی دۆستانی بەهێز. ئەو ڕژێمە سیاسیەی کە لە ئەنجامدا هات پایەدارو بەهێز نەبوو لە پیادەکردنی دیموکراسیدا)) (4)

ئەزمونی ڤایمار و هەرێمی کوردستان و تەواوی دیموکراسیە دیفاکتۆ و تازەکان لە نمونەی 25 ی ینایری میسر، زەمینەکانی لاوازی و شکستی ئەوان دەتوانێت پرسی گرنگ و تیۆری بە نرخ بێت، بۆ داوەریکردن لەسەر هەموو ئەو دیموکراسیە تازە پەیدابووانەی کە بە دیفاکتۆ دەمێننەوە، یان دەیانەوێت وەها بمێننەوە کە بێگومان ئەمەش دەبێتە زەمینەی لەناوچونیان، ئەو زەمینانەش ئەمانەن :

**1- لاوازیی بونیادی و پێکهاتەیی:**

یەکەمین ئاستەنگی دیموکراسی دیفاکتۆ (ڤایمار) کە دەستی خستبووە بینە قاقای، ئەوە بوو کە ئەم ئەزمونە و پارت و لایەنە هاوپەیمانەکانی لاوازبون لە بونیاد و پێکهاتەی دیموکراتیکدا. بەشی هەرەزۆری دەسەڵات بەدەست دوژمنانی شاراوە و نهێنی دیموکراسیەوە بوو، یان لە هەندێ جێگادا دەسەڵاتی چارەنوس سازشیان بەدەستەوە بوو، کە بەجۆرێک کاردەکەن کەپێچەوانەیە لەگەڵ بەهاو ئەزمونەکانی دیموکراسی. بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان، یان خاوەن کارەکان ناهێڵێت کە یاسای کاری دیموکراتی لەوڵات هەبێ، خاوەنانی کەرتی تایبەت ناهێڵن بیمەی کارمەندان و کرێکارانی ئەو بەشە بخرێنە یاساوە و هەواڵێک لەیاساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەدیموکرسی دیفاکتۆدا نابینرێ. سەرئەنجام تەواوی هێزەکۆنەکانی ئاینی، خێڵەکی، سەربازی و ئابوری لەم دەسەڵاتەدا بەهێزو کاریگەرن و خەڵکانی هەژارو بێبە شیش، سەرەڕای ئومێدیان بەو سیستمە، بەڵام کەمترین بەهرەمەندییان بەرکەوتووە یان نا!

**2- لاوازیی و ناسازی حکومەت و دەسەڵات :**

لەم دیموکراسیەدا یان یاساو ڕێسای پێویست بۆهێنانەدی سیستمی دیموکراتی راستەقینە نییە، یان یاساو ڕێساکان کاریان پێناکرێت. هێزو بەرژەوەندی بەهێزەکان و دەسەڵاتدارانی رابردوو دەکرێنە یاسا، یان پێوەر. زۆربەی حکومەتەکان لەم رژێمە دیفاکتۆیانەدا لاوازن و بەدەستی بەهێزەکانەوەن یان خۆیان خوازیاری ئەوەن کەبەشێک بن لە بەرژەوەندی هێزو لایەنە بەهێزەکان.

### 3- لاوازیی ڕەوشی سیاسی و پارتە سیاسیەکان:

هەرچەند زۆربەی پارتە،سیاسیەکان دیموکراسی و ئازادی خوازییان کردوەتە دروشم، بەڵام زۆرکەم بەلای پیادەکردنی ئەم پرسانەدا دەچن. پارتە سیاسیە دیموکراتخوازو پێشکەوتوو خوازەکان لەم جۆرە سیستمانەدا وەکو لایەنی ناچالاک و ناکارا هەمیشە بەسەر دەبەن، بەڵام هێزە کۆنەپارێزو کۆنەپەرستەکان، یان ئیسلامیە توندڕەوەکان چالاک و کاراو بەهێزن. دەسەڵات لەدەستی دیموکرات و سۆسیالیستەکاندایە، بەڵام ژیانی سیاسی لەدەستی کۆنە پەرست و فاشیستەکاندایە. پرسێکی دیکەی ئەم زەمینەیە ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسیە دیموکرات و سۆسیالیستەکان لەپەراکەندەیی و بڵاویدان و ناتوانن، یان نایانەوێت بەرەی داکۆکی لەدیموکراسی و ئازادی خوازی بۆ باشترکردنی ژیان و سیستمی دیموکراسی پێکبهێنن.

### 4- بێلایەنی و نەبوونی پیشتیوانی بەهێزی خەڵک:

لەدیموکراسی دیفاکتۆدا زۆرینەی خەڵک لەدوو رەوشدا ژیان بەسەر دەبەن، لەلایەک ئەوان دڵسارد و بێلایەنن بەرامبەر بە دیموکراسی ڕووکەش و دیفاکتۆ، یان بڕوایان بەدیموکراسیەک نییە، کە ئاوات و هیواکانیان نەهێنێنەدی و لەلایەکی دیکە هێزی کۆمەڵایەتی بۆ داکۆکی و پاراستن و گەشەپێدانی دیموکراسی هێشتا دروستنەبووە. هەمووان دەیانەوێت دەسـەڵات، سیاسەت یان کارێزماکان ژیانیان بۆباشترو بۆبەهرەمەندتر بکات و خۆیان ئەو کەسانەن کەبێ هێزن، یان بێلایەنن لە پیشتیوانی دیموکراسی دیفاکتۆ. زۆرینەی خەڵکی ئەڵمانیا نەیاندەویست ڤایمار بڕوخێ، بەڵام دەیانخواست کەباشتر بێت بۆهەرکام لەم دوو ئامانجەش هیچ کارو پیشتوانیەکیان نەدەکرد. زۆرینەی خەڵکی هەریمی کوردستانیش لەدژی

دروشمی ڕوخانی حکومەتی هەرێم بوون لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و نەیارنی دیموکراسیەوە، بەڵام هیچ پیشتیوانیەکی بەرچاویان پیشان نەدا.

**5- کێشەو ئاستەنگی ئابوری و نەبوونی دامەزراوەکانی ئابوری:**

سەرهەڵدانی کێشە و ئاستەنگەکانی ئابووری و باڵاکردن گرانی و فراوانبوونی بێکاری، یان زیاتر بوونی رێژەی هەژاری. هۆکاری سەرەکیش بۆئەم کێشەو ئاستەنگانە تەنها نەبوون، یان لاوازیی توانای ئابوریی دەوڵەت نییە، بەڵکو نەبوونی دامەزراوەکان و یاساکانی ئابوری وادەکات، کە هەژاران و بێبە شان بەرگری بکەونە ژێر دەستی هێزو بەرژەوەندی دارا و چەوسێنەرەکان. تەواوی ئەزمونی ئابوری کۆماری ڤایمار 1918__1933 لەنەبوون و لاوازیی ئابوریی و بێدەسەڵاتی دەزگاو یاساکانی ئابوریدا ژیانی بەسەربرد، کە بێگومان ئەمانە دەبنە هۆکار و زەمینەی بێ پیشتیوانی خەڵک بەرامبەر بەدەسەڵات و دەسەڵاتیش بەرامبەر بەخەڵک، بەڵام رەوشی ئابوری دیفاکتۆی هەرێم دوو سەردەمی بە خۆوە بینیوە، یەکەم ساڵانی 1991__2003 کە هەژاری، بێکاری و کێشەی ئابووری و لاوازیی ئابووری بوو لە هەرێمدا، بێگومان وێڕای نەبوونی یاساو دەزگا ئابورییەکان. دووەم لەساڵی 2003 بەدواوە پێشکەوتن و توانای ئابووری بەرەو باڵا چووە، بەڵام هێشتا کێشەکانی بێکاری، گرانی و هەژاری بۆ بەشێک لە خەڵکی کوردستان هەرماوە و تائیستا دیسان یاساو ڕێسای ئابووری بۆ ریفۆرم یان چاکسازی لە هەرێمدا نییە.

یەکێکی دیکە لەکێشەو ئاستەنگەکانی هەرێم وێڕای باشبوونی توانای ئابووری ئەوەیە کە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دارایی تەواوی ژیانی ئەم وڵاتەی گرتوەتەوە و جیاوازی نێوان هەژاران و دوڵەمەندان هەتادێت زیاتر دەبێت.

**6- کاردانەوە یان توندڕەوی بەشێک لە خەڵک :**

بێگومان زۆرینەی خەڵک لایەنگیری لە حکومەت و سیستمی دیموکراتی دەکەن، بەڵام ئەو زۆرینەیەش چالاک نین لەم لایەنگیریەدا. هەندێکی دیکە لە خەڵک دەکەونە کاردانەوە و توندڕەوی کە هاندەرکانیان، بێگومان نەیارانی کۆنە پەرست و توندڕەون. زەمینەی کاردانەوە و توندڕەوی ئەو هەندە لە خەڵک، یان لەبەر ئەوەیە کە ئەو خەڵکانە هەر لە بونیادا لە دژی دیموکراسین، یان لەبەر خراپی ژیان و گوزەرانیانە. سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەوروپای نێوان دوو جەنگی جیهانی و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیسی و جیهادی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ساڵانی 1980،1990،2000ی سەدەی بیستەمدا هەر لەو زەمینانەوەیە. کاردانەوە و توندڕەوی نەیارانی کۆنەپەرست و فاشیست لە بەرامبەر لایەنگیریی ناچالاکی هێزە دیموکراتیەکان، دەتوانێ ئاشووبی وەکو 17ی شوبات لە هەرێمی کوردستان دروستبکات، یان ڤایمار بڕوخێنێ و نازیزم بهێنێتە سەر کار، یان ئیسلامی سیاسی و جیهادی بەهێز بکات !

**دووەم, ڕەوشی ئاشووب لەکوردستان**

دیموکراسی کوردی، کە بێگومان دیموکراسی دیفاکتۆ و هێزە بەهێزەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە، لەلایەک زەمینە و پێشمەرجەکانی لاوازی و ناپایەداری حکومەت و دامەزراوە دیموکراتیەکانی بەرهەمهێناوە، بەتایبەتی هەلومەرجی ریفۆرم لەبەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک بەرەو قەیران دەبات، لەلایەکی دیکەش زەمینەکانی ڕەوەندی ئاشوب و ڕەوتی شۆرشی چەواشە، یان سیاسەتی هەژمونخوازی کۆنەپەرستانە دەسازێنێ. خراپترین رەوش یان زەمینە ئەوەیە کە لایەنە دیموکرات و پێشکەوتن خوازەکان بەرەو بێهێزی دەچن و زۆرینەی جەماوەری هەژار و

بەش خوراو بەرەو بێلایەنی دەچن، یان ڕەوشی پاسیڤ بوون بەسەریاندا دەسەپێ. بێلایەنی و بێهێزی هەژاران و زەحمەتکێشان و لایەنە دیموکراتێ و پێشکە وتو خوازەکان، بێگومان لە دوو زەمینە و هۆکارەوە سەرچاوە دەگرێت: یەکەم: ئەوەیە کەخودی ئە ولایەنانە نەبوونەتە هێزی کۆمەڵایەتی داکۆکیکار لەدیموکراسی و ریفۆرم یان هەولێ پەیگیریان نەداوە بۆئەم مەبەستە. ئەم ڕەوشە هەمان ئەو هەلومەرجەیە کە نوخبەی رووناکبیری و سیاسی و مەدەنی ئێستا هەرێمی کوردستانی تیا ئەبینرێ. دووەم: لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو جەماوەرە هەژار و بەش مەینەتە دڵساردن بەرامبەر بە حکومەت و دەسەڵاتی دیموکراتی دیفاکتۆ، چونکە ئەم حکومەت و دەسەڵاتە تائیستا پەیگیرانە لە خەم و هەوڵی ژیان و چارەنوسی ئەواندا نەبووە.

لەم هەلومەرجەدا هێزە بۆرژوایی وباڵا دەستەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەرەوە و ناوەوەی دەسەڵات (حکومەت و ئۆپۆزسیۆن) وەکو هێزەکانی ((دژە شۆرش و دژی خەڵک کاردەکەن وکرێکاران و تەواوی توێژە زەحمەتکێشەکان توانای ڕێگرییان نییە، لە سەرهەڵدان و پەلاماری ڕەوتی دژە شۆرش. لەم سەردەم و ڕەوشەدا حکومەتی بۆرژوا ــ دیموکراتێ ناپایەدار دەبێت و هەلومەرجی گونجاو بۆ کۆدەتا یان تەواوی پیلانەکانی دژی شۆڕش فەراهەمدەبێت))(5)لەئاکامی هەمان ئەو هۆکارانەدا بوو کەڕداووداوەکانی 17ی شوباتێ و ئاشوبی دوومانگ دواتر، دەبێت وەکو ئەنجامی چاوەڕوانکراو و ناچاریی سەیربکەین.

ماهیەت و کارنامەی ئاشووبی 17ی شوباتێ و رووداوەکانی دواتر، سیاسەتی مانۆری نێوان چینەکانە بەهرە وەرگرتنە لە ڕەوشی فریودانی تەواوی خەڵک و چین و توێژە چەوساوەکان بۆ پەردەپۆشی لە داکۆکی

و بەرژەوەندی هێزە چەوسێنەرەکان یان کۆنە پەرستەکان، بەڵام ئەمجارە بەناوی ئۆپۆزسیۆن یان ((گۆڕان)) لە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان.

سوود وەرگرتن لـەدژواری رەوش و ژیانی بەشێک لە خەڵک و دەستکردن بەراگەیاندن و هاندانی فراوان و بەهێز بۆ جوڵاندنی هێزی خەڵک، توانی رەوشێک دروست بکات بەناوی 17ی شوبات. لایەنگرانی ئەم رەوشە بەم ڕووداوانە دەڵێن سەردەمی پەیدابوونی هێزی کۆمەڵایەتی بۆ چاکسازی و ریفۆرم و هەندێکی دیکەشیان خەیاڵی دەکـردەوە و دەیانووت دەبێ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی کوردستان (هەرێم، حکومەت، پەرلەمان) دەبێت دەست لەکار بکشێنەوە. نەیاران یان ڕەخنە گرانی ئەم هەلومەرجەش ئەو ڕووداوانە بە شۆڕشی چەواشە، یان ئاشوب ناو دەبەن. سیاسەت مەدارانی 17ی شوبات و بەناو رووناکبیرانیان و لە پشتی ئەوانیشەوە ئۆپۆزسیۆنی فاشیست و کۆنە پەرستی (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لەم کارەدا پیشتیوانیان لە خەڵک خواست و لەناو خەڵکیشدا ئەوانە بە پیریانەوە چوون کە بەشی کۆنە پارێز و دواکەوتووی خەڵک بوون، نەک بەشی پێشکەوتوخوازی هۆشیار. تەنانەت لەناو نوسەران و نوخبەی سیاسی و فیکریشدا ئەوانە بوونە سەردەمدار و نوێنەری ئەم ئاشوبەی شۆڕشی چەواشە کە بەرنامە و پرۆژەی سیاسی تایبەتیان هەبوو، نەک بۆ پیشتیوانی لە خۆپیشاندان و داواکارییەکانی خەڵک. جەماوەری 17ی شوبات لەبەر هۆکاری دواکەوتوویی سیاسی و ژیان و گوزەرانی سەختی هەندێکیشیان، بوونە هێزی مەیدانیی بۆ ئەم سیاسەت و بەرنامەی شۆڕشی چەواشە و سیاسەت و نوێژە سیاسیەکانی بەردەرکی سەراو بانگەوازەکانی جیهاد و دروشمی الله اکبر، باشترین و دیارترین نمونەن بۆسیاسەت و جەماوەری

شۆڕشی چەواشە. مەبەستم لەوەیە کە نە بانگەوازی جیهادو نە تەکبیرەی الله اکبر فڕیان بە دیموکراسیەوە نییە، ئەم سیاسەتە نەک داکۆکی لە ژیان و چارەنوسی خەڵک ناکات، بەڵکو بەرەو دۆزەخی کۆنەپەرستی دیکتاتۆری و فاشیزمیان دەبات.

سەرئەنجام بزوتنەوەکانی گۆڕان و ئیسلامی سیاسی و خۆپیشاندانی چەواشەی 17ی شوبات بەیانگەری رۆشنگەی خەڵکی ستەمدیدەی کورد نەبوون و نین، بەڵکو بەیانگەری وەهم پەرستی ئەوانن، بەیانگەری دادوەری خەڵکی کوردستان نین، بەڵکو بەیانگەری پێشدەواری ئەوانن. بەیانگەری ئایندەی ئەوان نین، بەڵکو تراجیدیاو وەهمی ڕابوردووی ئەوانن بۆ خۆپیشاندان و چاکسازی.

## ا_زەمینەو هەلومەرجی گشتی بۆ بەرپابوونی ئاشووب

باسەکان دەربارەی دیموکراسی دیفاکتۆ و نمایشی کوردستان و هاوشێوەکانی بەشێک لەو زەمینە و هەلومەرجە گشتیانەی خستوەتەڕوو، کە خوێنەر و بینەر والێبکات کە سەرهەڵدانی ئاشوب و خۆپیشاندان و شۆڕشی چەواشە، وەکو دەرئەنجامی ئەو زەمینە هەلومەرجانە سەیربکات، یان وا بڕوانێ کە هێزە کۆنە پەرست و هەلپەرستەکان چۆن دەیانویست بە قازانجی سیاسی خۆیان ڕەوشەکە دروستبکەن، یان بەناوی دروستکردنەوە تێکیبدەن، بەڵام دەبێت هەلومەرجی گشتی هەرێم پێش شۆرش و خۆپیشاندانی چەواشە بە گشتی باسبکەین.

1-دەمێکە دیموکراسیی نمایشی ودەسەڵاتی کوردی باس لەکەموکوڕی و گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری دەکات لەکوردستان، بێگومان هەموو ئەمانەش بەشێک بوون، یان بەشێک دەبن لە نەبوونی سیستمی دەستووری

و یاسایی کە زەمانەتی دیموکراسیی جێگیرو ڕاستەقینە بکات. کارنەکردن و نەبوونی پەیگیری بۆ چارەسەری ئەو کێشە و ئاستەنگانە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەو باوەڕی خەڵک بەوەی کەدەسەڵاتی کوردی ناتوانێ یان نایەوێت ڕیفۆرم بکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی هەرێم. دوبارە بوونەوەی بەڵێنەکان و گوتارەکانی چاکسازی لە سەردەمی هەڵبژاردنەکان و فەرامۆشی یان لە بیرچوونەوەی ئەو گوتارو بەڵێنانە، هێندەی دیکە دڵساردی و نەبوونی هیوای چاکسازی لەلای خەڵک دروستکردووە.

مەبەست لە چاکسازی و ریفۆرم، بێگومان تەنها لە هەڵبژاردنی دەسەڵات و پەرلەمان و کابینەکانی حکومەتدا سنور دار نابێت، یان تەنها لە کاروان و هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا نییە، یان تەنها لە باشبوونی ژیان و گوزەرانی بەشێک لە خەڵک نییە، بەڵکو ریفۆرمی دیموکراتی و چاکسازیی یاسایی دەبێت ببێتە بە شێکی جیانەکراوە لە تەواوی سیستمی دەسەڵات و بەرێوە بردن. باشترین ریفۆرم و ئەولەویەتی چاکسازی لەوەدایە کە ئەو بەشەی خەڵک کە تا ئێستا لەهەژاریدا دەژین لە ڕێگای یاساکانی کار و بیمەکانی کۆمەڵایەتی و زەمانەتی کەرتی تایبەتی ئابورییەوە، ژیانیان دابینبکرێت، بێگومان ئەم داوایە لە بارەی داراییەوە بۆحکومەتی هەرێم کاری ئاسان و شایانی کردنە، بەڵام نەکردنی تەنها دەچێتە خانەی سیاسەتی بۆرژوایی و سەرمایە دارانەوە، یان بۆ خاترو ڕازیکردنی بۆرژوا و سەرمایە دارەکانە کە بەشێکیان لەناو خودی شاندی سیاسی و دەسەڵاتداران و بەشێکی دیکە شیان هاو بەرژەوەندن لەگەڵ دەسەڵاتدان و سیاسەتمەدارانی حکومەت و ئۆپۆزسیون.

2- ڕەوشی سیاسی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان و لەدوای ساڵی

1992به دواوه دەکرێت لە دوو سەردەمدا باسبکرێت. یەکەم ساڵانی 1992 هەتا ساڵی 2009 بەو سەردەمە دادەنرێت کەتەواوی ئۆپۆزسیونی کوردی لە دەرەوەو ناوەوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (جگە لە ئیسلامی سیاسی جیهادی و تەکفیری) لەڕەوشی نیمچە ئۆپۆزسیۆندا بوون، واتا لە هەمانکاتدا بەشێک بوون لە دەسەڵات و لەهەمان کاتیشدا ئۆپۆزسیۆن بوون. رەوشی (نەوشیروان مستەفا) و باڵی ریفۆرمی ناو(ی. ن. ک) هەتا ساڵی 2009 بەو شێوەیە بوو. حزبەکانی شیوعی، سۆسیالیست، زەحمەت کێشان، بزوتنەوەی ئیسلامی هەتا ساڵی 2009 بەشێک بوون لە (نیمچەئۆپۆزسیۆن)، لە ساڵی 2009 بەدواوە هەرسێ حیزبی (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە ڕەوشیی نیمچە ئۆپۆزسیۆنەوە بوونەتە ئۆپۆزسێۆنی فیعلی و کارا، بەڵام بە بەرنامە و ئەجێندای ((ئۆپۆزسیۆنی هەژمون خواز، یان دەسەڵات خواز)) واتا هێندەی دەیانەوێت کە بە زووترین هەل و کات بگەنە دەسەڵات، هێندە لەمە بەستی ئەوەدانین کەپرۆسەی ریفۆرمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بکرێتە بەشێک لە ژیانی سیاسی کوردستان.(6)

سەردەمێک لەنیگەرانی خەڵک (1992__2011) لە بەرامبەر نەبوون، یان نەکردنی ریفۆرمی پێویست لە ژیان و کاری حکومەت و خەڵک و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و زەبەلاح بوونی بەرژەوەندی دەوڵەمەندان و سیاسەتمەدارانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارانی تازە پەیدابوو، لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی هەژموونخوازو دەسەڵات پەرست کە لە ساڵی 2009 تاڕادەیەک دەنگی بەرچاویان بە دەستهێنا، کە نزیکەی سێ یەکی دەنگەکانی کوردستانە و ویستی ئەم پۆپۆزیسیۆنە بۆ سوود وەرگرتن لە هەموو هەل و کاتێکی مەبەست بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، نەک تەنها لە ڕێگای دەنگدان و هەڵبژاردن، بەڵکو تەنانەت لە

ڕێگای ئاشوب و شۆڕشی چەواشەو پەلاماری جەماوەریش، کە شێوەیەک لە گاڵتەجاڕیی شۆڕشیان لە دوای 17ی شوباٹ هێنایە دی. بێگومان لەم هەلومەرجەدا ئەم هێزانە دەتوانن جۆرێک لەهێز نواندن، یان ئاشوب بەرپاکردن ساز بدەن.

3- شۆڕشی میسر و تونس و خۆپیشاندانەکانی یەمەن و ڕاپەڕینەکانی لیبیا و پەیدابوونی جوڵانەوەی جەماوەریی لەو وڵاتانە و تەواوی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ئێران، سوریا، ئوردون، هۆکارێک یان زەمینەیەک بوون کە بەشێک لە خەڵک و بەتایبەتی لاوانی ناڕازی و ستەمدیدو هەندێک لە نووسەران و نوخبەی سیاسی خاوەن ئەجێندا و بەرژەوەندی تایبەت لە 17ی شوباٹ و لە ناوەندی شاری سلێمانی، لە مەیدانی بەردەرکی سەرا خۆپیشاندان بە ناوی پشتیوانی لە شۆڕشی گەلی میسر بەرپابکەن. خۆپیشاندانی ناوبراو لە لایەن ئەندامان و هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی ناوبراو بەرەو هێرشبردن بۆ لقی چواری (پ. د. ک) لەسلێمانی چوو، پاشان تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەڵسوڕا و ئەندام و میدیا و نوسەرانیان ئەنجومەنێکیان دروستکرد بە ناوی (ئەنجومەنی کاتیی سەرای ئازادی)، بۆ ڕابەڕیکردنی خۆپیشاندانەکان و سەر ئەنجام شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیشی گرتەوە.

## ب- تراجیدیای خۆپیشاندان و گاڵتە جاڕیی شۆڕش

خۆپیشاندانەکانی ئۆپۆزیسیۆنی گـۆڕان و ئیسلامی سیاسی و هەندێک لە کۆمۆنیستەکان و نەتەوە پەرستانی بە جێماو لە کاژیک و پاسۆک و سەرئەنجام لایەنگرانی پارتی چارەسەریش، لەلایەن هەڵسوڕاوان و ئەندامانی ئەو حیزبانەوە لە 17 ی شوباٹ دەستی پێکرد و هەتا 19ی

نیسان بەشی هەرە زۆری سلێمانی و شارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایەی گرتەوە. بە شێک لە نوسەرانی هەلپەرست و بەناو ڕوناکبیرانی ئۆپۆزسیۆن و جاران بەهرەمەند لە خوانەکانی دەسەڵاتی کوردیش، دەیانویست لەو خۆپیشاندانانە ببنە ڕەهبەر یان کارێزما. هەموو ئەو کەس ولایەنانە ئەنجومەنی کاتیی سەرای ئازادییان دروستکرد و لەم کارەدا کاریکاتۆرێکیان لە ئەنجومەنی گۆڕان و چاکسازی هێنایەدی و سەر ئەنجام خۆپیشاندانیان بەرەو گاڵتەجاڕیی، یان مەهزەلەیەک لە شۆڕش برد. مەبەست لە گاڵتە جاڕی و مەهزەلەی شۆڕش ئەوە نییە، کە خودی دیاردەی شۆڕش بەگشتی و شۆڕشەکانی ئەم سەردەمە بە تایبەتی بەو شێوەیە باس و وێنا بکرێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە کاریکاتۆریستەکانی ئەنجومەنی کاتیی بە ناو سەرای ئازادی و سەرکردەو کارێزماکانیان لە دوورەوە ڕەوشێکی گاڵتەجاڕ، یان مەهزەلەیان بۆ شۆڕش خوڵقاند.

گاڵتە جاڕی شۆڕشی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، مافی خۆپیشاندانیان کردە سیاسەتی خۆپیشاندان و داواکاری چاکسازییان کردە بەرنامە و پڕۆژەی ڕووخانی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم. واتا ئەوان لە پشت پەردەی چاکسازی و مافی خۆپیشاندانەوە دەیانویست شۆڕش بەرپا بکەن و تەواوی کارو کردەوەکانیان لە ماوەی 17ی شوبات بۆ 19ی نیسان هەوڵدان بوو بۆ سازکردنی ڕەوشەکانی شۆڕشی چەواشە یان ئاشووبی سیاسی، بەڵام حکومەتی هەرێم و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بە بەکارهێنانی پرانسیپی ((پاوانکردنی هێز و توندوتیژی ڕەوا))(7) خۆپیشاندان و ڕەوشەکانی شۆڕشی چەواشە و ئەنجومەنی کاتی سەرا و تەواوی بەرنامە و ئەجێندای سیاسی ئۆپۆزیسیۆنیان لە ناوبرد، یان پاشەکشەیان پێکرد.

سیاسەتی خۆپیشاندانی خاوەن بەرنامەی شۆڕشی چەواشەو ئەجێندای

سیاسی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕووخان و وەدەرنانی (تڕحیل) دەسەڵاتی ئێستای هەرێم و ئەنجومەنی کاتیی سەرا، بەرەو شکست و پەرتەوازەیی و نەمان چوون، بەڵام ئەوەی کە شکستی خوارد مافی خۆپیشاندان و داواکاریی چاکسازی نەبوو، هەروەکو چۆن شۆڕشیش لەناو نەچووە، چونکە هێشتا لە کوردستان لە دایک نەبووە. شکستەکان کرانەبەری سیاسەتی توندڕەوی خۆپیشاندان و دەزگاکەی کە ئەنجومەنی کاتیی سەرا بوو، یان شۆڕشی چەواشەبوو کە تەفرو تونا بوو. ئەم شکستە شکستی نەریتە سیاسیە دیفاکتۆکانی کورد بوو، کە لە هەموو ناکۆکی و جیاوازییە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکاندا، پەنا دەبرایە بەر توندوتیژی و لە ناوبردنی بەرامبەر و دەرکردنی لە مەیدانی مەبەست، هەروەکو چۆن لە ساڵانی شەڕی ناوخۆی 1964 هەتا 1997 بینیمان. شەڕی ناوخۆی سیاسەت و دەسەڵاتدارانی کوردستان تراجیدیای سیاسی و نیشتمانی و دیموکراسیی بۆ کورد کردە مێژوو، بەڵام شکستی ئەمجارەی توندوتیژی و لە ناوبردن و تەکفیری سیاسی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە کۆمیدیا، یان مەسخەرە کۆتایی هات.

ئەم شکستە، شکستی بە جێماوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی هێزە کۆنەکانی ناو سیاسەتی کوردی بوو، کە مەخابن هێشتا هێزە سیاسیە دیموکرات و پێشکەوتو خوازەکان یان پەیدانەبوون، یان جێگای ئەوانیان نەگرتوەتەوە. شکستی وەهم و ئەو بیرو باوەڕانە بوو، کە دەمێکە خۆیان مەڵاسداوە کە دیموکراسیی نمایشی و دیفاکتۆی کوردستانی لە ناو بەرن و خۆیان بە دەسەڵاتی هەژمونی و عەقیدە و ئایدیۆلۆژی تۆتالیتاری و فاشیستی بچنە جێگاو دەسەڵاتی ئەوان. ئەگەرچی وەهم و بەرنامەی کۆنە پەرستانەی ئۆپۆزیسیۆنی لە کەمیندا ئەمجارە شکستی خواردووە، بەڵام هێشتا هێزی کۆمەڵایەتی ڕیفۆرم و چاکسازی لە کوردستان لە ناوەوە و

دەرەوەی دەسەڵاتی کوردی پەیدانەبووە. ئەو بنکە حیزبی و جەماوەرییەش کە لەدژی بەرنامە و پڕۆژەی شۆڕشی چەواشەی ئۆپۆزیسیۆن بوون، بەڵام ئەوانیش هێشتا دڕدۆنگن بەرامبەر بەڵێنەکانی چاکسازی حکومەت و دەسەڵاتی حیزبی و هێشتا بڕیاریشیان نەداوە ببنە هێزی کۆمەڵایەتی بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ ڕیفۆرم، یان هێنانەدی ڕەوشی ڕاستەقینەی مافەکانی خۆپیشاندان و چاکسازی ودادپەروەری لە کوردستان، سەرئەنجام خەڵک و جەماوەر لە کوردستان هێشتا بینەرن، نەک بکەر.

تایبەتمەندی و شکستی شۆڕشی ئاشوب و چەواشەی 17ی شوبات تا 19ی نیسانی ساڵی 2011، هەمان باس و شیکردنەوەی ((کارل مارکس)) مان بیر دەهێنێتەوە لە باسی شکستی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکانی ساڵانی 1848– 1852 ی فەڕەنسا و ئەڵمانیا کە دەڵێ: ((ئەوەی شکستی خوارد شۆڕش نەبوو، ئەم شکستانە شکستی پاشماوە زیادەکانی نەریتی پێش شۆڕش بوون. شکستی ئەنجامەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی ڕابوردوو بوون، ئەو پەیوەندییانەی کە هێشتا وەکو ناکۆکی چینایەتی بە هێز نین. شکستی کە سایەتی و کارێزماکان بوو، شکستی وەهم و تێڕوانینو ئەو بەرنامانە بوو کە پارتی شۆڕشگێڕ پێش فۆریەی 1848 لە کۆت و بەندییان ئازاد نەبوو و بەبێ سەرکەوتنی شۆڕشی ڕاستەقینە لێیان ئازاد نابێت، بەڵکو دەبنە ئەنجامی زنجیرەیەک لە شکستە یەک لە دوای یەکەکان))(8).

خۆپیشاندان و داواکاری چاکسازی بۆیە بەرەو تراجیدیا برا، چونکە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و ئەنجومەنی دەست نیشانکراوی ئەوان پاوان کرا. دروشم و داواکارییەکانی چاکسازی بەرەو دروشم و داواکاریی سیاسی پەتی ئاڵوگۆڕی پێکراو لە بەردەرکی سەرا تەنها لایەنگران و ئەندامانی سەر بەو بەرنامە و پڕۆژە سیاسیانە ئازاد بوون و هەموو ئەوانەی کە

هاوبیرو لایەنگیری ئەوان نەبوون، ڕێگایان پێ نەئەدراو تەواوی میدیاکانی جیاواز لە خۆیان لەوێ یان دەرئەکران یان بۆیان نەبوو توخنی ئەو ناوە بکەونە. لە هەمووش خراپترو کارەساتتر ئەوەبوو کە هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە خۆپیشاندان بارگاوی کرا بە مەرام و پرۆژەی سیاسی بۆ ڕوخانی دەسەڵاتەکانی هەرێم. خۆپیشاندانێک کە هیچکام لەهێز و ئورگان و دامەزراوەکانی شۆڕشی نەبێت، بێگومان لەژێر ئەم بارەدا دەپسێ، یان لەدەست خاوەنەکانی دەردەهێنرێ. ناکۆکی و جیاوازی و دابەش بوونەکانی ئەنجومەنی کاتی سەرا لە دوو مانگی ناوبراودا، باشترین ئاماژە و گەواهن بۆئەوەی کە ئەنجومەنەکە دەبێتە کاریکاتۆر و خۆپیشاندانەکانیش دەبنە تراژیدیا.

### رەوشێک لەشۆرشی چەواشە یان مەهزەلەی شۆڕش

((شۆڕش ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ئاڵۆزە کەتیایدا حکومەتی جێگیر لەبەر هەندێک هۆکار توانای دەسەڵات و ناچارکردن و کاری هێزدار لەدەستدەدات و گروپ و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکایش دەکەونە خەبات، بۆئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. ئەم خەباتە زۆربەی کات ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ بۆئەوەی سەرئەنجام دامەزراو و دەسەڵاتە تازەکان جێگای کۆن بگرنەوە. لەوانەیە لاوازی و ناتوانایی حکومەت زەمینەسازبێت بۆپەیدابوونی ناکۆکی و ململانێی گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و خەباتی ئەوان بۆگەیشتن بە دەسەڵات، یان پەنابردنی دەسەڵاتی کۆن بۆ نواندنی هێزو پیادەکردنی توندو تیژی. یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی شۆڕش خۆئامادەکرن و رێکخستن و کۆکردنەوە و تەیارکردنی جەماوەرە. هەڵبەت نارەزایی خەڵک بە هەرشێوە و بەهانەیەکبێت، زەمینەی پێویست بۆ ئامادەکردن

و ڕێکخستنی شۆڕش بە ئەژماردێت. سەر ئەنجام ناڕەزایی کۆمەڵایەتی، پەیدابوونی گروپ و هێزە نەیارەکان، لاوازی و بێ توانایی دەسەڵات بۆ سەرکوت دەبنە سەرچاوە و هۆکارەکانی پەیدابوونی پێکهاتەی نوێ دەسەڵاتی تازە و ئەمانە هەلومەرج و ڕەوشی گشتی شۆرش پێک دەهێنن)) (9)

سۆسیالیست و بیرمەندی نـاوداری مارکسیتی ئەڵمانی ((کـارل کاوتسکی))یش دەڵێت((هەروەکو چۆن شۆڕش لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە ڕێگای لێناگیرێت، هەروەها لەلایەن شۆرشگێرانیشەوە وادەی سەرهەڵدان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی کۆنترۆڵ ناکرێت))(10)

تایەتمەندییە بنەڕەتیەکانی شۆڕش، یان سیفەتەکانی دیاردەی شۆرش کە لەلایەن زۆرێک لە کۆمەڵناسانی سیاسی، تیۆرمەندانی سیاسی و مێژوو نووسانی شۆڕشەکانەوە باسکراوە دەتوانرێت لەم لایەنانەدا کورتبکرێنەوە: کۆکردنەوە و تایبەتمەندی درێژخایەن و خاوەن هێز و توندوتیژی، بەشداری و کۆکردنەوە و سازدانی جەماوەری، تایبەتمەندی رابەرایەتی، تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیک و سازمان و رێکخراوەکانی سازدانی شۆڕش، لە هەمووشیان گرنگتر پەیدابوونی هەلوومەرجی قەیرانی سیاسی و رەوشی شۆڕشگێرانە. لەم زەمینە و هەلومەرجانەدا چەند هۆکارێکی گرنگ دێنە پێشەوە، کە ئەمانەن: یەکەم، حکومەت و شاندی دەسەڵاتدار ناتوانێت بە شێوەو سازوکارەکانی جاران کۆمەڵگا بەڕێوەبەرێ. دووەم، هێزەکانی دەسەڵات یان توانای بەرەنگاری و سەر کوتیان نامێنێ، یان بێزار دەبن لەو رەوشە. سێ یەم: تەواوی کۆمەڵگا دەکەوێتە قەیرانەوە و زۆرینەی خەڵک لەدژی حکومەت هەڵدەستن و سەرئەنجام دابەشبوون و جیابوونەوە لە ناو خودی حکومەت و شاندی دەسەڵاتداردا پەیدا دەبێت و شتێک بەناوی رژێم، یان

حکومەت نامێنێ. هەموو ئەم هەلومەرج و دیاردانەمان لەشۆڕشی تونس و میسردا بینی، بۆیە دەسەڵاتەکان ڕووخان یان ڕۆیشتن.

بەڵام ئەوەی لەماوەی رابردوو لە سلێمانی و قەزاکانی بینیمان، نەک لە هەموو هەرێمی کوردستان، تەنها خۆپیشاندان و داواکاریی سنوردار بوو کە خێرا ئۆپۆزسیۆنی نەزان بەرگی شۆڕشیان کردە بەرو دەیان ویست تونس و میسر لە بەردەرکی سەرای سلێمانی دوبارە بکەنەوە. ئۆپۆزسیۆنی نا سیاسی و ناواقعی، تەنانەت بۆ بەرنامە و مەرامەکانی خۆشیان، لەنێوان سێ ڕەوش و هەڵبژاردنی سیاسیدا هەرچەند ڕۆژێک تاکتیک و بەرنامەی خۆیان دەگۆڕی. جارێک وەکو ئۆپۆزسیۆنی (یاسایی!) داوای چاکسازییان دەکرد، جارێکی دیکە ناڕاستەوخۆ داوای بەشداری بوونیان لەحکومەتدا دەکرد، بەناوی حکومەتی ئینتقالی تەکنۆکرات و تەوافقی وجارێکی دیکە داوای ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەیان دەکرد و دەشیانوت ئێمە بەشدارنابین لە حکومەتدا. بەراستی ئەوان خۆیان و خۆپیشاندان و بەناو شۆڕشەکەیان خستە ڕەوشێکی کۆمیدی و گاڵتە جاڕەوە. نە دەیانزانی چۆن ئۆپۆزسیۆنی یاسایی بن، نە دەیاندەتوانی حکومەت و دامەزراوەکانی بڕوخێنن و ڕووشیان نەدەهات و شەرمیان دەکرد بڵێن ببینە بەشێک لە حکومەتی بنکە فراوان. ئەوان وەکو کوردیان لێهات نەک لە هەردوو جەژنەکە، بەڵکو لە هەرسێ بەرنامەکەی خۆیان بوون! لە هەمووی کۆمیدی ترو گاڵتە جاڕتر ئەوەبوو، کە خۆیان نەکرد بە خاوەنی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی و رۆژانە دەیانوت ئەم ئەنجومەنە سەربەخۆیە و دەستی ئۆپۆزسیۆنی تێدانییە، بەڵام تەواوی خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە وانییە، لەمەشدا دەیانویست گاڵتە بە دەسەڵات و خەڵک بکەن، بەڵام خۆیان بوونە گاڵتەجار.

ڕەوشەکانی ئاشوب یان مەهزەلەی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم سەرەتا بە خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی میسر و داواکاری چاکسازی لە کوردستان هاتە مەیدان. دواتر هەوڵیاندا پەلاماری بارەگا حیزبی و حکومیەکان بدەن. چەند ڕۆژێک دواتر بانگەوازی مانگرتنی گشتیان ڕاگەیاند و کەس نەچوو بە دەنگیانەوە. ویستیان زانکۆکان بکەنە مەیدانی سیاسەتەکانی خۆیان و سەر ئەنجام کەوتنە بەرد هاویشتن و دالاستیک، تەنانەت تەقەکردن لە هەندێک جێگا لە پۆلیس، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نوێنەرانیان لە ئەنجومەنی کاتی بەردەم سەرا وتاری حەماسی و توندو دوژمنانەیان بەرامبەر بەدەسەڵات دوبارە و چەند بارە دەکردەوە. یەکێک لەگرەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن شۆڕشی چەواشە ئەوەبوو، کە دەیانوت بەشێک لە لایەنگرانی دەسەڵات و لایەنێک لە حیزبی دەسەڵات و پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ ئەوانن و چاوەڕیی فەرمانی ئەوان دەکەن. ئەم گرەوە ئەگەر واشبێت (کەوانەبوو!) ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان لەوەبێ خەبەربوون کە جەماوەری کوردستان، مەبەستم زۆرینەی هەرە زۆرە، بەلایەنگران و دەنگدەرانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیشەوە لەم سەردەمەدا بینەرن نەک بکەر. ئەمەش نەناسین و نەزانینە لە خوێندنەوەی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێم و بەتایبەتی لە پەیوەندی بە خۆپیشاندان و کاریگەریی خەڵک لەسەر ڕووداوەکان! گرەوێکی دیکەی سەرانی ئۆپۆزسیۆن، گرەوکردن بوو لەسەر پشتیوانی ئەمریکا و حکومەتە ئیقلیمییەکان، تەنانەت پەناشیان برد بۆ پەرلەمانی عێراق و هێزە سیاسیەکانی ناو پەرلەمان و حکومەت لە عێراق، بەڵام زیرەکی و هەوڵی دوو حیزبی دەسەڵاتدار و بەتایبەتی هەردوو سەرۆکی عێراق و هەرێم لەوەدا بوو، کە هەموو ئەم پەیوەندییانەیان لەوان بڕی و لەمەشدا بێکەس و تەنیایان کردن.

هەوڵەکانی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆن (لەلای خۆیان بەبێ ناوهێنانی شۆڕش)، یان مەهزەلەکانی شۆڕشی چەواشە سەرئەنجام و لەئاکامدا ئەم ڕەوش و چارەنوسەی بە خۆوەبینی: خۆپیشاندان و شۆڕشی چەواشە بەرەو هەولێر و کەرکوک و دهۆک نەچوو، زۆرینەی خەڵکی سلێمانی و قەزاکانی لەگەڵیان نەبوون، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە نەچوونە ناویان، تەنانەت کرێکاران و فەرمانبەرانیش پەیوەست نەبوون بە خۆپیشاندانەکانەوە، پشتیوانی نێودەوڵەتی هەرێمایەتیان بەدەست نەهێناو لە لایەن دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی حکومەتی عێراقیشەوە وەڵامیان نەدرایەوە، بۆیە بوونە مەهزەلەیەک لە شۆڕشی یان شۆڕشی چەواشە !

گاڵتەجاڕیی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆنی کوردی یەکێک لە وتە گرنگەکانی هیگڵمان بیر دەهێنێتەوە کە (کارل مارکس) لە کتێبی 18ی برۆمێردا باسی دەکات :((هیگل لەجێگایەک نوسیویەتی کە تەواوی ڕووداو و کەسایەتیە گەورەکانی مێژووی جیهان دوو جار دەرئەکەون، بەڵام ئەو فەرامۆشیکردووە کە بڵێت جاری یەکەم بەشێوەی تراجیدی و جاری دووەم بەشێوەی کۆمیدی و مەسخەرە)).(11)

پ_ روناکبیرانی هەلپەرست و کارێزمایانی ترسنۆک لەڕووداوەکانی 17ی شوبات هەتا 19ی نیسان، بەشی هەرە زۆری هەواڵ و چالاکیەکان لەدەوروبەری نوسەران و (روناکبیرانی!)ڕابەری خۆپیشاندانەکان و کارێزماکان بوون، کە لە دوورەوە بەڕیمۆت کونترۆڵ خۆپیشاندان و ڕووداوەکانیان ئاڕاستە دەکرد. نوسەران و روناکبیرانی ناو ڕووداوەکانی 17ی شوبات و دواتر دوو جۆربوون، جۆری یەکەمیان ئەوانەبوون کەوایان دەزانی ئەم خۆپیشاندان و ڕووداوانە بەشێکن لە شۆڕشی تازەی وڵات، یان هەروەکو خۆیان دەیانوت و لە زانکۆی سلێمانی ڕایانگەیاند: کە ئەم بزوتنەوەیە لە

هەموو شۆڕشەکانی کوردو جوڵانەوەکانی نوێتر و باشترە (بەختیارعەلی)، بەڵام ئەمان پاش ماوەیەک تێگەیشتن کەوانییە، بێدەنگەیان لێکرد و بەرەو هەندەران چوونەوە. بەشی دووەمیان، ئەوانە بوون کە لە تەواوی وردەکاری و ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکاندا هەبوون و رۆژانە دەچونەوە بۆلای کارێزماکانیان و لەوان دەستورو ڕێنماییان وەردەگرت، پاشان لەدوای سەعات (3،2)ی نیوەڕۆ دەچونەوە بۆ خۆپیشاندان. ئەم بەشە مەبەستیان لەوەبوو کە لەو ڕووداوانەدا وەکو رابەر دەربکەون و ڕابوردووی پەیوەندی و بەهرەی جارانیان لەسەر خوانی دەسەڵاتی کوردی بسڕنەوە و ببنە بەشێک، یان سەرکردەکانی (خۆپیشاندان و شۆڕشی خەڵک !)، یان لەکاتی سەرکەوتنی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادیدا پلەو پۆستی سیاسیان بەربکەوێت.

تێڕوانینی مەبەست و ڕەخنەی روناکبیری و تیۆری لەوەدا نییە، کە نوسەران و ڕوناکبیران نەچنە خۆپیشاندان و بزوتنەوەکانی خەڵکەوە، یان بەشێک نەبن لە سیاسەت و حیزبەکان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە، یان هەڵەنەکەن لەبەهادان و شیکردنەوەی ڕووداوەکان، بەڵکو تێڕوانینو مەبەست و ڕوانگەی روناکبیری لەوەدا لە سیاسەت جیادەکرێتەوە، بە تایبەتی سیاسەتی خاوەن بەرژەوەندی و چەواشەکاری، کە ڕوناکبیران هەمیشە دەبێت لەهەموو ڕووداوەکاندا ڕاستی و حەقیقەت بێژبن، لە بەرژەوەندی خەڵک و بەتایبەتی لە بەرژەوەندی ئەوانەی کەمینبەریان نییە، پەراویزکراو و چەوساوەن، یان لە بەرژەوەندی ئەوانەدا کار بکەن و ڕاستیەکان بخەنەڕوو کە لەلایەنە سیاسیەکان چەواشەیان دەکەن، بەڵام ڕوناکبیرانی ناو 17ی شوبات کەناوبانگی زۆرو زەوەندییان پەیداکرد، بەتەواوی بوونە بەشێک لەسیاسەتی چەواشەکاری ئۆپۆزسیۆن تەنانەت ئەوانیش کە هەتا ئێستا بەناوی عەلمانی خۆیان ناساندبوو، لەگەڵ مەلا جیهادییەکانی کۆمەڵ و

یەکگرتوو اللەاکبر یان دەوتەوە، دورست بوونە بەشێک لەسەنگەری ئەوان. سەرئەنجام تەواوی ئەم نوسەر و بەناو ڕوناکبیرانە کەوتنە ناو شکستی وەهم و خەیاڵەکانی خۆیان و بوونە بەشێک لە کۆمیدیا و مەسخەرەی سیاسی و(ڕوناکبیری !).

هەر لەو سەردەمەدا بەشێکی زۆر لە هەواڵ و ڕووداوەکـان لە میدیا و بارەگای هەرسێ حیزبی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە دەوری هەرسێ ڕابەرو کارێزمای (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) دروست دەبوون. لە زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی هەر لە بزوتنەوەی سەوزی ئێرانەوە، هەتا شۆڕشەکانی تونس و میسر هەتا خۆپیشاندان و ڕاپەرینەکانی یەمەن و لیبیا ڕابەران و بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆن، بەردەوام یان ماوەماوە لەمەیدانەکانی خۆپیشاندان بوون و لەناوجەماوەری خۆیاندا بوون، بەڵام کارێزما و بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان و ئیسلامی سیاسی بۆ تەنها جارێکیش نەچوونە ناو خۆپیشاندان و ڕووداوەکان، ئەم مەسەلەیە یان ترسنۆکی بوو یان بێ باوەڕی بوو، بەرامبەر بەو ڕووداوانـەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ دروستیانکرد بوو، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی شەوەکان لە کەناڵەکانیانەوە دروشم و قسەو باسی ئاگرین و حەماسیان بۆ لایەنگران و هەڵسوڕاوانییان دەدا بۆخۆشکردنی تینی خۆپیشاندان و گەرم کردنەوەی ئاگری ئاشوبەکانیان.

لەبەرامبەردا و لەدژی ئەمان هەرسێ سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەچوونە ناو ڕێپێوان و بۆنەکانی ڕاپەرین و نەورۆز و بەسەرکردنەوەی کۆبوونەوە و ئاپۆرەی خەڵک. ئەو سێ سەرۆکە لەبەرپرسانی ئۆپۆزسیۆن و بەناو کارێزماکانیان ئازاتر و بەرپرس تر بوون، بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی خەڵک و هەلومەرجی خۆپیشاندانەکان.

سەرانی ئۆپۆزسیۆن و تایبەتی سەرۆکەکانیان لەسەردەمی 17ی

شوباتْ و دواتــردا، هەر بـەوە نەوەستان کە خۆپیشاندان سازبکەن، بەڵکو زۆرجار دەیانوتْ کە دروشمەکانی خۆپیشاندان داواکاری چاکسازی تێپەڕاندووە و ئێستا دەبێتْ حکومەتْ و دەسەڵاتْ بڕواتْ و هەتا ئەم دەسەڵاتە مابێتْ کوردستان هەر بە((گەندەڵستان)) دەمێنێتەوە.

بۆباشتر شارەزابوون لە کاریگەری و نەخشی کارێزما و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەشۆڕشەکاندا، چاکتروایە تیۆرەکانی شۆڕش و ئەو ڕێبازانە بەسەر بکەینەوە کە لە سەردەمەکانی رابردوو، یان شێوەکانی شۆڕشیان سازداوە، یان تیۆرەکانی شۆڕشیان فۆرمۆلە کردووە:

(1)تیۆری خەباتی چینایەتی بۆ شۆڕش.

(2)تیۆری ڕیالیزمی سیاسی و گۆڕینی دەسەڵاتْ.

(3)تیۆری هاوپشتی کۆمەڵایەتی.

(4)تیۆری ئاگەرایی و دەروون ناسی.

(5)تیۆری کارێزما و بزاڤی کۆمەڵایەتی. (12)

تێڕوانینو تیۆری کۆمەڵناسیی نـاوداری ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر) دەربارەی سێ سەرچاوەکەی ڕەوایی و هەژمونی سیاسی(نەریتْ، یاسا و کارێزما) پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە باسەکانی ئەو دەربارەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. دەسەڵاتْ و هەژموونی نەریتی و بەجێماو لە ڕابوردوو دەبێتە بنەما بۆ هەلومەرجی هاوتای کۆمەڵایەتی، یان دەستْ نەبردن بۆگۆڕینی هەلومەرجەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

بەڵام دوو هێزو هەژمونەکەی دیکە دەیانەوێتْ کە ئەم هەلومەرجە هاوتاو دەستْ لێنەدراوە بهەژێنن، یەکێکیان هێزی عەقڵانیەتە و ئەوی دیکەیان هێزی کارێزما، بەبڕوای وێبەر ((عەقڵانیەتْ دەتوانێ هێزی شۆڕشگێڕانەی پلە یەک بێتْ لەدژی دەسەڵاتی نەریتْ و کۆن، هەتا ئێستاش هەروا

بووە و هێزی عەقڵانیەت یەکەمجار دەتوانێ ژینگەی کۆمەڵایەتی بگۆڕێ، پاشان ئاڵوگۆڕی جیهانبینی خەڵکیش))، بەڵام کارێزماکان بە پێچەوانەوە سەرەتا ڕژێم و ڕەوش و دەسەڵاتەکان هەڵدەگێڕنەوە، لە سەرەتای کاردا ژیانی دەروونی تاکەکان دەگۆڕن و دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە جازبییەت و کۆنترۆڵ و پەیڕەوی خۆیان لەناو خەڵکدا زیاد بکەن. بەم مانایە کارێزما هێزی گەورە و داهێنەری سەرەکی بوون لە ئاڵوگۆڕی مێژووی جیهاندا کە مەرج نییە، ئەو ئاڵوگۆڕە بەرەو ژیان و هەلومەرجی باشتر بێت. زاراوەی (کارێزما) لەلایەن (ڕۆدۆلف سۆهم) مێژوونوسی ئاینی ئەڵمانی لە باس و وەسفی ڕابەرانی ئیلهام وەرگرتوو لە خوداوەند بەکارهاتووە، بەڵام ماکس ڤێبەر بۆ مانای نا ئایینیش بەکاریدەهێنێ، بە بڕوای ئەو ((زاراوەی کارێزما سەبارەت بە بەشێکی تایبەتی لە کەسایەتی تاک بەکاردێت، کە بەو پێیە لە مرۆڤە ئاساییەکان جیادەبنەوە و خاوەن تایبەتمەندی سەرو سروشتی، سەرو مرۆڤایەتی، یان لانیکەم نا ئاسایی و دەگمەن دەناسرێن)). وێبەر شێوەی جیاواز لە کەسایەتی کارێزمایی باس دەکات وەکو پەیامبەران، فریاد ڕەسان، قارەمانان و گیانبازان و لەلای هەموو ئەمانە پرانسیپی کارێزما دەبێتە ئەوەی کە ئەم کەسایەتیانە نائاسایین و پەیڕەوان و سەرسپاردەکانیان بڕوایان بە کەسایەتی لە ڕادەبەری مەزنی ئەم ڕابەرانە هەیە. سەر ئەنجام بەبێ پەیڕەوی و سەرسپاردنی دڵخوازانە و ئازادی لایەنگران کارێزما بوونی نابێت(13)

لەم زەمینەیەدا کارێزما دەبێتە پەیوەندییەکی دەروونی لەنێوان پەیڕەوان و ڕابـەردا و ڕابەری کارێزماییش تەنها بەشێوەی بزوتنەوەی کارێزمایی ئاشکرا دەبێت. ڕابـەری کارێزمایی تەنها ڕابەرێک نییە، کە بە خاتری تایبەتمەندییە نائاسایی و مەزنەکانی دەبێتە زەمینەی ستایش

و پەیڕەوی ئازاد و دڵخوازنەی خەڵک، بەڵکو کەسێکە کە هەمان ئەو تایبەتمەندیانەش لە ڕەهەندی بانگەوازی خەڵک بۆ پەیوەست بوون بە بزوتنەوەی گۆڕان و ڕابەرایەتی ئەم بزوتنەوەیە ئاشکرا دەکات. مەبەست لە بزوتنەوەی گۆڕان، بێگومان گۆڕانی گردی زەرگەتە نییە لە سلێمانی، بەڵکو بزوتنەوەکانی گۆڕانە لە جیهان، کە گۆڕانی لای خۆمان لەوان نین.

ڕابەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان لە دروستکردنی ڕووداوەکانی 17ی شوبات و دواتردا، دەیانویست یان ببنە کارێزماکانی ئەم سەردەمە، یان دەیانویست هەلومەرجی کارێزمایی خۆیان تاقی بکەنەوە، بەڵام لەبەر سێ هۆکاری گرنگ بە تەواوی ئەو شانسەیان لە دەست خۆیاندا، یان وەکو کورد دەڵێت ئەو باوکەیان مرد.

هۆکاری یەکەم: نەزانی و ناشارەزایی لە ناسین و بەهەند وەرنەگرتنی هەلومەرجی گشتی خەڵک بۆ وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئەوان بۆ خۆپیشاندانی فراوان و سەرتاسەری و سەر ئەنجام گۆڕانی حکومەت و دەسەڵاتەکان لە کوردستان. دووەم: ئەوە بوو کەخۆشیان هێندە ئازاو جەربەزە نەبوون لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکـان و بەهێزکردنی خۆپیشاندانەکان، تەنانەت دڕندۆگی و پەشیمانیش لە دیمانەو قسەکانیان لە نێوان ڕۆژانی ڕووداوەکاندا دەبینرا. ئەوان نەک ئازا نەبوون، وەکو تایبەتمەندی نائاسایی کارێزماکان، بەڵکو زۆریش ترسنۆک بوون. بەشێک لە هەواڵەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە تەواوی بەرپرس و کارێزماکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیان دەشـاردەوە، یان جێگای ژیان و مانەوەیان چەند جار گۆڕی! سێیەم : بڕوا نەبوونی ئەو بەناو کارێزمایانە بوو بەبزاڤی جەماوەری و هێزی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕان و نوێکردنەوەی هەلومەرجەکان. تەواوی بزاڤی سیاسی و پارت و لایەنە سیاسیەکان لە کوردستان لەم پرسەدا زۆر لە دواوەن و ئەوان

هێندە خەڵکیان دەوێت و باس لە بزوتنەوەی خەڵک دەکەن، کە بەشێک یان یەدەکێک بێت لە هێزی پشتیوانی و پاشکۆی ئەوان. ئۆپۆزیسیۆنی بەناو گۆڕان و بەڕاستی ئیسلامی سیاسیش لەم زەمینەیەدا نەک نەگۆڕاون، بەڵکو هەمان دیگای کۆن و نەریتی سیاسەتی کوردییان هەیە، واتە سەبارەت بە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی خەڵک، نەک عەقڵانی و کاریزمایی نین، بەڵکو نەریتی و دواکەوتوون.

## ت- ئۆپۆزیسیۆنی فاشیست و کۆنەپەرست

(لە خەوتنی عەقڵەکاندا، دێوەکان بێدار دەبن) گوایە لە خەوتنی عەقڵی دەسەڵاتی کوردی و کۆمەڵی مەدەنی و میدیاو ڕوناکبیرانی کورد، سەبارەت بە کێشەکانی دیموکراسیی دیفاکتۆ لە هەرێم، چەند جارێک دێوەکان یان دڕندەکان بێدار دەبوونەوە و کۆمەڵگای کوردییان بەرەو کارەسات و مەرگەسات بردووە. شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی، شەڕی ئیسلامی سیاسی، جیهادی، تەکفیری و سەرئەنجامی شۆڕشی چەواشە و ئاشوبی 17ی شوبات و دواتر، ئەو دڕندە و دێوانەبوون کە لە سەردەمەکانی خۆیاندا تەواوی هەلومەرجی کۆمەڵیان بەرەو مەرگەسات برد.

ڕووداوەکانی 17ی شوبات و دواتر وەکو زەمینەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی دەشێت سێ ئەنجام، یان سێ دیاردەی شایانی باس و بیرکردنەوەی لێ پەیدابێت. یەکەم: هەلومەرجی داواکاری و ئامادەیی خەڵک بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادی و دادپەروەری لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، کرایە بارمتەی سیاسەتەکانیان، یان بە لاڕێدا برا بۆ مەرام و بەرنامەی سیاسیان. دووەم: ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان و ئیسلامی سیاسی، کە هەتا ئەو کاتە بە ناوی یاسا و دیموکراسی و ماف و ئازادییەوە قسەو

کاریاندەکرد، لە یەکەم هەلی گونجاودا بۆ کۆکردنەوەی هێز و پەیدابوونی هەندێک هێزی جەماوەری سەر بەوان ماهیەتی دژی ئازادی و دیموکراسییان ئاشکرابوو، لەو ساتانە بەدواوە کەوتنە دەرخستنی ماهیەتی هەژمونخوازی و دەسەڵات پەرستی، یان ویستن و بە دەستهێنانی دەسەڵات بوو بە هەر نرخێک، بۆ ئەمەش کارو کردەوەیان لە زەمینەکانی توندوتیژی و نەهێشتنی ئازادی و تەکفیر و سڕینەوەی بەرامبەرەکان، تەنانەت پەلاماردانیش دا بوو. ئەم ڕووداوانە ماهیەتی تۆتالیتاری هەردوو باڵی گۆڕان و ئیسلامی سیاسی دەرخست، لەهەمانکاتیشدا ناوەڕۆکی فاشیستی سیاسەتی گۆڕان و ناوەڕکی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی هەتا ڕادەی جیهاد و تەکفیر دەرخست.

ئەم ڕووداوانە سەلماندییان کە بانگەوازی میانڕەوی ئیسلامی سیاسی و ماف و ئازادی خوازی گۆڕان تەنها فریو و سیاسەتی دیماگۆجی بوو. سێیەم، ڕووداوەکانی 17ی شوبات و پەلاماردان و هێرشبردنی هەندێک لە ئەندامان و هەڵسوڕاوانی دارلاسنیک بە دەست و بەردهاوێژ و چەقۆکێش و چەک بە دەستی دەمامک کراو ئەو ڕاستییان سەلماند، یان ئەو تایبەتمەندی و دیاردەیان دیسان ئاشکرا کرد کە کەسایەتی و تاکی ناو کۆمەڵگای نەریتی و هێزخواز و دواکەوتوو، یان تاکەکانی کۆمەڵی دیموکراسیی دیفاکنۆ هێشتا تاک و کەسایەتی کۆن و نەریتی و هەژمونخوازو هێز پەرستن. ئەوانەی کە تا دوێنێ وەکو قوربانی خۆیان دەنواند لەو ڕووداوانەدا بوونە جەللاد و کارەکتەری دژی ماف و ئازادی ئەوانی دیکە. ئەم هەلومەرجەی قوربانی دوێنێ و جەللادی ئەمڕۆ لەناو تاکی کوردیدا هەمان تیۆری قوتابخانەی فرانکفۆرتمان بیر دەهێنێتەوە، دەربارەی کە سایەتی ((هەژمونخواز)) لە کۆمەڵگای ئەڵمانی نازیزمدا، کە لەلایەن تیۆدۆرۆ ئادۆرنۆ دانرابوو. (14)

غافڵگیر کردنی خەڵک و سواربوونی شەپۆلی داواکاری و ناڕەزایی

خەڵک بەبێ ئەوەی لەم زەمینەیەدا خەڵک دیگایەک یان نەخشێکیان هەبێت، بوونی ماهیەتی تۆتالیتاری و فاشیستی و توندڕەوی و کۆنەپەرستی داپۆشراو لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، لەگەڵ کەسایەتی تاک ڕەهەند و دیاردەی کۆمەڵایەتی هەژموون خواز و هێز پەرست ئەو زەمینانە بوون، کە ماهیەتی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن و هەڵسوڕاوان و خۆپیشاندانەکەیان بە ئاشکرا دەربکەوێ. من تا ئێستا چەند جارێک وشەکانی فاشیست و تۆتالیتارو توندڕەو و کۆنەپەرستم بۆ وەسفی ئۆپۆزیسۆنی کوردی باسکردووە، بۆ سەلماندنی ئەم زاراوانە لە وەسفی ئەواندا چاکتروایە شیکردنەوەی ئەم پرسانە بکەم، لەگەڵ پەیوەندی بەو حیزب و هێزە سیاسیانەوە.

## زەمینەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم وکۆنەپەرستی

کۆمەڵناسانی سیاسی بڕوایانوایە ((لەو جێگایەی کە باس و شیکردنەوەی ڕەفتاری واقعی و ڕاستەقینەی حیزبەکان کە بەدەسەڵات دەگەن، پێویستی بە ناسینی گرنگیی کارکردی ئەوان هەیە، بەڵام پایگای کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی بزوتنەوەکان لە شێوەی فۆڕمی واقعی ئەواندا دەبێتە شوێنی باس و لێکۆڵینەوە)). (15) واتە پێش ئەوەی بە دەسەڵات بگەن!

هەروەها زانستی کۆمەڵناسی سیاسی لە باسی سەرهەڵدانی فاشیزم و توندڕەوی سیاسی و بزوتنەوە تۆتالیتارەکاندا بڕوایوایە کە ((بەشێوەی گشتی پاش یەک سەردەمی کورتخایان لە دیموکراسیی لاواز و هەوڵدان بۆ نوێسازی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و پیشەسازیکردنی، بزوتنەوەی ڕاستڕەوی کارا یان جۆرێک لە ڕادیکالیزمی ڕاسنگەرا پەیدا دەبێ کە لە مێژوودا بە فاشیزم ناسراون)). (16)

((لە زەمینەو ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، لە سەر بناغەی زۆربەی ئەو

تیۆرانەی کە دەربارەی پەیدابوونی فاشیزم خراونەتەڕوو، ئەم بزاڤانە لەو کۆمەڵگایانە پەیدا دەبن کە گەواهی ڕەوەندی فراوانی پاشەکشەی هاوپشتی نەریتی و جەماوەری بوون.))

فاشیزم بە پێی وەسف و زاراوە جیاوازەکان کاردانەوەیە بەرامبەر بە ڕەوەندی نوێسازی و پیشەسازیکردنی وڵات، لە نێوان ئەو خەڵک و گروپانەدا سەرسامی و پەیڕەوی پەیدا دەکات، کە دوو چاری هەلومەرجی پاشەکشەو لێکدابڕانی ئابوری و کۆمەڵایەتین. لە ناو ئەم هەلومەرجەدا تاکەکان لە باری دەروونیەوە هەستی ئارامی و ئاسایشی خۆیان لە دەست دەدەن، بۆ سارێژکردنی ئاسایشی لە دەست چوو پەنا بۆ داوێنی دەسەڵات دەبەن. لەم ڕوانگەوە بزوتنەوەکانی کۆکردنەوەی جەماوەر و ڕابەرایەتی و ئایدیۆلۆژی تۆتالیتار سەرسامی و لایەنگیری پەیدا دەکـەن. بزوتنەوەی فاشیستی لە تێڕوانینی دەروون شیکاریدا لە سەر بناغەی کەسایەتی هەژمونخواز دادەمـەزرێ، کە هەم دەسـەڵات پەرستەو هەم ملکەچ و پەیڕەوسازە، لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان لە تاکی هەژمونخوازدا هەستێک لە ڕێزو نەمری بۆ خۆیان بەدیدەهێنن، کەسانی لاواز لە لای ئەو کەسایەتیانە نزم و پەست و حەقیر دەنوێنن)). (17)

((فاشیزم بەرجەستەبوونی توندڕەوانەی باوەڕە بەچینی ناوەندی (کۆن و نەریتی نەک چینی ناوەڕاستی نوێ) و خەڵکگەرایی (پۆپۆلیزم). ئایدیۆلۆژی ڕەسەنی چینی ناوەندی کۆن پۆپۆلیزمە)). (18)

بەشێوەی گشتی فاشیزم بەرهەمی فشارە دەروونی و ڕۆحیەکانە، کە لە سەردەمی مۆدێرنیزم بۆ تاک پەیدا دەبن، یان بەرهەمی لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی کەلێنەکانی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانە، یان بەرهەمی کۆمەڵگای جەماوەری و ئاپۆرەدارە کە هەستی ترس و

نیگەرانی و ئاسایشی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کە لە ڕەهەندی نوێسازی و بازرگانی و بەرژەوەندی خوازی کۆمەڵگا زیانیان بینیووە، لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجانەدا ئایدیۆلۆژی فاشیستی بە دڵنیابوونەوە لەسەر دەسەڵات، ناسنامەی تایبەتی، پەیڕەوی، دیسپلین، ڕابەرایەتی و کاریزما، ڕێز و مەزنایەتی نەژادی، یان هەر پەیڕەوێکی سیاسی مەبەست (لەلای خۆمان گۆڕان و ئیسلامی)، هاوپشتی لایەنگران و هەڵسوڕاوان بۆ ڕابەرایەتی و لەناو یەکدا. دەیەوێت سارێژی ئەو برینانە بکات.

بزوتنەوەی فاشیستی و کۆنەپەرستی و توندڕەوی لە هەموو وڵاتان لەو تاک و کەسانە دروستدەبن کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیدا هەستی ترس و نائاسایش دەکەن، لە بەرامبەر هەڕەشەی سەرمایەداری و مۆدێرنەدا بەرەو وێرانی و نابوودی دەچن. ئەوانە لەبەرامبەر ڕەوەندی گشتی کۆمەڵگەی مۆدێرن و دەوڵەمەندبوونی بەشێک لە کۆمەڵگەو لە بەرامبەردا وێرانیی خۆیان، کاردانەوە پیشاندەدەن. ئامانجی فاشیزم گەڕانەوەیە بۆ ژیان و هەلومەرجی پێش مۆدێرن، پێش پیشەسازی و سەرمایەداری و پێش دیموکراسی. لۆجیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فاشیزم ئەوەیە، مادام بۆ خۆمان نییە، ناهێڵین بۆ کەسی دیکە بێت!

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە وباسەکانی مارکسیستی سەبارەت بە فاشیزم و بەتایبەتی دەربارەی زەمینەکانی سەرهەڵدان و گەشەی فاشیزم، باس لەو ژینگە و زەمینانە دەکرێت، کە پەیوەندارە بە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایەداری. سەردەمێک کە سەرمایەداری بۆ چارەسەری قەیرانەکانی ئابوری و بونیادی، یان بۆ سارێژی قەیرانە کورت خایانەکانی دەسەڵاتداری، دەیەوێت سازوکاری بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کارو چالاکیەکانی ئابوری لە دەست نەدات، یان چارەسەرێکی باش و گونجاو

نادۆزێنەوە، بەرەو دەورانێک دەڕواث لە لاوازی و لە رزۆکی و هەموو پرسەکان بەرەو ڕووکەش یان ڕەوشی نمایشی دەچن، ئەگەر چی سەرمایەداری کلاسیکی ئەوروپی و ئەمەریکی لەم زەمینەیەدا هەوڵی زیادو کاری گرنگیان لە بەرژەوەندی خۆیان کـردووە، بەڵام گرنگترین هۆکاری چارەسەری سەرمایەداری بۆ ساڕێژی قەیرانەکان توندکردنەوەی ناکۆکیەکانی چینایەتی و بەهێزترکردنی زنجیرەکانی چەوسانەوەی هەژارانە لە بەرژەوەندی سەرمایە و لە ئاکامدا بەهێزبوون، یان توندبوونەوەی خەباتی چینایەتی بەرهەمهێنانە، کە هەروەکو ئەرنسث ماندلا دەڵێث: ((سەرمایەداری تەنها بە دوو هۆکار دەتوانێ کۆنتڕۆڵی ئەم سەردەم و ڕەوشە بکاث: دەوڵەتی ڕەفا یان فاشیزم)). (19)

بەم شێوەیە فاشیزم وەکو ڕێگاچارەی دەستی سەرمایەداری بۆ توندکردنەوەی سەرکوتی خەباتی چینایەتی و ڕزگارکردنی ڕژێمی سەرمایە لە قەیران دێتە کاراوە.

لە فەرهەنگ و ڕێبازی مارکسیستیدا چەند تیۆری گرنگی دیکە لە شیکردنەوەی فاشیزمدا پەیدابوون لە ناویاندا: فاشیزم وەکو ئاکامی پرانسیپی ڕابـەری کارێزمایی کە بەرجەستەبوونی پەیڕەوی جەماوەرو خەڵکە بۆ ڕەهبەران، یان ڕەوتێکی فریودانی گشتییە لە دەوری کارێزما. فاشیزم وەکو بزوتنەوەکانی توندڕەوی نەتەوەیی و نەژادی. فاشیزم وەکو بزوتنەوەی چین و توێژەکانی ناوەڕاست، یان وەکو رەوث و بەرهەمی دیکتاتۆری وتۆتالیتاریزم. فاشیزم وەکو ڕێگای نوێسازی سیاسی و گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە سەر بناغەکانی میلیتاریزم و دەسەڵاث پەیڕەوی و دیسپلین. فاشیزم وەکو بەرجەستە بوونی پەیمانی پۆپۆلیستی نێوان چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان و جەماوەر. فاشیزم وەکو دیکتاتۆری سەرمایەداری

مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی. فاشیزم وەکو بزوتنەوەی جەماوەری وپۆپۆلیستی ڕابەری کراو لەلایەن سێکناریزمەوە. فاشیزم وەکو ڕێگای نەجاتی و ڕزگارکردنی سەرمایەداری لەداڕمان و سەرئەنجام فاشیزم وەکو نیشانەو وێناکانی قەیرانی دەروونی و کەسایەتی کۆمەڵگە، یان شێوەیەک لە دەروون ناسی جەماوەری. (20)

فاشیزم لە سەردەمێکی قەیرانی ئابوری وادا، وەکو سیاسەت و دیاردەیەک هاتە مەیدانەوە کە ((قەیران و کێشەکانی ئابوری، ترسی زۆری خەڵک لە هەژاربوون و وێرانبوون. زیادبوونی ژمارەی بێکاران و زیاتر بوونی ژمارەی ئەو لاوانەی کە خوێندنی ئامادەیی و زانکۆیان تەواو کردبوو، بەڵام هەتا دەهات بێکار دەبوون. هەژاران و بێکاران باوەڕیان نەمابوو بەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی لە پەرلەمان و حکومەتدا کە بەرپرسیاربوون لە نەبوونی و بەدبەختی ئەوان. زۆرێک لە خەڵک لەو باوەڕەدا بوون کە حکومەت و پارلەمانی کۆن بەرپرسیاری یەکەمن لە هەژاری و نەداری ئەوان، یان لەوەی وڵات لە قەیران و دواکەوتوویدا ژیان بەسەر ببات. ئەم سەردەمە زەمینەکانی ئامادەبوونی جۆرێکی دیکەی لە سیاسەت و رابەری دەویست کە لە فاشیزمدا بەرجەستەبوو))(21)

زەمینەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم، یان پێشینەی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و فەرهەنگی سەرهەڵدانی فاشیزم لە وڵاتانی ئیتالیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ڕۆمانیا، دانیمارک لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجەکانی ئێستای کوردستان، یان سەردەمی دوای جەنگەکانی کەنداوی یەکەم و دووەم، جەنگی ناوخۆی نێوان هەردوو باڵی دەسەڵات و جەنگەکانی ئیسلامی سیاسی و جیهادی و تەکفیری و سەرئەنجام جەنگی سارد، یان ڕانەگەیەندراوی نێوان بزوتنەوەی

گۆڕان و دەسەڵاتی کوردی، یان بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی گشتی ئێستای هەرێمدا ئەم ڕاستیانەی خوارەوە دەسەلمێنن.

1- ناوەڕۆک و ماهیەتی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە کارکرد و کاریگەری ئەواندا بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت و کۆمەڵگان، ئێستا بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان دەرکەوتووە. کە لە سەرەتای ئەم باسەدا بە دیموکراسی دیفاکتۆ و نمایشی، یان دیموکراسیی لایەنە بە هێزەکان ناومان بردن، بەڵام ناوەڕۆک و ماهیەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە فۆرمی ئەو لایانانە (کە پاشان زیاتر باسیان دەکەم)، لە شێوە و شێوازی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە سنوردارەکەیان لە 17ی شوبات و دوو مانگی دواتردا دەرکەوت.

2- دیموکراسی لاواز ونمایشی و هەوڵەکانی نوێسازی کە تا ئێستا نە لە زەمینەکانی ئابوری و سیاسیدا، نە لە هێنانەدی سیستمێکی جێگیر و دڵنیا سەرکەتوو نەبووە. کاردانەوە بەرامبەر بەم هەلومەرجە لە لای ئۆپۆزیسیۆن بەو جۆرە کەوتەوە کە لە 17ی شوباتدا بینیمان، کە فاشیزم و کۆنەپەرستی ئیسلامی بەرهەمهێنا، یان کاریکاتۆرێکیان بۆ فاشیزمی لاواز نمایشکرد.

3- هەلومەرجی دەروونی جەماوەری تورەو تۆتالیتار و هەژمونخواز. دیارە مەبەستم ئەو خەڵکانەیە کە بەشێک بوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە هەموو کارو کردەوەکانیانەوە.

4- کاردانەوە بەرامبەر بە ترسی هەندێک لە خەڵک، لە بەرامبەر نەبوونی ئارامی و ئاسایشی ئابوری و ترس و نیگەرانی بەرامبەر هەژاری و بێکاری و وێران بوون بەرەو نەداری. لەم زەمینەیەدا دەبێت سێ باسی گرنگ لە مەیداندا بێت: یەکەم: لەدوای هەڵبژاردنی 2009/7/25 و دوای ئەوەی کە گـۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو ڕەوش و سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی حکومەتیان هەڵبژارد، بێگومان لە زۆربەی بەهرە و ئیمتیازەکانی

جارانیان بێ بەشبوون، هەروەکو چۆن ڕێژەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوە جەماوەری وپیشەییەکانیشدا بەرەو کەمی دەچوو، یان بە شێکی زۆر لە سەرکردەو کادرو هەڵسوڕاوەکانیان لە خوان و ئیمتیازی دەسەڵات بێ بەشکران، کە ئەم دۆخە هەندێک لە نوسەر و ڕوناکبیرەکانیشیانی گرتەوە. کاردانەوە بەرامبەر بەو هەلومەرجە لە دەستچووە ئەو فۆرم و شێوەیەی لە توندڕەوی ئۆپۆزیسیۆن گرتەوە بە کارێزماو سەرکردە و کادر و هەڵسوڕاوان و نوسەرانیانەوە. سیاسەتی ئەوان لەم سەردەمەدا کە لەسەر زمانی بە هێزترین سەرۆکیان ئەوبوو: مادام بۆ ئێمە نییە، ناهێڵین بۆ ئێوەش بێت!

دووەم: کاردانەوەی بەشێک لە هەژاران و بێکاران و ناڕەزایی ئەوان بەرامبەر ترس و نیگەرانیان لە ژیان، کە بێگومان مافی خۆیانە و دەبێت ئازادبن لە ڕەخنەو ناڕەزایی بەرامبەر ژیانی ناخۆش و نائومێدیاریان. بەشێک لە کاردانەوەی ئەم خەڵکە هاوکات و هاوشێوە بوو، لەگەڵ کاردانەوەی ئۆپۆزیسیۆن و تاڕادەیەک سەر پۆشێکی بۆ بەهانەو سەلماندنی خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئۆپۆزیسۆنیش هێنایەدی، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو خەڵکە بوونە هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بۆ ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام ئەم هێزە بە بەراورد لەگەڵ هێزی نەیارانی خۆپیشاندان (بەڵام ناکارا و بێدەنگ و تەنها بینەر) زۆر لاوازو سنوردار بوو. سێیەم: بەکارهێنانی خەڵک و جەماوەر بۆ هێنانەدی بەرنامەو مەرامی سیاسی، یان بونیادنانی ئۆپۆزیسیۆن بەڕەوش و هەلومەرجی جەماوەری، یان یەکلاکردنەوەی بەرنامەو حساباتی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوەوەی خۆیدا لەدژی ئەوانەی بەشێوەی سەرۆکەکان کارناکەن، یان بڕواناهێنن، لە دەرەوەی خۆیان لە دژی دەسەڵات و ئەوانەی لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ ئەوان نین، یەکێکە لە تایبەتمەندییە مێژوویی و دیارەکانی فاشیزم. هەمیشە فاشیزم هێزەکەی خەڵک و جەماوەر بووە، بەڵام بڕیار و کارەکان لە

دەستی نوخبەو سەرۆکەکاندا بووە. ((فاشیزم لە بڕواو گوتاردا خەڵک گەرایە، لە بڕیار و کاردا نوخبەگەرا)).(22)

5- قەیرانی دیموکراسی و نەبوونی سیستمی دیموکراتی: دیموکراسیی دیفاکتۆ و لاواز سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانێ، یان نایەوێت دەسەڵاتدارێتی و بەڕێوەبردنی وڵات بە سیستمێکی دەستوری و یاسایی بێت و لەو دەستور و سیستم و یاسایانەدا بنەماکانی دەسەڵاتی زۆرینەو پەرلەمانی، زەمانەتی ماف و ئازادی کەمینەکان، سیستمی ماف و ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی بکرێنە کێشە و قەیرانەکانی دەسەڵاتدارێتی، کە هەرچەند ساڵ جارێک ڕوو دەدەن چارەسەربکات. بەرچاوترین قەیرانی دەسەڵاتدارێتی لەناو دیموکراسی دیفاکتۆ، نموونەی بەرچاویش عێراق و کوردستان، ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی وڵات و حکومەت و پارلەمان و دادوەری و یاسا وەکو فۆرم یان نمایش هەن و کاردەکەن. کاردانەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ وەڵامی ئەم قەیرانانەو بەو عەقڵ و فەرهەنگە سیاسیەی کە ئەوان هەیە، بێگومان بزوتنەوەی توندڕەو هێرشبەرو هەلپەرست دروست دەکات.

6- چارەسەرنەکردنی کێشەکانی ئابوری و بەتایبەتی کێشەی هەژاری و بێکاری، ئەگەر چی هەرێم لە باری ئابوری و ژیانی خەڵک لە هەموو وڵاتانی دەوروبەری باشترە، بەڵام هێشتا هەندێک لە کوردستان بێکارن، یان هەژارن و حکومەتیش لە ماوەی حوکمڕانیدا، یان کاری نەکردووە بۆ ئەم مەبەستە، یان کاری یاسایی نەکردووە، بەڵکو زۆربەی جارەکان لە ڕێگای حیزب و بەرپرس و واسیتە و هێزەکانی جارانەوە ئەم کێشەیە چارەسەرکراوە، واتە ئەمجارەش کێشەکان وەکو دیفاکتۆ، یان لە بەرژەوەندی هێزەکانی جارانەوە چارەکراون. گەورەترین پرس و کێشە لە کوردستان، کێشەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیە لە کوردستان، بە شێکی زۆر

و بەرچاو لە لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیە گەورەکانیان بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەوە بوونەتە سەرمایەدارەکانی ئەم سەردەمە و تەواوی فەرمانی ئابوریی کوردستان لە دەستی ئەواندایە، یان شەریکن لەگەڵ سەرمایەدارانی گەورە. لەلایەکی دیکەش خەڵک یان ژیانی ئاسایی و مامناوەندی دەژین یان هەژارو بێکارن. حکومەت و دەسەڵات نەک لەم زەمینەیەدا کارناکات، بەڵکو دەیپارێزێ یان لە ڕاستیدا خۆی هەلومەرجەکەی دروستکردووە.

کاردانەوە بەرامبەر بەم هەلومەرجە لە لایەن خەڵکانی دژی هەژاری و بێکاری، یان نەیار بەرامبەر نا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ڕق و نارەزایی و توندڕەویی دەرئەکەوێ. پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیە نەیارو هەلپەرستەکان کە لە ڕاستیدا خۆیان بەشێکن لەم هەلومەرجە و بەتایبەتی سەرکردەکانیان، لەگەڵ هەلومەرجی کاردانەوە و دژایەتی هەژاری و بێکاری و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەشێوەی پەیمانی پۆپۆلیستی نێوان چین و کەسە باڵاکانی سیاسەت و ئابوری لەگەڵ خەڵک و جەماوەردا دەرئەکەوێ. کە ئەمەش یەکێکە لە زەمینە کاریگەر و تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سیاسەت و ڕەوتی کۆنەپەرستانەی فاشیزم، پۆناپارتیزم، بونیادگەرایی ئیسلامی و توندڕەویی نەتەوەیی و نەژادی.

## تایبەتمەندییەکانی فاشیزم و دەرکەوتنی فاشیزمی کوردی

1- فاشیزم و دژایەتی ئەوانی دیکەو نارۆشنی لە داواکاری:

کارل شمیت بیرمەند و تیۆریسینی سیاسی ئەڵمان لە لێکۆڵینەوەی ((چەمکی پرسی سیاسی)) (23) باسی ئەوە دەکات کە تێگەیشتنی سیاسەت بەگشتی و سیاسەتی مۆدێرن بە تایبەتی بریتییە لە چەمکی دۆست و دوژمن لە سیاسەتدا، یان جیاکردنەوەی دۆست و دوژمنە لە یەکتری و بەوپێیەش

ڕیزبەندی نێوان سیاسەتەکان پەیدا دەبێت. فاشیزم لە هەموو بیروباوەڕە سیاسیەکانی دیکە، دەتوانین ئێستا ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەتی جیهادی و تەکفیریشی بۆ زیاد بکەین، بەوە دەناسرێتەوە کە نەیارو دوژمنایەتی کام لایەن دەکات، نەک بەوەی کە بەرنامە و ڕوانگەی چییە، بۆیە ((فاشیزم وەکو ڕێبازێکی گشتی لە سیاسەتدا بە بزوتنەوە توندڕەوەکان دەوترێت، کە ڕاستڕەوێکی هەژمونخوازە (دژی سەرمایەداری گەورەیە، دژی دیموکراسییە، دژی لیبراڵیزم، دژی مۆدیرنیزم، دژی سۆسیالیزم، دژی ئانارشیزم، دژی مارکسیزم). ئامانجی فاشیزم بە سازدان و دروستکردنی ڕژێمی سیاسی و هەژمونخواز و تۆتالیتاری و میلیتاریزم بە ئاکام دەگات، لە ڕاستیدا فاشیزم زیاتر بەوە دەناسرێتەوە کە دژی چییە، نەک چی دەوێت))(24).

دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە لە کوردستان لە هەردوو لایەنی ئیسلامی و بەناو عیلمانی دروست بەو شێوەیە بوو کە ئەوان دژی چین و سیاسەتی جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن لەلای ئەوان، نەک تەنها بەرامبەر بە لایەنە سیاسیەکان و ڕەخنەگرانیان بەو شێوەیە بوو، بەڵکو ئەمەشیان پەڕاندەوە بۆ ناو میدیا، جەماوەر، پێشمەرگە، نوسەران و تەنانەت پیشەوەران و کاسبکاران.. هتد. پەیوەندی کردن بەسیاسەت و خۆپیشاندانی ئەوان بەو جۆرە وێنادەکرا کە گەڕانەوەو پەیوەندی کردن بوو بە ڕیزەکانی گەل و ئەوانەش کە لەگەڵ ئەوان نین، یان ڕەخنەگرو نەیاریانن بەکرێگیراوی دەسەڵات و حکومەتن.

هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن و بزوتنەوەی 17ی شوبات تێڕوانین و ڕووداوێکی بەرچاوی نازیەکانی ئەوروپامان بیر دەخاتەوە: ((کارل لۆگر، سەرۆکی شارەوانی ڤیەننا لە ساڵانی 1897 تا 1910، ڕستەیەکی ناوداری وتووە، پاشان نازیە ناودارەکان بەنمونە دەیان هێنایەوە: (من دیاری دەکەم

و بڕیاردەدەم کە چ کەسێک یەهوودە). ئەحزابی فاشیستی ئەوروپاش لەمەش فراوانتر ڕۆیشتن و ئەو مافەیان بە خۆیاندا بڕیاربدەن چ کەسانێک ئەندامی نەتەوەن و کێن ئەوانەی ژیان و وڵات نوێدەکەنەوە و بەڵێندەدەن ئاینده بۆ نەوەکانی دوایی دابینبکەن. ئەندامانی نەتەوە دەبێت هاوڕابن لەگەڵ فەلسەفەو ئەفسانەو بیروباوەڕەکانیان هەر کەس بەو شێوەیە نەبێت دوژمنی ئیرادەی نەتەوەیە، بە خائین دادەنرێت و لە ڕیزەکانی گەل دەکرێتە دەرەوە)).(25)

تەواوی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی سیاسی و گۆڕان بەمیدیا و ئەندام و هەڵسوڕاوانیان بەو شێوەیە، بە پشتیوانی ئەنجومەنی کاتی سەرا و خۆپیشاندانەکانیان تێروانینو هەڵوێستیان نواند. تەنانەت لەو دیگاو ڕاگەیاندنەش بێدەنگەیان لێکرد، کە باسی دیموکراسی و ئازادیی بیروڕاو یەکتر خوێندنەوە و پەسەندکردنی بەرامبەریان دەکرد و تەواوی ڕاگەیاندن و نوسین و میدیاکانیان خەریکی تەکفیرکردنی ئەوانی دیکە و تەخوینی لایەنە جیاواز و نەیارەکانیان بوون.

2- پڕانسیپی سەرۆک (ڕابـەر) و نوخبەگەرایی و دەستەگەرایی (سێکتاریزم):

هەلومەرجی (تەکفیر)، (تەخوین)، جیاکردنەوەو دابەشکردنی خەڵک بۆ دوو بەرەی دۆست و دوژمن، یان بەرەی گەل و دژە گەل، جۆرێک لە لایەنگران و پەیڕەوان و شوێنکەوتووان ساز دەکات، کە ئەو ڕێبازو بیروباوەڕە وەکو ئاین تەماشا بکەن، لە خۆپیشاندان و ئاپۆرەی جەماوەری و نوێژی سیاسیشدا ئەم باوەڕە تێکەڵاوی ئاینی کۆن و نەریتی دەبێت و تەواوی کارو کردەوەکانیان و هەڵسوکەوتەکان لە کەش و سروتی ئاینی و حەماسی و بڕوای توندڕەودا دەر ئەکەون.

((زۆرێک لە کارناسان و شارەزایانی ڕێباز و مێژووی فاشیزم وەکو (ئاینی سکۆلاری نوێ) باسیدەکەن. فاشیزم وەکو ئاین پێویستێ و نیازی بەو پەیامبەرانە هەیە، کە هەڵە ناکەن و وتەکانیان لە پایەو حوکمی یاسادایە. ئەم پەیامبەرانە هەر ئەو ڕابەرانە بوون کە فاشیزمیان دروستکرد و بەڕێوەبرد بە ناوەکانی فۆهرەر (پێشەوا)، دۆچە (زەعیم)، کادیلۆ ناسرابوون و بەچەندین شێوەو نازناو ئەفسانەکانیان بۆ سازکراوە. ئەم پیاوانە بەرجەستەبوونی زیندوکردنەوەی ئیرادەی نەتەوەو گەل بوون و بەمانای تەواوی وشەکە دەسەڵاتێ و توانای ئەوان بە نایاب و پیرۆز دادەنرا)).(26)

ڕابەرانی فاشیزم و پێشەواکانیان (کە بە پەیامبەرانی نوێ ناسێنرابوون) نیازو پێویستیان بە پەیڕەوانی باوەڕدار هەیە، بۆ ئەوەی دیگاو وتەکانی بڵاوبکەنەوەو بیکەن بە بەڵگەکانی ڕاستی و دروستی. بەهەمان شێوەی لینین کە پارتی شۆڕشگێڕانی موحتەریفی دروستکرد و ئەندامانی بە تەواوی ئامادە و سەرسپاردەی ئەو بن، ڕابەرانی حیزبە فاشیستەکان وایانکرد. ئەوانەی کە بە ئەندام و هەڵسوڕاوانی ئەو لایەنە سیاسیانە ناسراون و ئامادەی هەموو کارەکانی سەرۆک و حیزبن، وەکو نوخبەکانی ناو سیاسەتێ و میدیا و ڕوناکبیری و خۆپیشاندان دەناسرێن و بزوتنەوە جەماوەرییەکانیش لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرێن.

ئۆپۆزسیۆنی فاشیستێ و ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە سەرەتای دەسەڵاتی سنورداریان بەسەر هەندێک لە ڕەوش و شەقامی کوردی دروستێ بە شێوەی فاشیستەکانی ئەوروپا و قاعیدە و تاڵیبانەکانی ئەفغان و عەرەب هەڵوێستیان نواند و سەرکردەکانیان بە ناوەکانی سەرۆک، ئەمیر و ئەمیندار لەلای خەڵک کردە پەیامبەر و ڕابەرانی بە تەواوی ڕاستێ و دروستێ و دڵسۆزو ئازاو دەستێ و داوێن پاک. تەنانەتێ بەوەش نەوەستان نوسەران

و ڕابەرانی ڕیزی دووەم و سێهەمیشیان وا ناساند کە کەسانێکن هیچ هەڵە ناکەن و بەوپەڕی پاکی و بێگەردی و دانایی سەیریان دەکەن. پڕانسیپی کارێزما (پێشەوا) و هەڵسوڕاوانی نوخبە و دەستەگەری، یان تەواوی پڕانسیپی سێکتاریزم و باندگەرێتی لە سیفات و تایبەتمەندییە ناسراوەکانی فاشیزمن.

3- دروستکردنی ئاشوب و ئانارشی: تەواوی ڕەوتە فاشیست و نازیەکانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ڕۆمانیا، دانیمارک و بەریتانیا لە سەردەمێکی دیاریکراوی سیاسەت و بزوتنەوەکانیان، پەنایان بردوەتە بەر دروستکردنی ئاشوب و سازدانی ڕەوشی ئانارشی، یان هەروەکو خۆیان لە کوردستان دەیانوت مەبەستیان لە هێنانەدی ڕەوشی ئاشوبی داهێنەرە. هەوڵدانی ئەوان بۆ هێنانەدی هەلومەرج و ژینگەی ئانارشی و لاوازی و نەبوونی دەسەڵات و سیستم بۆ مەبەستی دروستکردنی ئاژاوە، ناڕۆشنی، بێ دەسەڵاتی و نەبوونی کۆنترۆڵە لە ژیانی گشتی وڵاتدا، بۆئەوەی لەو ژینگەیەدا فرسەت بهێنن و هاوسەنگی هێز بەلای خۆیاندا ساغ بکەنەوە.

ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بە داواکردنی هەڵوەشانەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکان دەیانوت نامانەوێ خۆمان بچینە سەر دەسەڵات، یان ببینە بەشێک لە دەسەڵات (بە پێچەوانەی فاشیستەکانی ئەوروپا و دنیا)، بەڵام مەبەستی سەرەکییان لەم داوایە، تەنها دروستکردنی هەلومەرجی بێ دەسەڵاتی و بێ نەزمی و ئانارشی بوو.

ڕاستی و حەقیقەتی ئەوان ئەوەیە کە لە ڕەوشدا ئانارشیستن، بەڵام لە مەرام و بەرنامەدا فاشیست، ئەوان ئاڕادەی پیرۆزی دەسەڵات پەرست و بەرژەوەندی و هەژمونخواز و تۆتالیتارن.

4- سازدانی بزوتنەوەی جەماوەری و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئاپۆرە: پرانسیپی ڕابەرو پێشەوای پیرۆز و بە دەسەڵات و ڕەها، کارکردن بۆ

هێنانەدی و دروستکردنی ڕێزەکانی نوخبەی سیاسی و فیکری و میدیایی، پاشان سازکردنی ڕەوشـی ئاشوب و ئانارشی تەنها بەحیزب و لایەنە سیاسیەکان ناکرێت، بەڵکو ئەم ئامانجە پێویستی بە ڕەهەندی جەماوەری هەیە و لێرەدا کارکردن لەسەر خەڵک و هێنانە سەرشەقامی خەڵک بۆ هەر بیانویەک بێت سیاسەت و پەیڕەوێک دەسازێنێ کە پێی دەوترێ ((پۆپۆلیزم)). پۆپۆلیستی بزوتنەوە فاشیستەکان لەوەدا نییە، کە ئەوان دەیانەوێ ئاسۆ و ئامانجەکانی خەڵک بهێننەدی لە ڕێگای خودی خەڵکەوە، ئەم ڕەهەندە بە تایبەتمەندی سەرەکی دیموکراسی و سۆسیالیزم دادەنرێ، بەڵکو مەبەستی ئەوان دروستکردنی ئاپۆرەیە، یان بەسیجکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی عەقڵ و زهنیان ببێتە غەریزە ولە دوای پەیامی ڕابەرانەوە بڕژێنە جادەکان.

((دیموکراسی پێویستی بە زەمینەیەک لە ئازادی و یەکسانی هەیە، ئـازادی و یەکسانیش یان لە شێوەی لیبرالیزمدا دەبـن، یان لەشێوەی سۆسیالیزم، بەڵام مۆسۆلینی و هاوکارانی بە تەحقیر و تەوهینەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم خواستانەدا دەکرد و هیتلەر و نازیەکانیش وەکو ئەوان بوون. فاشیزم لە هەوڵی بەدیهێنانی پشتیوانی جەماوەردا بوو بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ڕابەران و نەمری و شکۆکانیان دەیانویست خەڵک هەمیشە لە دەوریان بن. یەکێک لە دروشمەکانی مۆسۆلینی ئەوەبوو : باوەڕ بکەن، پەیڕەوی بکەن، جەنگ بکەن. ئەوان شتێکی دیکەیان لە خەڵک نەدەویست جگە لەمانەوە و بڕوایان وابوو کە ئەم شتانە باشترین مەسەلەن بۆ خەڵک. بۆ ئەم مەبەستە ئەوان جەماوەرییان دەویست، بەڵام دیموکراسیان نەدەویست))(27).

هیتلەر و مۆسۆلینی بڕوایان وابوو کە بەڵگە و لۆجیک شایانی بڕواو پشتیوانی نین و هەرکەس دەبێت، بۆ بوّن و هەستی خۆی بگەڕێنەوە و بڕوابهێنێ، یان بە زاراوەیەکی دیکە فاشیزم بڕوایان بە غەریزەیە، نەک بە

عەقڵا و لۆجیک، هەر بۆیە مۆسۆلینی بە یاران و پارێزگارانی خۆی دەڵێت: بە خوێنی خۆتان بیربکەنەوە. (28)

ڕەهەندی پۆپۆلیستی و جەماوەرسازیی فاشیزم و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە دنیای جەنگی جیهانی دووەم و سەردەمی ئێستاشدا، بێگومان بۆ ئەوە نییە کە لە ڕێگای خەڵکەوە ئازادی و یەکسانی بهێننەدی، کە تەنها پرس و مەبەستێک بۆ خەبات و تێکۆشانی جەماوەری دەبێت، لەم دوو ئامانجەدا بێت کە ئەمڕۆ لە دیموکراسیدا بەرجەستە دەبێت، بەڵکو مەبەستی ئەوان لەوەیە کە لایەنە غەریزی و هێرشبەر و ناهۆشیارەکانی خەڵک لە ڕەهەندی جەماوەری و ئاپۆرەییدا گەورەترو بە هێزتر بکەن، بۆ داکۆکی لە داواکاری ڕابەران و نوخبە سیاسیەکانیان لە کەش و سروتێکدا، کە دەنگە تاکەکان بۆ ئـازادی و یەکسانی و مافەکان لە ڕوانگەی تاک و کۆمەڵیشدا ون دەبن یان پێشێل دەکرێن. خۆپیشاندانی جەماوەریی و ڕەهەندەکانی ئاپۆرەیی ڕووداوەکانی 17ی شوبات و دواتر (هەروەها سەردەمی هەڵبژاردنەکانی 7/25 و 3/7 هەر بەو جۆرە بوو) لە ڕوانگەی ئەوانەی کە دەیانویست سیاسەت و مەرامی خۆیان لەو مەیدانانەدا بهێننەدی، بۆ ئەوە بوو کە دەنگەکانی ئازادی و یەکسانی نەمێنێ و قەرەباڵغی و ئاپۆرە بۆ دروشمەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەموو لۆجیک و عەقڵەکان بشارێتەوە، یان بێ دەنگیان بکات. سەر ئەنجام خۆیان بە نوێژی سیاسی و وتاری حەماسی و تەکفیری، تەنانەت جنێویش هەلومەرجێک ساز بدەن، کە تەنها وتاری بەهێزەکان و نوێنەرانی کارێزما و ڕابەران لەوێ دەنگیان دلێربێت. نمونەی بێ دەنگ کردنی نەک تەنها نەیارانیان، بەڵکو ئەوانەی کتومت وەکو خۆیان قسەیان نەدەکرد، یان پەلامارو هێرشی جەماوەری بۆیان ئەو مەبەستە بوو، کە سیاسەتی پۆپۆلیستی فاشیزم دەمێکە لە بەرنامەیدا بووە.

سیاسەتی پۆپۆلیستی بۆ هێنانەدی ڕەهەندی جەماوەریی و بێدارکردنەوەی غەریزەی رق و تۆڵەسەندنەوە دەبێتە هەلومەرجێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو ڕق و بێزارییەی، کە دەشێت سالانێک بێت پەنگی خواردبێت. لەم کەش و هەلومەرجەدا و بە وتنی وتاری حەماسی و تەکفیری و هەندێک جاریش سۆز بزوێن و غەریزەساز، بێگومان کاردانەوەی توندوتیژی و هەندێک جار پەلامار و هێرش و وێرانکردن دەبێتە ئاکام. ئەمە ئەو ڕەهەندەیە کە زۆربەی بیرمەندان و مێژوونوسان دەیخەنە بەر ڕەخنە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، تەنانەت لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە دڵخوازی خۆشیانە. هەلومەرجی بەردهاویشتن، پەلامار بۆ بارەگاو دامەزراوەکان، هێرشبردن بۆ میدیا و نوێنەرانی نەیاران لە هەلومەرجێکی وەهادا ئەو ئاکامەیە، کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەیویست، یان ئەو ئەنجامەیە کە خەڵکی بۆ کۆدەکرێتەوە لە لایەن سیاسەتی فاشیستی و کۆنەپەرستی!

5- دەروونناسی جەماوەریی فاشیزم و تیۆری فریو (دەستکاری) عەقڵەکان:

پەیڕەوی فرانکفۆرت، یان بیرمەندانی مەکتەبی فرانکفۆرت دەربارەی پرسێک هەڵوێست و لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا، دەربارەی مێژووی کۆمەڵگای ئەڵمان و لایەنەکانی ئەو پرسەیان کردە بابەتی بیرکردنەوەی خۆیان. ((ئەو پرسەش بریتی بوو لە بەرنامەو کاری فاشیزم بۆ بە کارهێنانی ئامرازەکانی فریو، بە مەبەستی دەستکاری و گۆڕینی عەقڵی خەڵک. ئەو بیرمەندانە بەم لێکۆڵینەوەیەی خۆیان دەوت ((تیۆری فریوی عەقڵەکان)). (29) خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەکانی (زیگفرید کراکر و ویلهلم رایش) تاڕادەیەکی باش توانییان ئەم تیۆرەیە بۆ دەروونناسی جەماوەریی فاشیزم لە قوتابخانەی فرانکفۆرت بەدیبهێنن.

یەکێک لە پرسیارە گرنگەکانی ئەم تیۆرەیە ئەوە بوو: بۆچی و چۆن نازیەکان، تەنانەت پێش دەسەڵاتی ترس و تۆقاندنیان، توانییان لە پشتیوانی بە هێزو فراوانی جەماوەر بەهرەمەندبن؟

یەکەمین کاری فاشیزم یان هەر سیاسەتێکی دیکەی سەرمایەداری فریوساز یان دیموکراسی دیفاکتۆ ئەوەیە، کە ئەم سیاسەتانە لە هەوڵی پەیداکردنی ڕەوشێک یان هەلومەرجێکدان کە (ڕازیکردنی غەرایزەکان)ی خەڵک لە خۆیان نیشان بدەن. هاندانی هەستی تۆڵەکردنەوە، بە خائین ناساندن و تەکفیری ئەوانەی کە لایەنگیر نین لە سیاسەتی هێزە فاشیستەکان و خستنە ئۆباڵی هەموو گەندەڵی و کەموکورتی و چەوسانەوە بۆ سەرشان و بەرپرسیارێتی هێزەکانی دیکە، یان بۆ سەرشانی هێزە دەسەڵاتدارەکان و لایەنگرانیان، لە هەمانکاتدا قەبەکردنی کێشەکان و بە زەبەللاح ناساندنی هەلومەرجی چەوسانەوە و لە توانابەدەر وا دەکات، کە کاردانەوەی خەڵک لە ڕەوش و سیاسەتی هاندانی تۆڵەکردنەوەدا، ئەو خەڵک و جەماوەرە لە دەوری لایەنی نەیار، یان ئۆپۆزیسیۆن دەربکەوێت. ئەم تیۆرەیە کە بە فریوی کەسەکان و لایەنگران دەستپێدەکات، ئامانجەکەی بۆ ئەوەیە کە تەواوی عەقڵ و زەینەکان دەستکاری بکات و بیانکاتە پەیڕەو و گوێڕایەڵی سیاسەتی مەبەست. هەوڵدان بۆ شوبهاندنی هەلومەرجی هەرێم بە تونس، میسر، یەمەن، لیبیا، واخۆنیشاندان کە تەواوی چارەسەرەکان لەوەدایە، کە خەڵک وەکو ئەو وڵاتانە لە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم هەستن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بەرپا بکەن. لە بەرامبەریشدا خۆ ناساندن و نواندن بەوەی کەتەنها ڕزگارکەر و فریاد ڕەسی جەماوەر لەوەدایە، کە ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی حکومەت دەسەڵات بگرنە دەست، یان هیچ نەبێت ئەم حکومەت و دەسەڵاتەی ئێستا نەمێنێ، بەشێکە لە گەونجاندنی خەڵک بۆ دێواندنی

دەسەڵات و فریودانی خەڵک لە دژی ئەو دەسەڵاتە. باسکردن لە ماف و ئازادییەکان و عەدالەت، ڕەخنەگرتن و تەکفیرکردنی تەواوی سیستمی حیزبی و حکومی، تەنانەت ڕەخنە گرتن و بە خائین دانانی تەواوی ئەوانەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نین، هەر لە ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی تا میدیا و نوسەران دیسان بەشێکە لەم تیۆرەیە. ڕێبازی فریو، یان دەستکاری عەقڵەکان، لەهەمانکاتدا کەڕەخنە و تەکفیرو تەخوینی بەرامبەرەکان دەکات، بەڵام خۆشیان بەهەمان پێوەر و سازوکار و سیستم و بیرکردنەوە کار دەکەن. واتا پێکهاتەی ڕابەرو ڕەوشی کاریزما و نوخبەکانیان، نەک باشترنین لەوانەی کە نەیارن، بەڵکو خراپترن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و نوسەرانیشیان هەروەکو ئەوانەی دیکە سەر بە حیزب و سەرکردە و بڕیاری سیاسین. پارلەمانتارانیان، بێگومان لەوانەی دەسەڵات باشترنین و حیزبی ئۆپۆزیسیۆن هەروەکو حیزبەکانی دەسەڵات لە ژووره تاریکەکان و تەنها لەلایەن سەرکردە کۆنەکان یان (الحرس القدیم) بڕیارەکان دەدەن: سەر ئەنجام لە گەندەڵی و بەشداریی لە کەموکورتی و نەهامەتی هەلومەرجی وڵاتیش بەهەمان ڕادەی کە ئەوان بە هۆکاری ئەو هەلومەرجەی دادەنێن، ئەو سەرکردەو هەڵسوڕاو و کادێرانەش نەک بەشداربوون، بەڵکو دەست پێشکەرو کاراش بوون. ئەم هەلومەرجە و ئەم سیاسەت و فریوە لە فەرهەنگی سیاسیدا پێیدەوترێ (دیماگۆجی) واتە بەرزکردنەوەی دروشمەکان و پیادەکردنی سیاسەت و پەیڕەوی ڕێک دژ بەو دروشمانە.

هەر لە هەمان زەمینەدا فاشیستەکان لە گوتاردا دژی سەرمایەدارییین، بەڵام لە کرداردا داکۆکیکردنە لە سەرمایەدارییەکی دڕندەترو بە هێزتر، تا دەگاتە ڕادەی سەرمایەداریی دەوڵەتی، لە زەمینەی دیموکراسیشدا کە نەیارەکانیان بە دژی دیموکراسی دەزانن، بەڵام خۆیان هەمان ماهیەتی دژی دیموکراسیان

هەیە و تەواوی دنیاو ڕەوشەکان لە سیاسەت و سێکتاریزمی خۆیانەوە دەبینن و سەرئەنجام ماهیەتی تۆتالیتاری و دژی ئازادی و یەکسانیان هەیە.

خوێنەرانی بەڕێز ئاگادارەدەکەم کە بۆچی لەسەر پرسەکانی (سەرمایەداری، دژی دیموکراسی و تۆتالیتاری) دەربارەی فاشیزمی کوردی باس و لێکۆڵینەوەم نەکردووە، چونکە ئەم ماهیەتانە ئەو کاتە لە فاشیزمدا بە ئاشکرا دەرکەوتن کە دەسەڵاتیان گرتە دەست. هیوادارم فاشیزمی کوردی دەسەڵات نەگرێتە دەست و ئەو ماهیەتانەیان دەرنەکەوێ!

**سەرچاوەکان**

1- کارل مارکس، هجدهم برومر، لوئی بناپارت، ترجمەی محمد پور هرمزان، نشر پرسش، چاپ اول، تهران 1386، ل28.

2- فرهنگ فارسی کردی، دانشگاه کردستان، بە سرپرستی ماجد مردوخ روحانی، جلد اول، ل 64.

3- حسین علی نوزری، نظریە انتقادی مکتب فرانکفورت در علوم اجتماعی و انسانی، نشر اگاه، چاپ دوم 1386، ل34.

4- ھ. س. پ. ل41.

5- کارل مارکس، 18ی برومێر، ل12.

6- بۆ زیاتر شارەزابوون لە زاراوەکانی ((ئۆپۆزیسیۆنی هەژمونخواز)) و((نیمچە ئۆپۆزیسیۆن)) بڕوانە وتاری ((ئۆپۆزیسیۆن لە سیستمی دیموکراسی و ڕژێمە هەژموونخوازەکان)) لە نووسینی د. حسین بشیریە و لە کتێبی (عقل درسیاست، نشرنگاە معاصر، چاپ اول 1386، ل ل 499- 531) و لە وەرگێڕانی ئەکرەمی میهرداد.

7- ڕستەی ((پاوانکردنی هێز و توندوتیژی ڕەوا)) شێوەی بەکارهێنانی

بیرمەند و کۆمەڵناسی ناوداری ئەڵمان ((ماکس وێبەر))ە، وەکو تایبەتمەندی هێزی دەوڵەتی مۆدێرن. بڕوانە: اتیلا اوزر، دولت در اندیشەی غرب، ترجمەی دکتر عباس باقری، نشر فرزان، چاپ اول 1386، ل 85.

8- کارل مارکس، در جامعە شناسی و فلسفەی اجتماعی، گزینش و پیشگفتار، تۆم باتامور و ماکزیمیلین روبل، ترجمەی پروێز بابایی، مۆسسە انتشارات نگاە، تهران 1389، ل 323.

9- د. حسین بشیریە، انقلاب وبسیج سیاسی، انتشارات دانشگاە تهران، چاپ دوم 1374، ل1.

10- لشک کولاکوفسکی، جریانهای اصلی در مارکسیسم، ترجمەی عباس میلانی، نشر اگاە، چاپ دوم 1385، جلد دوم، ل 59.

11- کارل مارکس، هەژدەی برۆمێر، ل 27.

12- د. حسین بشیریە، ە. س. پ. لاپەڕەکانی 23-60.

13- ە. س. پ. ل 58 - 59.

14- حسین علی نوژری، نظریەی انتقادی مکتب فرانکفورت، ل 233.

15- رابرت دوز و سیمور مارتین لیپست، جامعە شناسی سیاسی، ترجمەی دکتر محمد حسین فرجاد، انتشارات توس، چاپ اول 1371، ل 137.

16- د. حسین بشیریە، اموزش دانش سیاسی (مبانی علم سیاست نزری وتاسیسی)، چاپ ششم، دانشگاە تهران، 1385، ل149.

-17 د. حسین بشیریە، جامعە شناسی سیاسی (نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی)، نشرنی، چاپ نهم 1382، ل 315.

18- رابرت دوز وسیمۆر مارتین لیپست، ە. س. پ، ل 141

19- ارنست مندل، علم اقتصاد: نظریە اقتصادی مارکسیستی، ترجمەی هوشنگ وزیری، انتشارات خوارزمی، تهران 1359، ص 588.

20- حسين على نوژرى، مكتب فرانكفورت، ل ل 98-99.

21- دايره المعارف ناسيوناليزم، زير نظر الكساندرو ماتيل، جلد دوم، كتابخانەى تخصصى وزارت امور خارجه، تهران 1383، ل 678.

22- دايره المعارف دموكراسى، زيرنظر سيمور مارتين ليپست، جلد دوم، كتابخانەى تخصصى وزارت امور خارجه، تهران 1383، ل 982.

23- جورجيو اگامبن، كارل اشميت، والتر بنيامين...، قانون و خشونت، گزينش و ويرايش، مراد فرهاد پور، اميد مهرگان، صالح نجفى، نشر رخداد، چاپ اول 1387، ل 97.

24- د. حسين بشيريه، جامعه شناسى سياسى، ل 315.

25- دايره المعارف ناسيوناليزم، جلد دوم، ل 679.

26- ە. س. پ. ل. 679.

27- ترنس بال، ڕيچارد داگر، ايده لوژيهاى سياسى و ايدەالهاى دمكراتيک، برگردان، دكتر رۆيا منتقمى، انتشارات پيک بهار، چاپ اول 1384، ل 262.

28- ە. س. پ. ل262.

29-حسين على نوزرى، مكتب فرانكفورت، ل109.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |